ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٦٨ ▌ چوارشەممە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٨ _ ١٩ی فێوریەی ٢٠٢٠

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەستی پێکرد

کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەژێر ناوی «خۆڕاگریمان لە خەبات ڕەمزی سەرکەوتنمانە» بەبەشداریی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی یەکیەتیی ژنان بۆ کۆنگرە دەستی پێکرد. ئەم کۆنگرەیە بڕیارە لە ماوەی دوو ڕۆژدا کار و بەرنامەکانی بباتە پێشێ.

ئەم کۆنگرەیە دوای مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات بەڕێوە دەچێ کە لەودا سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان شەهید بوو.

کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی ژنان بە بەشداریی نوێنەرانی ئەم ڕێکخراوەیە لە کوردستان و دەرەوەی وڵات دەگیرێ و دروشمی ستراتیژیی کۆنگرە بریتییە لە: «تێکۆشان بۆ مافەکانی ژنان و خواستە سینفییەکانی تر باشترین بەستێن بۆ بەجەماوەری کردنی خەباتی نەتەوایەتییە.» لەم کۆنگرەیەدا خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی پێشکێش کرد و دوای کردنەوەی کۆنگرە لەلایەن خاتوو خەدیجە مەعزووری؛ ڕاپۆرتی سیاسیی یەکیەتیی ژنان لەلایەن شلێر مەحموودی، سکرتێری ئەم ڕێکخراوەیە خوێندرایەوە.



# بڕیار و هەڵوێستی خەڵکی کوردستان «نا»یەکی دی دەبێ بە کۆماری ئیسلامی




◆ سەروتار

## بێهیوایی ڕووحانی، سەرۆکی دەوڵەتی ئومێد

کەماڵ کەریمی

٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ یادی ٤١ ساڵەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی حەمەڕەزاشا بوو. لەگەڵ ئەوەی هەموو ساڵێک خەڵکی ئێران یادی ئەم ڕۆژەیان بەرز نرخاندوە، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیش هەوڵیان داوە کە ئەم هەست و هەڵوێستەی خەڵک بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوە و بە ئیعتباری ڕێژیمەکەیانی دابنێن. هەرچەند هەر ساڵێک کە تێدەپەڕی ڕێژەی بەشداریکردنی خەڵک لە ڕێوڕەسمەکان کەم دەبۆوە، ڕێژیمیش بەو ڕادە هەوڵی گەورەکردنەوەی دەدا و بە بەشداریی میلیۆنی ناو دەبرد. بەڵام ئەمساڵ بە دوای خۆپیشاندانی بەربڵاوی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە چنگ ستەمکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرانسەری ئێراندا و سەرکوتی خوێناوی ئەم ڕاپەڕینە لە مانگی خەزەڵوەردا لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، سەرەڕای هەوڵ و داواکاری و پاڕانەوەیەکی زۆر لە لایەن ڕێبەرانی ڕێژیمەوە خەڵک خۆی لەم بەشداری کردنە ساڵانەیە بوارد و بەم جۆرە ڕیزی خۆیان لە دەسەڵات و دەستوپێوەندەکانیان جیا کردەوە و هۆکارەکەشی ڕوونە. ئێستا خەڵک نایانەوێ دەسکەوتەکانی ئەوان لە شۆڕشدا بە ناوی ڕێژیمەوە تەواو بێ و تەنانەت شانازیی ئەم دەسکەوتە لەگەڵ ئەو کەسانەی لە سەرکەوتنی شۆڕشدا تەنیا بیریان لە دەسەڵات کردوەتەوە...

درێژەی بابەت لە لاپەڕەی ٢

## خالید عەزیزی: ئێرانی داهاتوو دەبێ لەسەر بنەمای سازان و تەوافوق دروست بکرێتەوە



ڕۆژی شەممە، ١٩ی ڕێبەندان لە شاری «ستۆکهۆڵم»ی پێتەختی سوئید، حیزبەکانی پێکهێنەری شوڕای دیموکراسیخوازانی ئێران کۆنفرانسی سێهەمی خۆیان بەڕێوە برد.

لەم کۆنفرانسەدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە خودی ئۆپۆزیسیۆن بوون ناتوانێ لە ئەرکی سەر شانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان کەم بکاتەوە، چونکی زۆرینەی خەڵکی ئێران ئێستا لە بەرەی دژبەری کۆماری ئیسلامی دان، هەر بۆیە پێویستە حیزبە سیاسییەکان لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆن بوون تێپەڕن و بیر لە بوون بە ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی بکەنەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا ڕایگەیاند بەشداریی چالاکانەی گەلانی ئێران لە سیستمی ئیداریی ئەم وڵاتە، یارمەتیدەری بەرەوپێشچوونی وڵات لە ڕووی سیاسی، ئابووری، ئەمنیەتی و کۆمەڵایەتییە و، ئەوەی کە خەڵک لە دابەشبوونی ئێران دەترسێنێ؛ سیاسەتێکە بۆ ئەوەی حاشای لە نەتەوە بندەستەکان بکا و، دەبێ وەکوو فاکتۆرێکی گرینگی گەیشتن بە دێموکراسی سەیری گەلانی ئێران و بەتایبەت گەلی کورد بکرێ.

بەڕێزیان لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا باسی لە سێ فاکتۆری سەرەکیی دابینکەری دێموکراسی لە داهاتووی ئێراندا کرد، کە بریتی بوون لە؛ یەکەم: سازان و تەوافوق، دووهەم: بە چاوی دەرفەت سەیری گەلان و کەمینەکانی ئێران بکرێ و، سێهەم: لەمپەر دروست نەکردن لەبەردەم گەیشتن بە مافی گەلی کورد لە داهاتوودا، لە بەر ئەوەی ئەگەری هەیە هەڵوێستی پەرچەکردارانەی لێ بکەوێتەوە.

(دەقی قسەکانی کاک خالید عەزیزی لە لاپەڕەی ٢دا بڵاو کراوتەوە.)

نەخشی کاریگەری دوکتور قاسملوو لە بووژاندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا
م. عەبدوڵڵا حەسەنزادە
(٣)

ژنان و پتر لە چل ساڵ دەسەڵاتی دژەژنی کۆماری ئیسلامیی ئێران
شەونم هەمزەیی
(٤)

ئەگەر ڕاپەڕینەکەی ٥٧ ئیسلامی بوو، بەڵام لە کوردستان لەسەر بنەمای ماف و ویستی نەتەوەیی بوو
د. سمایل بازیار
(٨ و ٩)

پێناسەی شۆڕش و چۆنیەتیی دروستبوونی
شاهۆ مەتین
(١٠)

زمانی دایکی هەرهەمووی لە خاڵیگەی دایکەوە دەست پێدەکا!
عەلی فەتحی
(١١)

◆ درێژەی سەروتار

## بێهیوایی ڕووحانی، سەرۆکی دەوڵەتی ئومێد

٠٠٠بەش بکەن. هەرچەند سەرۆککۆمار گەورەیی کرد و لە وتەیەکیدا بەم جۆرە لە ڕادەی ئازادی خەڵک دوا کە "خەڵک ئازادن بێنە سەر شەقام و پشتگیری شۆڕشەکەیان بکەن"، بەڵام تەنیا دەستوپێوەندەکانی خۆیان لەو ئازادییەی سەرۆک کەڵکیان وەرگرت و لە دەوریان کۆبوونەوە.

دیارە یادی ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ بە دوو هۆکاری تایبەت هەم بۆ ڕێژیم و هەم بۆ خەڵک لەگەڵ ساڵانی پێشوو جیاوازی هەبوو. یەکەم خۆپیشاندانەکانی ئەم ساڵ و سەرکوتی بێبەزەییانە و جینایەتکارانەی خەڵک و کوشتن و بریندارکردنی هەزاران کەس لە سەر شەقامی شارەکانی ئێران دابڕانێکی یەکجاریی وەهای لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا دروست کرد کە خەڵکی ئێران ئامادە نەبوون هاوبەشی دەربڕینی خۆشیی ڕۆژی شۆڕش لەگەڵ حکوومەتییەکان بن، دووهەم نزیکبوونی ئەم یادە لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی کە دەسەڵات مەبەستی بوو لەم یادە بۆ هاندانی خەڵک بۆ چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان کەڵک وەرگرن. دیارە بە پێچەوانەی هەوڵەکانی ڕێژیم خەڵک بە دەم بانگەوازی بکوژەکانی هاووڵاتیانیانەوە نەچوون و ئەمەش ئەو پەیامە دەدا کە بەو جۆرەی ڕێژیم چاوەڕوانە بازاڕی هەڵبژاردنیان بۆ گەرم ناکرێ و خراپتر لەوەش بە قسەی سەرۆککۆمار ئاغای ڕووحانی بێ، دەبێ چاوەڕوانی ڕووداوی مژدەبەخشی ئینقلاب بین.

ئەگەر سەرنج بدەینە وتەکانی حەسەنی ڕووحانی کە لە ڕێوڕەسمی تاران و لە نێو ژمارەیەکی زۆر کەمتری خەڵک لەوەی چاوەڕوانییان هەبوو قسەی دەکرد، بێهیوایی و ترس نەتەنیا لە وەزعی خۆی و دەوڵەتەکەی، بەڵکوو لە داهاتووی نیزامەکەشیان بە هەموو قسەکانیەوە دیار بوو. ڕووحانی لە کاتێکدا داوای بەشداری هەڵبژاردن لە خەڵک دەکا کە بە هۆی شووڕای نیگەهبانەوە سەڵاحییەتی زۆرترین کاندیدەکانی ئیسڵاحتەڵەب و نیزیک لە خۆی ڕەد کراوەتەوە، هەر بۆیە پێشتریش گوتوویەتی "دەترسێ ئینتخابات ببێ بە تەشریفات" و ئەوە بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی نەتەوەیی دەزانێ. زیاتر لەوەش ڕەدی سەڵاحییەتی دەیان کەس لە نوێنەرانی مەجلیسی دەیەم کە ئێستاش لە مەجلیسدان گاڵتەجاڕییەکە کە ڕووحانی ناتوانێ پاساوی بۆ بێنێتەوە. بەڵام لە هەموو سەرنجڕاکێشتر دانپێدانانی ناوبراو بوو بە نەبوونی هەڵبژاردنی ئازاد لە هەڵبژاردنە فەرمایشییەکەی نیزامەکەیدا کاتێ دەڵێ، " ئەگەر ڕێژیمی پێشوو ڕێگەی هەڵبژاردنیی ئازادیان بە خەڵک بدایە پێویستیی بە ئینقلاب نەدەکرد". حەسەنی ڕووحانی بەم وتەیەی دەیەوێ هەم گلە و گازەندەی خۆی لە ڕێبەر دەرببڕێ کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی " نظارت استصوابی" و بە لادانی زۆربەی بەربژێرەکان لە کێبەرکێی هەڵبژاردندا و بە تایبەت ئیسڵاح تەڵەبە حکوومەتییەکان و کەسە نیزیکەکانی خۆی، ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادیان لەو لایەنانە کە بە بیری جیاوازەوە پاڵپشتی ڕێژیم بوون، بەستووە و هەم مەترسی بەرپابوونی ئینقلاب لە ئێراندا بە هۆی دووڕاگرتنی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووسیان و بەربەستکردنی ئازادیی، بە گوێی ڕێبەردا بدا. ڕووحانی باش دەزانێ ئەو ئازادییەی ئێستا بۆ سەرکوت و گرتن و پڕکردنی سندووقەکانی دەنگدان بۆ لایەنگرانی نیزامەکەیان هەیە لە ڕێژیمی پێشووشدا هەر بەو ڕادەیە هەبوو. کەوابوو جیاوازییەک لە نێوان شا و ڕێبەر و یاسا ئیستیبدادییەکانیاندا نییە و دەردەکەوێ زۆرتر گلەیی ئەو لە ڕادانی لایەنگرانی خۆیەتی نەک خەڵک و ئازادی بۆ ئەوان. سەرۆککۆمار باش دەزانێ کە خامنەیی لە مێژە هەستی بە وەڕێکەوتنی شۆڕش کردوە و ئەوەی ئەمجارە لە هەڵبژاردنی مەجلیسەوە دەستی پێکردووە و لە داهاتووشدا سەرۆککۆماریش دەگرێتەوە تەنیا بۆ خۆپارێزی و پاراستن و درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵات و نیزامەکەیەتی لە بەرامبەر شەپۆلەکانی ئەو ناڕەزایەتییانەی کە لە هەموو وڵات وەڕێ کەوتوە.

لە ڕاستیدا سەرەڕای ئەوەی قسەکانی ڕووحانی تێکەڵەیەک لە ترس و گلەیی و نائومێدی پێوە دیار بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەوڵی دا، ئەرکی خۆی بۆ گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردن بەجێ بگەیەنێ و ئەویش وەک خامنەیی داوای لە خەڵک دەکرد کە بۆ پاراستنی مەشرووعییەتی نیزام بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان. لە حالێکدا مەشرووعییەتی نیزام کە ئەوان تەنیا لە بەشداری خەڵک لە هەڵبژارنەکاندا دەیبینن و دەیانەوێ ئەوە بخەنە بەر چاوی وڵاتانی جیهان کە بەوجۆرە پشتیوانی خەڵکیان هەیە، لە مێژە لە لایەن خەڵکەوە و بە هاتنە سەر شەقام و بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکاندا و بە تایبەت بەم دروشمانە " کۆماری ئیسلامیمان ناوێ" و "مردن بۆ ئەم ویلایەتە" دژایەتی خۆیان لەگەڵ تەواوەتی نیزام دەربڕیوە. ئەوەش ڕوونە کە خەڵک ئێستا نە بە هۆی وەلادانی بەربژێرە ئیسڵاح تەڵەبەکان لە کێبەرکێی هەڵبژاردندا بەڵکوو بەهۆی نائومێدییان لە هاتنە ئارای هەر چەشنە گۆڕانکارییەک لە ساختاری کۆماری ئیسلامیدا بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنە دەکەن.

بێگومان ڕێژیم لە هەوڵدایە و دەتوانێ ڕێژەیەکی سەدی لە لایەنگران و خەڵکی چاولەدەست و ترسەنۆک بکێشێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان، بەڵام ئەوەی دیارە ئەو بەشدارییەی کە ئەوان دەیانەوێ مەشرووعییەتی نیزامی پێ دەرخەن لێی بێبەش دەکرێن و بەمجۆرە جارێکی دیکەش دەنگی ڕاستەقینەی خەڵک بۆ نا گوتن بەو شێوە دەسەڵاتدارییە دەردەکەوێ. ئێستا کە هەموو بەرنامەکان بۆ یەکدەست کردنی نیزام و دەسەڵاتێکی یەکدەنگ دەچنە پێش، داخۆ ڕێبەرانی سەرەکی کۆماری ئیسلامی ڕێگەیەکی دیکەیان لەبەر دەمدایە بۆ گۆڕانکارییەک بە ئاڕاستەی دابین کردنی داواکارییەکانی خەڵکی ئێران و بە دەست هێنانەوەی دڵی ئەوان یا بەمجۆرە قەیرانێکی بێ چارەسەری نوێ بۆ ڕێژیمەکەیان دەخوڵقێنن؟

***

## خالید عەزیزی:

# ئێرانی داهاتوو لەسەر تەوافوقی پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە و پێبەندییەکان بەو تەوافوقانە دروست دەکرێتەوە

**(دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە سێهەمین کۆنفرانسی شورای دێموکراسیخوازانی ئێران/ ستۆکهۆلمی سۆئێد)**




**ژنان و پیاوانی بەڕێز!**

**نوێنەری ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکانی ئێران، لە هەموو گەلانی ئەم وڵاتە و حیزبە سەراسەرییەکان!**

**هاوڕێیانی شۆڕای دێموکراسیخوازان!**

**کومیتەی بەڕێوەبەریی کۆبوونەوەی ئەمڕۆ!**

هەموو لایەکتان بەخێر بێن و، خۆشحاڵم ئەمڕۆ هەموومان لێرەین بۆ ئەوەی لەمەڕ داهاتووی ئێران و ئەو پێناسەیەی لەسەر ئەم وڵاتەمان هەیە، باس و وتووێژ دەکەین.

زۆر ئاسانە هەر وەک پێشووتر تەرکیز بخەینە سەر ئەم پرس و باسە و بە ئەدەبیاتی جیاوازەوە ساختاری کۆماری ئیسلامی پێناسە بکەین. لەم پێوەندییەدا، بەڕوونی ڕێکخراوە سیاسییە ئێرانی و کوردستانییەکان؛ پێموایە زیاتر لە ڕادەی چاوەڕوانیش کاریان کردوە. من زۆر جاران لەسەر ئەم باسە جەختم کردوەتەوە کە دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هەر لە بنەڕەتڕا دژبەر بوون؛ زۆرینەی خەڵکی ئێرانی گرتوەتەوە، چونکوو زۆربەی خەڵکی ئێران کۆماری ئیسلامییان ناوێ. بەڵام ئەرکی ئێمە وەک ڕێکخراوە سیاسییەکان و بەگشتی سیاسەتوانان شتێکی ترە. ئەوە هونەرە کە ئێمە چۆن بە لەبەرچاو گرتنی واتا گشتییەکەی وشەکە، کە وەک دژبەر دەناسرێین؛ بچینە نێو پێناسەی تایبەتیی ئەم چەمکە و ببینە جێگرەوە و ناونیشانێک. کەواتە دژبەر بوون و دژایەتی کردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی چەمکێکی گشتگیرە، کاری ئێمە وەک حیزبە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە بۆ لایەنە تایبەتییەکەی بابەتەکە؛ کە ئەویش ئەوەیە بڕیار بدەین ببینە جێگرەوە و ئالتێرناتیڤ. هەتا ئەو کاتەی ئەم جێگرەوەیە لە هەموو لایەنەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران نەبێ، هەتا ئەو کاتەی ئێمە نەتوانین ئەم ناونیشانە دروست بکەین، سروشتییە کە خەڵک دێنە سەر شەقام و ناڕەزایەتی دەردەبڕن و نرخی بۆ دەدەن؛ بەڵام ئەو کاتەی دەڵێن کۆماری ئیسلامیمان ناوێ، دەی کێ لە جیات کۆماری ئیسلامی بێ؟ پرسیار ئەمەیە و ئەم بەدیلە چۆن دروست دەبێ؟ ئەگەر ئێمە دەڵێین کەشوهەوای ئێران، کەشوهەوایەکی شۆڕشە و ئەم شۆڕشەش ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی لێ بکەوێتەوە؛ دەی کێن ئەوانەی وا دەبنە ڕێبەری ئەم شۆڕشە؟ شۆڕشی بێڕێبەر لێکەوتەی نەرێنیی هەیە و ئێمەش دەبێ ئەم لێکەوتانە لەبەرچاو بگرین. کەواتە ئەو پێناسەیەی کە ئێمە بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە و هەتا ڕادەیەکی زۆر لە شۆڕای دێموکراسیخوازاندا هەمانە؛ ئەم گەڵاڵەیە دەتوانێ بەستێنێک بۆ پێکهێنانی وەها جێگرەوە و بەدیلێک دروست بکا.

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، ئەگەر لە سەد ساڵی ڕابردووەوە بە پێی ئەم پێناسەیە وڵاتی ئێران پێک دەهێندرا، سیستمی برۆکراسی و گۆڕەپانی سیاسیی ئەم وڵاتە پێناسەیەکی لەم چەشنەی بەخۆوە دەگرت؛ سروشتییە ئێمە ئێستا لەگەڵ ئەم کێشانەی ئەمڕۆمان بەرەوڕوو نەدەبووینەوە. کەواتە ئامانجە سەرەکییەکەی ئێمە ئەوەیە، لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیە، ئێرانێک دروست بکەین ناوەندگەرا نەبێ. ئێمە هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ ناوەندگەرایی دژایەتیمان هەیە، ئەزموونی سەد ساڵی ڕابردوو ئەوەمان پێ دەڵێ کە گەلانی دیکەی ئەم وڵاتە لە سۆنگەی ئەم سیاسەتەوە پەراوێز خراون، هەڵاواردن و ئاپارتاید هاتوەتە ئاراوە و، هەروەها لە بەشداریی سیاسی بێبەش کراون. هەر بۆیە ناوەندگەرایی ناتوانێ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێران بێ. ئەگەر پێناسەکەی ئێمە لەسەر ئەم ڕاستییەیە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، سروشتییە دەبێ بە پێی بەشداریی ئەم گەلە جیاوازانە ئێران دروست بکرێتەوە. ئەگەر ئەو کات هەموو لایەنەکان لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بەشدار بن و هەڵاواردنێک نەمێنێ، ئەوە دەبێتە گارانتییەک بۆ پاراستنی داهاتووی سیاسیی ئێران.

کاتێک کە ئێمە باس لە نەمانی ناوەندگەرایی دەکەین و کاتێک کە بەپێی سیاسەتەکانی شۆڕای دێموکراسیخوازان ئەم ئالتێرناتیڤەمان گرتوەتە بەر، بەشداریی هەموو لایەک باشترین شێوەیە بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم "تجزیەهراسی"یە کە بەردەوام لە ئێران باسی لێ دەکرێ. دێموکراسی و بەشداریی هەموو لایەک لە چۆنیەتیی دروستبوونی داهاتووی سیاسیی ئێران هیچکات نابێتە هەڕەشە لەسەر لەتبوونی ئەم وڵاتە. دیکتاتۆری لە تاران، دەسەڵاتە ناوەندگەراکانی تاران و زۆر کاتیش لەبەرچاو نەگرتنی ڕاستیی فرەنەتەوە بوونی ئێران و بەشداری نەکردنی ئەم نەتەوانە لە ئیدارەی سیاسیی وڵاتدا؛ قەبووڵ نەکردنی ئێران وەکوو وڵاتێکی لەم چەشنە جدیترین هەڕەشەی سەر ئەم وڵاتەیە. کەواتە ئێمە کورد، ئازەری، فارس، لوڕ، بەلووچ، عەرەب، تورکەمەن و ... بەدوای لەتکردنی ئێرانەوە نین، بەڵکوو ئەمە دانپێدانەنان بەم ڕاستییەیە کە وەکوو هەڕەشەیەک لەسەر ئێران لە داهاتووشدا دەمێنێتەوە. کەواتە ئێمە هەموو پێکەوە گارانتییەکین بۆ دامەزرانی وڵاتێک کە لەسەر بنەمای دێموکراسی، مافی هاوبەش و بەشداریی هەمووان پێک دێ و؛ لە داهاتوودا پاراستنی ئەمنیەتی حقووقی، سیاسی، ئێتنیکی، ئایینی و هتدی گشت لایەک مسۆگەر دەبێ.

**بەڕێزان!**

هەتا ئەو جێگەی پێوەندیی بە ئازموونی کوردستانەوە هەیە، لە ڕاستیدا لە دوای شۆڕش ئێمە بەشێک لە ڕۆڵگێڕە سەرەکییەکانی سەحنەی سیاسیی ئێران بووین، چ ئەو کات کە وتووێژ کرا و، چ کاتێک کە شەڕیان بەسەرماندا سەپاند و ئێمەش بەرگریمان کرد و درێژەی ئەم خۆڕاگرییە، کوردستانی کرد بە یەکێک لە فاکتۆرە گرینگەکانی هاندان بۆ گەیشتن بە دێموکراسی و فێدرالیزم و نەمانی ناوەندگەرایی؛ بە جۆرێک کە ئەم ڕاستییە هیچکات لە ناوچە و کۆمەڵگەی نێونەتەوەییشدا حاشای لێ نەکراوە.

کەواتە چونکوو شۆڕای دێموکراسیخوازان لێرە بە مەبەستی گەیشتن بە وەها چارەسەرێک کۆ بووەتە، لێرەدا لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاماژە بە دوو ـ سێ فاکتۆر کە بەڕوونی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر چۆنیەتیی شکڵگیریی داهاتووی سیاسیی ئێران دەبێ، بکەم. فاکتۆری یەکەم؛ سازان و تەوافوقە. هەموومان داکۆکی لە دێموکراسی دەکەین و، دێموکراسیتەوەری سەرەکیی چۆنیەتیی پێوەندیی حیزبە دێموکراتیکەکان و گشت حیزبەکان و هەموو پێکهاتەکانی نێو ئێرانە. ئێمە باوەڕمان وایە کاتێک کە بیر لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و تێپەڕین لە دۆخی ئاراییی لە کۆمەڵگەی ئێران دەکەینەوە و، قسە لەسەر پارلمانی دامەزرێنەران (مجلس مؤسسان) دەکەین؛ دەبێ تەوافوق لە نێوان گرووپە ئێتنیکییە جیاوازەکانی ئێران و ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی ئێران لە ئارادا بێ. ئەگەر ئەم تەوافوقە هەبێ پێبەندی بەدوای خۆیدا دێنێ؛ لەسەر ئەم پێبەندییانەیە کە دەتوانین وڵاتی ئێران سەرلەنوێ دروست بکەینەوە.

فاکتۆری دووهەم؛ هەتا ئەو جێگەی پێوەندیی بە فاکتۆری دووهەمەوە هەیە، من باسەکەم بە ڕێفراندۆمی باشووری کوردستانەوە دەست پێدەکەم. سێ ساڵ لەمەوبەر لە باشووری کوردستان ڕێفراندۆمێک کرا. زۆرینەی خەڵکی باشووری کوردستان لەسەر چارەنووسی خۆیان لەم ڕێفراندۆمەدا بەشدارییان کرد، ڕێفراندۆم بۆچی؟ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لەو کاتدا لە بارودۆخێکی باشی ناوچەییدا بوو و، یەکێک لە فاکتۆرە یەکلاکەرەوەکانی بوونی عێراق دوابەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس بوو؛ ئەگەر کوردەکان نەبووایەن بەڕاشکاوییەوە دەڵێم عێراق لەت دەبوو. ئێمە چۆن دەتوانین لە کوردەکان لە ڕاستای دروستکردنەوەی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە کەلک وەر بگرین؟ لە کاتێکدا ئێمە بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەموو حیزب و ڕێکخراوە عەرەب، تورکەمەن، ئازەری، بەلووچ و فارسەکان – دەیانهەوێ هەموویان پێکەوە ئێران دروست بکەن– ئەگەر دەوڵەتی بەغداد بەڕاستی بەو بەڵێنییانەی کە لە نێوانیاندا لەگەڵ کوردستان هەیبوو، پێبەند دەبوو؛ خەڵکی باشووری کوردستان وا بە ئاسانی پەنایان نەدەبردە بەر ڕێفراندۆم. دەوڵەتی بەغداد لە باری ئابوورییەوە گەمارۆی خستبووە سەر کوردستان، ئەم دەوڵەتە بەکردەوە بەڵێنەکانی نەبردەسەر.

ئێستا ئێمە دەمانهەوێ لەسەر بنەمای ئەو ئەزموونەی لەوێ وەرمانگرتوە، لە ڕێگەی چەسپاندنی دێموکراسی لە ئێران و یەکیەتیی گشتی بەکاری بێنین؛ کەواتە کوردەکان هەڕەشە نینا بەڵکوو کوردەکان و نەتەوەکانی تریش دەرفەتن، چۆن لەم دەرفەتە کەلک وەربگیرێ؟ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان –هەندێک جار بەڕاشکاوییەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و تاکی خۆم ڕەخنە دەگیردرێ، تەنانەت لە زۆربەی ڕێکخراو و گرووپە ئێتنیکییەکانی تریش– هەوڵمان داوە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە ڕێککەوتنێک بگەین، بەڵام بەشێک لەوان وڵاممان نادەنەوە و ئێمە بە لەتکەری ئێران دەزانن. دەی ئەگەر دەیانهەوێ وڵاممان نەدەنەوە ئەم هەمووە دابەزینە لەبەر چی و لەپێناوی چیدا؟ ئەگەر هەموو هەوڵێکی ئێمە بۆ ئەوەیە بە ڕێککەوتنێک بگەین و ئەوان قەبووڵی ناکەن، دەی بۆچی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدوای مافی ڕەهای نەتەوەیی خۆیدا نەبێ و بەدواداچوون بۆ پێکهێنان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نەکا؟

دەمهەوێ بڵێم دژکردەوەی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە بەرامبەر مافی ڕەوای نەتەوەکانی نێو ئێراندا و، لە بەرامبەر چۆنیەتیی داکۆکی لە نەهێشتنی ناوەندگەرایی و هێنانە بەر باسی پێناسەیەکی نوێ بۆ کۆمەڵگەی ئێران، لە کوردستاندا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی خەبات و هەڵوێستێکی پەرچەکردارانە. لە ڕێگەی وتووێژ و ئەقڵیەتەوە دەکرێ وەها هەڕەشەگەلێک لەنێو بچێ و شانسی زیاتر بدەین بەم دەرفەتانە.

لەبەر ئەوەی کات هەبێ بۆ هاوڕێیانی تریش، لێرەدا هەوڵ دەدەم باسەکەم کورت بکەمەوە. شۆڕای دێموکراسیخوازان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نابێ ڕەوتێکی پەرچەکردارانە بن، هەر کاتێک لە ئێراندا کردەوەیەک ڕوو بدا، ئێمە بەدوایدا دژکردەوە لە خۆمان نیشان بدەین. هەمیشەش دەوترێ کات زۆر هەستیارە، چل ساڵە من بۆخۆم گوێم لەم قسەیەیە. ئەرکی ڕێکخراوێکی سیاسی کە دەیهەوێ بۆ داهاتووی ئێران پلانێکی ڕێکوپێکی هەبێ، نابێ بەرنامەکانیان پێڕەوی لە دۆخی ئارایی بکا، ئەم دۆخە ئەگەری گۆڕانی هەیە. ئێمە نابێ بە دژکردەوە سیاسەت بکەین، ئێمە پێویستە بە ڕەچاوکردنی بەرنامە سیاسەت بەرینە پێش. هەر کات لە ئێران خۆپیشاندان دەکرێ، ئێمە لێرە کۆ دەبینەوە و باس لە ڕێگەچارەی جیاواز دەکەین و، لە دوای ئەوەی هەڕەشەکانی ئەمریکا کز بوو، خۆپیشاندان نیشتەوە؛ دیسان هەموو لایەک بە ڕێگەی خۆیدا دەڕواتەوە. بەرنامەی درێژخایەن و ستراتیژیک کە پێویستە پێکەوە هەمانبێ، لەوێدا پتر هەست بە نەبوونەکەی دەکەین.

بەم پێیە نابێ بزووتنەوەی ئێمە دژکردەوانە بێ، دەبێ بە شێوەیەک بێ کە ئێمە لەسەر بنەما جیاوازەکان بە ڕێککەوتن بگەین.

گەلێک سپاس.

***

# نەخشی کاریگەری دوکتور قاسملوو لە بووژاندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا

**(دەقی قسەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە لە کۆڕیادی د. قاسملوو لە سێنای پاریس لە کۆشکی لۆکزامبۆرگ پێشکێشی کرد)**




## خوشکان و برایانی بەڕێز!

بەخێربێن بۆ کۆنفڕانسی یادی دوکتۆر قاسملوو. بەدڵەوە سوپاسی ئەنستیتووی کورد لە پاریس دەکەم کە ئەم کۆنفڕانسە بەشکۆیەی بۆ ڕێزگرتن لەیادی دوکتۆر قاسملوو ڕێک خستوە و سوپاسێکی زۆریش بۆ سێنای فەڕانسە کە کۆنفڕانسەکەی لە باوەش گرتوە. شتێکی سروشتییە کە ئەنستیتووی کورد لەپاریس یادی دوکتۆر قاسملوو ڕێکبخا و سێنای فەڕانسە-ش میوانداریی بکا. دوکتۆر قاسملوو نەک هەر دۆستایەتییەکی گەرمی دەگەڵ بەڕێز دوکتۆر کەندال نەزان سەرۆکی ئەنستیتووی کورد هەبوو، بەڵکوو لە دانانی ئەنستیتووشدا هاوبیر و هاوکارێکی چالاکی بوو. فەڕانسەش ئەو وڵاتەیە کە د. قاسملوو بۆ دوا قۆناخەکانی خوێندن هەڵی بژارد و پتر لە هەموو وڵاتێکی بێگانە بە مێژوو و فەرهەنگەکەی ئاشنا بوو و لە میللەتەکەی نزیک بوو.

## دۆستانی بەڕێز!

ئەمن ئەو شانازییەم هەیە کە ماوەی ١٩ ساڵ لە نیزیکەوە هاوکار و هاوبیر، یان باشتر بڵێم قوتابیی دوکتۆر قاسملوو بووم. بۆیە بیرەوەریی تاڵ و شیرینم لە هەموو قۆناخەکانی ئەو ١٩ ساڵەی ژیان و خەباتی ئەو ڕێبەرە لەدستچووەی بزووتنەوەی کوردی ئێران هەیە. بەڵام لەسەر پێشنیاری ئەنستیتوو لە وتاری خۆمدا تەنیا باس لەو قۆناخە دەکەم کە لە بەغدای پێتەختی عێراق پێکەوە کارمان کردوە. ئێزن دەخوازم کاریگەریی قاسملوو لەسەر ژیان و خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە دوو بەشی نێوخۆ و دەرەوەی حیزب دابەش بکەم:

## یەکەم، باری نێوخۆی حیزب:

ئەگەر پێشەوا قازی موحەممەد دامەزرێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو، دوکتۆر قاسملوو زیندووکەرەوە و بووژێنەرەوەی ئەم حیزبە بوو. ئەو لەکاتێکدا کە حیزبی دێموکڕات لە مەیدانی کردەوەدا کەوتبووە حاڵەتێکی پاسیڤەوە و پتر لە بیرەوەریی ئەندامانی و ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستاندا مابوو، بە گرتنەدەستی نەخشی ڕێبەری گیانێکی تازەی بەبەر ئەم حیزبەدا کردەوە. پێش هەموو شتێک بەهاوکاری و هاوفکریی چەند تێکۆشەری دیکە توانی بەشە پەرش‌وبڵاوەکانی حیزب وەسەر یەک بخاتەوە و لەپێشدا یەکیەتیی ڕێکخراوەیی و دواتر بە کاری بەردەوامی فکری و فێرکاری یەکیەتیی سیاسی بۆ ئەم حیزبە بگێڕێتەوە.

پێگەیاندنی ئەندامان و کادرەکانی حیزب بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییشەوە، لە ڕێگای کردنەوەی دەورەی ڕاهێنان و فێرکردن و ڕێنوێنی و ئامۆژگاریی بەردەوامەوە یەکی دیکە لەو خزمەتە بەنرخانە بوو کە قاسملوو بە حیزبەکەی و لەڕێگای ئەویشەوە بە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستانی کرد.

قاسملوو، هاوڕێیەکانیی فێر کرد کە تاکپەرستی و تەکرەوی لە حیزبدا ڕەت بکەنەوە و بناخەی ڕێباز و سیاسەتەکانیان لەسەر فکری بە کۆمەڵ و بڕیاری بە کۆمەڵ دابڕێژن، ئەو تێی‌گەیاندین کە دەبێ قازانجی گشتیی حیزب و کۆمەڵ وەپێش قازانجی خۆمان بخەین و بەر لەوەی بیر بکەینەوە کە حیزب چیی پێ‌بەخشیوین، بیر لەوە بکەینەوە کە چیمان بۆ حیزبەکەمان کردوە.

ئەو مامۆستا مەزنە بناخەی سەربەخۆیی فکری و سیاسیی بۆ داڕشتین و فێری کردین کە سەربەخۆیی حیزبەکەمانمان لە هەموو شتێک لەلا عەزیزتر و بەنرختر بێ. ئەو دەیگوت: سەربەخۆیی سیاسییش بۆ ئێمە گرنگە و بوونی دۆست و هاوپەیمانیشمان بۆ گرنگە، بەڵام ئەگەر ڕۆژێک ناچار بین یەکێک لەم دووانە بۆ ئەوی دیکە وەلا بنێین، سەربەخۆییەکەمان دەپارێزین، چونکە ئەگەر سەربەخۆیی و کەسایەتیمان ڕابگرین دۆستمان هەر بۆ پەیدا دەبێ. ئەم باوەڕەی قاسملوو زۆرجار هەر لە حیزبەکەی خۆماندا دروستبوونی خۆی نیشان دا.

لە پێناو پاراستنی ئەو سەربەخۆییەدا بوو کە دەگەڵ ئەوەی حیزبی دێموکڕات پێوەندیی دەگەڵ دەوڵەتی عێراق هەبوو، هەرگیز نەچووە ژێر باری هیچ داخوازێکی ناڕەوای ئەو دەوڵەتە و تەنانەت کاربەدەستانی عێراق و خودی سەددام حوسێن چەند جاریان داوا کرد دوکتۆر قاسملوو لەسەر تەلەڤیزیۆن دەگەڵ سەرکۆماری عێراق دەرکەوێ، قبووڵی نەکرد. چونکە دەیگوت وەختێک لە باشووری کوردستان هەموو ڕۆژێ کورد دەگیرێ و دەکوژرێ و ماڵوێران دەکرێ، ئەگەر لەگەڵ سەرۆکی عێراق لە تەلەڤیزیۆن دەرکەوم، چجوابێکم بۆ هەست و بیروڕای گشتیی خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان دەبێ. هەر ئەو میراتە بەنرخەی د. قاسملوو بۆ هاوسەنگەرەکانی بوو کە دەگەڵ هەموو دژوارییەکانی سەر ڕێگا، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەرگیز کارێک و تەنانەت قسەیەکیشی نەکرد، کە زیان بە کوردی باشوور و گەلانی دیکەی عێراق بگەیەنێ.

قاسملوو تێکۆشەرێکی چەپ و دێموکڕات و نەتەوەیی بوو کە بۆ دوو ئامانجی بەرزی ڕزگاریی نەتەوەیی و بەدیهێنانی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تێدەکۆشا. بۆیە لە بەرنامەی حیزبەکەشیدا گونجاندی کە خەباتی نەتەوەیی و خەباتی چینایەتی دەبێ شانبەشانی یەکتر بچنە پێش و هەرگیز نابێ بەو بیانووە کە ڕزگاریی نەتەوەیی ئامانجێکی لەپێشترە، خەبات بۆ مافە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک پشت گوێ بخرێ.

دوکتۆر قاسملوو ناتەبایی نێوان کورد بوون و ئێرانی‌بوونی کە ئێستاش بۆ هێندێ کەس حەل نەبووە، بە باشی چارەسەر کردبوو. ئەو نە هیچکات شەرمی لە ئێرانی‌بوون دەکردەوە و نە هیچ وەخت لەوە دەترسا بڵێ کورد نەتەوەیەکی جیا لە هەموو میللەتانە و مافی خۆیەتی بیر لە وڵاتی سەربەخۆ و دەوڵەتی سەربەخۆ بکاتەوە و تەنانەت بەدەستیشیان بێنێ.

## دووەم بۆ دەرەوەی حیزب:

پێش ئەوەی دوکتۆر قاسملوو ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕات وەئەستۆ بگرێ، ئەم حیزبە بێجگە لە پێوەندییەکی نابەرامبەر دەگەڵ یەک دوو حیزبی کوردی و ئێرانی هیچ پێوەندییەکی سیاسی و دۆستانەی دەگەڵ دنیای دەرەوەی خۆی نەبوو. بەڵام قورسایی و شارەزایی ڕێبەری شەهیدمان ڕێز و ئیعتیباری بۆ حیزب گەڕاندەوە و لە هەر سێ بواری کوردی و ئێرانی و دەرەوەدا کردیە خاوەنی پێوەندییەکی بەرینی سیاسی، لەسەر بناخەی ڕێزگرتنی بەرامبەر و پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و ڕێکخراوەیی.

لە مەیدانی کوردستانی و ئێرانیدا حیزب توانی پێوەندییەکی بەرینی سیاسی و تێکەڵ بە ڕێزی دوو لایەنە دەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری حیزب و ڕێکخراوە ناسراو و خاوەن جێگە و پێگەکان دامەزرێنێ بەجۆرێک کە لە هەردوو بوارەکەدا وەک ڕێکخراوێکی سیاسیی موعتەبەر و خاوەن نفووز حیسابی بۆ بکرێ.

لە ماوەیەکی کورتی زەمانیدا حیزبەکەمان پێوەندییەکی بەربڵاوی دەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی ئۆرووپاییدا دامەزراند و بەحوکمی ئەوەی ناوەندی بڕیاری ئەم حیزبە لە بەغدا پێتەختی عێراق بوو، ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخسا کە دەگەڵ بەشێکی زۆری باڵیۆزخانەکانی وڵاتان بەتایبەتی وڵاتانی سۆسیالیستی پێوەندی دامەزرێنێ کە ئەودەم ئەمە بە دەسکەوتێکی گەورەی سیاسی بۆ حیزبە کوردی و ئێرانییەکان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی بندەست دەژمێردرا.

### لە پێوەندی دەگەڵ هێزە کوردستانییەکاندا

جێگە و پێگەی د. قاسملوو هەر لەنێو حیزبەکەی خۆیدا نەبوو. لەنێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکانی کوردستان و عێراقیشدا حیسابی لەسەر دەکرا و بە تایبەتی لە پێوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و بزووتنەوەی کورد یان بڵێین حیزبی بەعس و پارتی دێموکراتی کوردستاندا زۆرجار بۆ چاری گیروگرفتەکان داوای هاوفکریی لێ دەکرا. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم بوارە، دواسەفەری خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی بۆ بەغدا بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان و هەوڵی پێشگرتن لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ بوو. لەسەر داوای کاک ئیدریس و ڕەزامەندیی کاربەدەستانی دەوڵەت، دوکتۆر قاسملوو لە هەموو ماوەی مانەوەی شاندی پارتیدا دەگەڵ کاک ئیدریس لە کۆبونەوەکاندا بەشدار بوو. تەنانەت بۆ گەڕانەوەش لەبەر ئەوەی کاک ئیدریس هەستی بە نیگەرانی دەکرد دوکتۆر قاسملوو هەتا کەرکووکی دەگەڵ چوو و تەنیا دوای ئەوەی ئەوی تەسلیمی پێشمەرگەکانی پارتی کردەوە، بۆخۆی گەڕایەوە بەغدا.

لە دواهەوڵیشدا بۆ چارەسەری گیروگرفت و ناکۆکییەکانی نێوان دوو لایەن، لیژنەیەکی سێ کەسی دیاری کرا بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەکی مامناوەندی بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک ئامادە بکەن. ئەندامانی ئەو لیژنەیە بریتی بوون لە: خوالێخۆشبوو خوسرەو تۆفیق لە پارتی دێموکڕاتی کوردستان، غانم عبدالجلیل لە حیزبی بەعس و دوکتۆر قاسملوو لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. جێی ئاماژەیە کە ئەو لیژنەیە سێ ئاڵتەرناتیڤی بۆ چارەسەری کێشەکە ئامادە کرد و دای بە سەرکردایەتیی هەر دوو لا. بەڵام بەداخەوە هیچ کامێکیان پێی ڕازی نەبوون و لە ئاکامدا شەڕێک هەڵگیرسایەوە کە زیانەکانی بۆ کوردستان و عێراق لە هەموو قۆناخەکانی شەڕی نۆساڵەی نێوان ئەم دوو هێزە زیاتر بوو.

تێکۆشانی دوکتۆر قاسملوو بۆ لێکنزیککردنەوەی بەشەکانی بزووتنەوەی کورد ئەو چوارچێوەیەشی تێپەڕاند و لە هەوڵێکی کوردستانیدا، ساڵی ١٩٧٢ بە کەلکوەرگرتن لە پێوەندیی بەرینی دەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی هەر چوار بەشی کوردستان هەنگاوێکی مێژوویی هەڵێنایەوە. ئەویش ئەوە بوو کە بە ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە هێزە خەباتگێڕە کوردستانییەکان لە بەیڕووتی پێتەختی لوبنان، بەردی بناخەی پێکهێنانی هاوپێوەندییەکی کوردستانیی دانا. لەو کۆبوونەوەیەدا گەڵاڵەی بەرنامەی بەرەی کوردستانی کە دوکتۆر ئامادەی کردبوو، پەسند کرا و بەرپرسایەتی درا بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە لەماوەی سێ مانگدا ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبانە کە لە کۆبوونەوەی بەیڕووت ئامادە نەبوون ببینێ و وێڕای شیکردنەوەی بەرنامەی پەسندکراوی کۆبوونەوەی بەیڕووت، هەمووانیان بانگهێشتن بکا کە لە دووەم کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکاندا بەشدار بن و دوای وەرگرتنی بیروبۆچوونیان لەسەر گەڵاڵەی بەرنامەکە، هەموویان لەسەری ڕێک کەون و بۆ یەکەم جار بەرەیەکی کوردستانی بە بەرنامەیەکی واقیعبینانەوە دابمەزرێ. بەداخەوە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و بەتایبەتی ڕوولەگرژی‌نانی پێوەندیی بزووتنەوەی کوردی عێراق دەگەڵ دەوڵەتی ئەو وڵاتە، بوونە کۆسپی پێکهێنانی کۆبوونەوەی دووەم و بەوجۆرە ئەو هەوڵە پیرۆزە بە ناکامی مایەوە.

## دۆستانی گرانقەدر!

نەخشی ڕێبەریی دوکتۆر قاسملوو لە هەموو بوارەکانی خەباتی سیاسیدا بۆ حیزبەکەی، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەو ماوەیەدا کە جێی باسەکەی ئێمەیە زۆر بەربڵاوتر و هەمەلایەنەترە. بەڵام کەمیی دەرفەتەکە ڕێگا نادا لەمە زیاتر لێی بدوێین و دەگەڵ تەواوکردنی قسەکانم زۆر سوپاستان دەکەم کە بە حەوسەلەوە گوێتان لێ‌گرتم.

سڵاو لە یاد و گیانی نەمری د. قاسملوو و سڵامەتی و سەرکەوتن بۆ ئێوەی بەڕێز.

هەربژین.

---

# پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان، ساڵوەگەڕی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران

**هاونیشتمانیانی خۆشەویست!**
**گەلانی ئازادیخوازی ئێران!**
**خەڵکی خەباتگێڕ و مافخوازی کورد!**

شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ دەنگی ناڕەزایەتیی پەنگخواردووی گەلانی ئێران لە بەرانبەر دیکتاتۆریی پاشایەتیی بنەماڵەی پەهلەوی و درێژەی پرۆسەی خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی و ڕزگاربوون لە چنگ دیکتاتۆری بوو.

لە ماوەی زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردوودا و بە بڵاوبوونەوەی بەها مرۆییەکانی وەک ئازادی، دادپەروەری و دێموکراسی بە هەموو جیهاندا، گەلانی ئێران بە وەڕێخستنی چەندین بزووتنەوە و شۆڕشی گەورە، خەبات و قوربانیدانێکی کەم وێنەیان بۆ جێگیرکردنی ئەو چەمکە مرۆییانە و ڕزگاربوون لە چنگ ڕژێمە دیکتاتۆرەکان و دەسەڵاتدارە سەرەڕۆکانی زاڵ بە سەر چارەنووسیاندا بەڕێوە بردوە، بەڵام مخابن تێکڕای ئەو هەموو هەوڵ و خەبات و قوربانیدانە تا ئێستا نەیتوانیوە ئامانجە بەرزەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕێبەندانی ٥٧ و چەندین بزووتنەوە و ڕاپەڕینی دیکە لەو وڵاتەدا دەستەبەر بکات و ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەری و مافە ڕەواکانی دیکەی نەتەوەکانی ئێران لە لایەن کۆمەڵێک دەسەڵاتداری سەرەڕۆی هەڵگری بیری شۆڤێنیزم و کۆنەپەرەستی و دیکتاتۆرییەوە زەوت کراون و بەرهەمی خوێن و خەباتی هەزاران مرۆڤی تێکۆشەر و ئازادیخواز بۆتە قوربانیی پیلانە نگریسەکانی دەسەڵاتدارانی هەردوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی.

شۆڕشی ساڵی ٥٧ی گەلانی ئێران کە لوتکەی سەرکەوتنی ٢٢ی ڕێبەندانە، تەقینەوەی گرکانی ناڕەزایەتیی گەلانی ماف پێشێلکراوی ئێران لە بەرانبەر زوڵم و دیکتاتۆریی بنەماڵەی پەهلەوی بوو، هەر بۆیە ئامانجی ئەو خەڵکە ڕاپەڕیوە لە شۆڕش و ڕاپەڕین نەیدەتوانی شتێک بەدەر لە بەدیهێنانی ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەری بێت. بەڵام مخابن لە نیوەی ڕێگای شۆڕشدا خومەینی و هاوبیرانی بە پیلانێکی ورد و ئامانجدار کەڵکی خراپیان لە نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی دێموکراتیکی تۆکمە و ئاڵترناتیڤێکی بەهێزی هەڵگری ئامانج و بەهاکانی شۆڕش وەرگرت و هێژمۆنی و دەسەڵاتی ڕەشی خۆیان بە سەر شۆڕشێکدا سەپاند کە بەرهەمی ماندووبوون و بەرامەی ڕەنج و خەباتی خەڵک و هەموو چین و توێژە ئازاردیتووەکانی کۆمەڵگەی ئێران بوو.

کەسایەتیی خومەینی وەکوو ڕێبەر و دامەزرێنەری ئەو ڕێژیمە و تاڵانکەری بەهاکان و ئامانجە بەرزەکانی شۆڕشی ١٣٥٧، ئاوێنەی باڵانوێنی ئیدئۆلۆژی و ئامانجە دژەمرۆییەکانی سیستمی ویلایەتی فەقیە و هێمای ڕق لە دڵی و کۆنەپەرەستیی هەڵگرانی ئەو بیروباوەڕە شوومە بوو کە بۆ گەلانی ئێران پەیامهێنەری مەرگ و کوێرەوەری و بەجێمان لە کاروانی پێشکەوتن و شارستانیەتی سەردەم بوو.

هەر بۆیە لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداریی ئەو ڕێژیمەدا حافزەی مێژوویی گەلانی ئێران بەگشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی بە کۆمەڵێک بیرەوەریی تاڵی وەک هێرشی دڕندانە بۆ سەر کوردستان، ئەهواز، بەلووچستان، تورکەمەنسەحرا، هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەکان، تیرۆریزمی دەوڵەتی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، کۆمەڵکوژیی خەڵک و زیندانیانی سیاسی، کوشتاری جیابیران، کاولکاری و ئاژاوەگێڕی لە وڵاتانی دەوروبەردا، شەڕی کاولکەری ٨ ساڵە، دزین و تاڵانکردنی سامانە گشتییەکانی وڵات، گەندەڵیی بەربڵاو، هەژاری، بێکاری، پاکتاوی فەرهەنگی و ئاسیمیلاسیۆن، تەریککەوتنەوە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، سەرکوت و داپڵۆسین و هەڵاواردنی سیستماتیک، ستەم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی و ڕەگەزی و چینایەتی، سووکایەتی بە کەسایەتی و کەرامەتی ژن، پەرەدان بە کولتووری مەرگخوازی، گەمارۆی ئابووری و گرانی و بێ داهاتی، کاولکردنی ژینگە و دەیان خەساری کۆمەڵایەتی و خەفەقانی سیاسیی تاقەتپڕووکێن ئاخنراوە.

ئەوانە تەنیا مشتێک لە خەرمانی دیارییەکانی ئەو ڕێژیمە ئازادیکوژە بۆ گەلانی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بە تایبەتی بووە.

لە ماوەی ئەو ساڵانەدا خەڵکی کوردستان هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی خەبات بۆ دابینبوونی ئازادی و دادپەروەری و مافە نەتەوایەتییەکانیان وەکوو قەڵایەکی لەگیراننەهاتوو دژ بە تەوژمی سەرکوت و دیکتاتۆری و داگیرکاریی دەسەڵاتدارانی تاران ڕاوەستاون و زۆرترین قوربانییان لە سەنگەری خەبات بۆ بەچۆکداهێنانی ڕێژیمدا پێشکەش بە بارەگای ئازادی و سەروەریی نیشتمانی کردوە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا درێژەی سیاسەتەکانی ڕێژیم بە جۆرێک تەنگی بە هەموو چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێرانیش هەڵچنیوە کە ئیدی دەتوانین بڵێین خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم و وەلانانی یەکجاریی ئیدئۆلۆژییە سەدە نێوەڕاستییەکەی بۆتە داخوازیی گەلانی دیکەی ئێرانیش و دروشمەکانی خۆپیشاندەرانی خەزەڵوەری خوێناوی و بەفرانباری ئەمساڵ دەربڕی ئەو ڕاستییەن کە ڕێژیم لە نێو بیر و باوەڕەکانی خەڵکدا ڕووخاوە و هیچ ڕەوایی و ئاسۆیەکی مانەوەی بۆ بەدی ناکرێ. چل و یەک ساڵ پاش ئەو شۆڕشە، پێداگریی خەڵک لەسەر ئامانجە بە تاڵانبراوەکانی شۆڕش ئەوەمان پێ دەڵێ کە شۆڕش بە لاڕێدا براوە و نەیتوانیوە ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی بپێکێت و لە ڕاستیدا خەبات بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بە گوڕوتینێکی زیاترەوە بەردەوامە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بەرەبەری ٢٢ی ڕێبەندان، ٤١ەمین ساڵوەگەڕی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە سەر دیکتاتۆریی پەهلەویدا، جارێکی دیکە دروشم و ئامانجە ڕەوا و دێموکراتیکەکانی هەڵقوڵاوی ناخی ئەو شۆڕشە واتە ئازادی، دێموکراسی، دادپەروەری و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران وە بیر هەموان دێنێتەوە و جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە تا کاتی دابینبوونی ئەو ئامانجانە تێکۆشان و خەباتی بێ پسانەوەی گەلانی ئێران بە گشتی و بزووتنەوە و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی بۆ بەدیهێنانیان بەردەوام دەبێت و شانبەشانی هێزە سیاسی و پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێران بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەرزانە لە خەبات بەردەوام دەبێت.

**سەرکەوێ خەباتی گەلانی ئێران دژ بە دیکتاتۆری و ستەم و کۆنەپەرەستی،**

**سەرکەوێ خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانی،**

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی.**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٨ی هەتاوی**



سمایل شەرەفی

# نیزامی تەوافقی وەک گەرەنتیی مانەوە و لێکبڵاونەبوونی ئێران

وەک زۆر جاران باس کراوە و بە یەکێک لە کەمایەسییەکانی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دادەنرێ، پرسی بەدیل و ئاڵترناتیڤ بۆ بەڕێوەبردنی ئێرانی داهاتووی دوای ئەم ڕێژیمە، پرس و بابەتێکی گرینگ کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ نەتەنیا هیوابەخش نییە، بەڵکوو هەروا جێی نیگەرانی و مەترسییە. ئەگەر قسە لە دۆخی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا لەم یەک ساڵە (١٣٩٨ی هەتاوی)دا بکەین و لەم سۆنگەیەوە بپەرژێینە سەر یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی بەردەوامیی ئەم نیزامە کە بەتەواوەتی لە بارودۆخێکی شپرزی ئابووری و سیاسی دایە، دەردەکەوێ کە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو کە بتوانێ متمانەی خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و وەک ئاڵترناتیڤی ئەم ڕێژیمە لێی بڕواندرێ، گەورەترین کەمایەسیی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێرانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێز و لایەنەکانی دیکەی کوردستان کە مێژوویەکی تایبەتیان لە خەباتێکی جیدی و لێبڕاو بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان لەم چوار دەیەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا هەیە، چۆنیەتیی دارشتنەوەی قەوارەی سیاسیی ئەم وڵاتە لە داهاتوودا و ڕۆڵیان لە دروستکردنەوەی ئێران و، لە هەمووی گرینگتر چۆنیەتیی دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکاندا جێی باس و لێکدانەوەیە و پێیانەوە ماندوو و نیگەرانن. بۆیە بەشێک لە هێز و وزەیان لە کار و تێکۆشانی سیاسی و دیپلۆماسی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا – لە وتوێژ لە گەڵ کاربەدەستانی تارانەوە بگرە تا نزیکایەتی و دۆستایەتی لەگەڵ هێزە سەرانسەرییەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات – بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردوە. بەڵام سەرەڕای هەوڵ و کۆششێکی زۆری پرتێچوو، جیا لە دروستبوونی چەند بەرەیەکی نەزۆر بەهێز و کاریگەر، تا ئێستاشی لەگەڵ بێت کە بەخۆشییەوە خەباتی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیم لە قۆناغێکی جدی و یەکلاکەرەوە دایە، ئاڵترناتیڤ و ئادرەسێکی متمانەپێکراو بۆ خەڵک کە بە ڕێبەر و ڕێنیشاندەری خۆی بزانێت، بوونی نییە. هێزە کوردییەکان کە لێبڕاوترین و ڕێکخراوترین بەشی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێرانن، دیسان لە پێوەندی لەگەڵ کۆکردنەوەی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و لایەنەکانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران، چالاکترین و بەمشورترینن. لە هەموو ئەو وردە ئێتلاف و بەرەیانەدا کە بە ناو و پێناسەی جۆراوجۆرەوە پێکهاتوون، هێزە کوردییەکان-بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان – ڕۆڵی سەرەکییان تێدا گێڕاوە و دەگێڕن.

یەکێک لەم ئێتلافانە "شووڕای دێموکراسیخوازانی ئێران"ە کە دە لایەنی سەرانسەری و لایەنی سەر بە نەتەوەکانی ئێران تیایدا بەشدارن. ئەم شوورایە لە سێهەمین کۆنفرانسی خۆی دا کە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٨ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٨ی فێورییەی ٢٠٢٠ی زایینی لە شاری ستۆکهۆڵم، پێتەختی وڵاتی سوئید بەڕێوەچوو، بە گرینگییەوە پەرژایە سەر داهاتووی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە. لە سەرەتای ئەم کۆنفرانسەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕێز خالید عەزیزی لە پێوەندی لە گەڵ ئەرک و ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن، چۆنیەتیی دروستکردنەوەی ئێران و جۆری نیزامی سیاسی لە تاران، خوێندنەوەی "فرەنەتەوەبوونی ئێران" و چۆنیەتی دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان، ڕوانگە و بۆچوونەکانی حیزبی بۆ جارێکی دیکە خستنەوە ڕوو کە جێی خۆیەتی لە پێوەندی لە گەڵ پرسی ئاڵترناتیڤسازی و دروستکردنی ئادرەسێکی متمانەپێکراودا بۆ چۆنیەتیی ڕێبەریکردنی خەباتی گەلانی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران، زیاتری سەرنج بدرێتێ.

سکرتێری حیزبی دێموکرات لە قسەکانیدا وێڕای ئاماژەدان بە نەبوونی ئاڵترناتیڤ و لاوازیی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێران، پێی وابوو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەرکام بە شێوەیەک ئەرکی خۆیان بەرانبەر بە خەڵک و نارەزایەتییەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامی، لە کۆمەڵە هەڵوێستێکی دژکردەوەیی ڕۆژانەدا کورت کردۆتەوە و ئەوەندەی دەرگیری کردوەی تاکتیکین، زۆر کەمتر بیر لە ئیستراتیژی و ڕێبەریکردن دەکەنەوە. کەوابوو ئەساس و بنەمای بەئاڵترناتیڤبوون، توانایی ڕێبەریکردن و بوونی پلانی ئیستراتژیکییە. بە پێچەوانەی ئەرکی و ڕەسالەتێک کە لە سەر شانیەتی، ئەوەی ئەمڕۆژانە ئۆپۆزیسیۆن بەرانبەر بە ڕێژیم دەیکا، تەنیا "دژایەتیکردن"ێکی ڕووتی ڕۆژانەیە کە گەلانی ئێران بە شێوەی مەیدانی و ڕاستەوخۆ لە شەقامەکاندا خەریکن بەرانبەر بە ڕێژیم بەڕێوەی دەبەن. کەمایەسییەک کە لەم نێوەدا هەیە و ئۆپۆزیسیۆن لێی غافڵە یان توانای ئەنجامدانی نییە، ڕێبەریکردنی ڕەفتار و دژایەتیی خەڵکە. کەوابوو پێش هەموو شتێک حیزب و لایەنە سیاسییەکان پێویستە لەسەر ئەساسی کۆمەڵە ڕوانگەیەکی ئیستراتژیکی یەکگرتوو، بەرانبەر بە ڕێبەریکردنی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆیان بەئەرکدار بزانن.

"دروستکردنی ئادرەسێکی متمانەپێکراو لەلایەن بەرەی ئۆپۆزیسیۆنەوە بۆ خەڵک"، تەوەری بەشێکی دیکەی قسەکانی کاک خالید عەزیزی لە "سێهەمین کۆنفرانسی شووڕای دێموکراسیخوازانی ئێران" بوو.

لەم پێوەندییەدا قسە لە یەکگرتوویی نێوان بەرەی ئۆپۆزیسیۆن کرا و، بەڕێزیان بە درووستی ئاماژەیان بە تایبەتمەندیی ئێران وەک وڵاتێکی "فرەنەتەوە" کرد و وێڕای پێداگری لە سەر ڕەتکردنەوەی "نیزامی ناوەندگەرایی" و پێناسەکردنەوەی ئێران وەک وڵاتێک کە لە چەند نەتەوەی وەک؛ کورد، تورک، فارس، عەرەب، بلووچ و تورکمەن پێک هاتوە، باسی لە بەڕێوەبردنی ئێرانی داهاتوو لە سەر ئەساس و بنەمای "تەوافوق" و پێکەوەسازان کرد. بەپێچەوانەی ئەوەیکە دەسەڵاتە ناوەندگەراکانی ئێرانی بە درێژایی مێژوو ویستوویانە جۆراوجۆریی نەتەوەیی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکپارچەیی ئەم وڵاتە دابنێن و لە ژێر ئەم پاساوەدا شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات لە ناوەند چڕ بکەنەوە، ئەوەی دەتوانێ لە داهاتوودا پێش بە لێکبڵاوبوونەوەی ئێران بگرێ، نیزامێکی تەوافوقییە لە سەر ئەساسی بەشداریی سەرجەم نەتەوەکانی ئەم وڵاتە لە شێوەی بەڕێوەبردنیدا. لەم پێوەندییە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی دێموکراسیخوازاندا گوتی: ئەوەی یەکپارچەیی ئێران دەخاتە مەترسییەوە، پێداگریی نەتەوەکان لە سەر داخوازییەکانیان و بەشدارییان لە ئیدارەی وڵات دا نیە، بەڵکوو ئەوە تێفکرینی ناوەندگەرایانە و عاشاکردن لە بوونی ئەم نەتەوانەیە کە دەتوانێ هەڕەشە بێت بۆ سەر ئێرانی داهاتوو. بۆیە کوردەکان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران نەتەنیا هەڕەشە نین، بەڵکوو دەرفەتن. ساغبوونەوە لە سەر بەڕێوەبردنی ئێرانی داهاتوو لە سەر ئەساسی تەوافوق و پێکەوەسازان دەبێتە هۆی دەروەستبوونی نیزامی بەریوەبەری وڵات و نەتەوەکان بەرانبەر بە یەکتری و داهاتووی ئێران لە درێژخایەندا دەبەسترێتەوە بەو تەعەهود و دەروەستبوونە.

لە بەشێکی دیکە قسەکانیدا کاک خالید عەزیزی لە پێوەندی لەگەڵ ئەگەری دەروەستنەبوونی دەوڵەتی ناوەندی لە ئێرانی داهاتوودا بەو قەول و بەڵێنی و تەعەهودانەی بەرانبەر بە خەڵکی کوردستانی دەدات، ڕاشکاوانە باسی لە پەنابردن بۆ ڕێفراندۆم و "گەڕان بە دوای دەستەبەرکردنی مافی ڕەهای نەتەوەیی و نیشتمانیی خەڵکی کوردستان" لە پرۆسەی جیابوونەوە لە ئێران کرد. بەڕێزیان وێڕای ئاماژەدان بە ڕێفراندۆم لە هەرێمی باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی ئەم بەشە لە کوردستان بەرانبەر بە ڕەفتاری نادەروەستانەی دەوڵەتی فیدالّی عێراق، بە پشتبەستن بە بڕیارێکی ڕەسمیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبدا پەسەند کراوە، مافی پەنابردن بۆ ڕێفراندۆمی لە داهاتوودا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕەوا زانی.

لە قۆناغی ئێستای ئێراندا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەوپەڕی بێزراوی و قەیرانی ڕەوایی دایە و خەباتی گەلانی ئێران دژ بەم ڕێژیمە زیاتر لە هەمیشە بەرچاوتر، بوونی بەرەیەکی یەکگرتووی ئۆپۆزیسیۆن کە بتوانێ وەک ئاڵترناتیڤ ڕێبەریی خەباتی خەڵک دژ بەم نیزامە بکا و ببێتە ئادرەسێکی متمانەپێکراو، لە هەموو شتێک زەروریترە. هاوکات لە گەڵ هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئەم ئاڵترناتیڤە، ڕێکەوتن لە سەر شێواز و جۆری دەسەڵاتی سیاسیی لە ئێرانی داهاتوودا یەکێک لە ئەولەویەتە هەرە جەوهەرییەکانە کە کورد لەم پێوەندییەدا وێڕای گەلانی دیکە دەبێ ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان بگێڕن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە عەقلییەتی ناوەندگەرایی وەک عەقلییەتێکی دژیگەلی بە سەر داهاتووی ئەم وڵاتەدا زاڵ نەبێ.

***



شەونم هەمزەیی

# ژنان و پتر لە چل ساڵ دەسەڵاتی دژەژنی کۆماری ئیسلامی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران لەگەڵ دامەزران و پاوانکردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش کەوتە قەڵتوبڕی حیزبە سیاسییە نەیارەکان و زاڵکردنی کەشی سەرکوت و خەفەقان بەسەر هەموو جومگەکانی ژیانی سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی خەڵک. ئێستا و پاش تێپەڕینی زیاتر لە ٤٠ ساڵ دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەم ڕێژیمە جیا لە سیاسەتی سەرکوت و هەڵاواردن هیچ دیارییەکی بۆ خەڵک بە تایبەت بۆ ژنانی ئێرانی بە دیاری نەهێناوە. پێ بەپێی سیاسەتی سەرکوت و حاشای ڕێژیم لە مافەکانی ژنان و پلانی سیستماتیکی دەسەڵات بۆ پاڵپێوەنانی ژنان بۆ کونجی ماڵێ، بەڵام خۆڕاگری و بەربەرەکانیی سیاسەتە دژەژنییەکانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ژنانی ئازادیخوازەوە بەردەوام بووە.

هەر لەگەڵ هێرشی بەرینی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خاک و خەڵکی کوردستان، بە سەدان ژنی کورد بۆ بەرگری لە خاک و نیشتمانەکەیان بەرگی پێشمەرگایەتییان لەبەر کرد و، لەم ڕێگایەشدا کەم نەبوون ئەو کچ و ژنانەی گیانی خۆیان بەختی ڕێگای ئازادیی نەتەوەکەیان کرد. لە هەمان کاتدا کە بەشداری لە خەباتی حەقخوازانەی نەتەوەکەیان دەکەن، بەربەرەکانیی ئەوان لەگەڵ زۆر داب و نەریتی نادروستی کۆمەڵگەش بەردەوامە و لەم ڕێگایەشدا هەم لە لایەن کۆمەڵگە و هەمیش لە لایەن دەسەڵاتی سەرکوتکەری ئیسلامیی ئێرانەوە، بەردەوام گرفتیان بۆ دروست دەبێ و لەمپەریان بۆ دادەنرێ. لەو ماوەیەدا بە سەدان ژنی کورد لە لایەن دەزگا ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بە تۆمەتی یەکسانیخوازی و چالاکی بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان گیراون و، حوکمی زیندانی درێژماوەیان بەسەردا سەپاوە و هێندێکیشیان پەتی سێدارەی زوڵم و نابەرابەری گیانی لێ ستاندوون.

کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنە سەرکاریەوە بە سیاسەتی هەڵاواردن دژی ژنان دەستی پێکرد. کاتێک لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت، هەر لە مانگی ڕەشەمەی ئەو ساڵەدا کۆمەڵێک بڕیاریان دا کە هەموو پێچەوانەی ئامانجەکانی شۆڕش و تێکڕای لە دژی دژە ژنان بوو. ڕێژیم لە ٦ی ڕەشەمەدا یاسای پشتیوانی لە بنەماڵەی هەڵوەشاندەوە، لە ١٢ی ڕەشەمەی هەمان ساڵدا بە بڕیارێک مافی دادوەری لە ژنان ستێندرا و لە ١٥ی ڕەشەمەشدا یاسای چوونە سەربازیی ژنان و چەندین ئەرک و چالاکیی تریان لە لایەن دەسەڵاتەوە فەرمانی ڕاگیرانی بۆ دەرکرا. هەروەها لە ١٦ی ڕەشەمەدا بە دەستووری خومەینی ڕێبەری ئەوکاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران یاسای حیجابی زۆرەملی بەسەر ژناندا سەپێنرا. ئەمانە و چەندین یاسای کۆنەپەرستانەی تری دژە ژن پەسەند کران و تاوەکوو ئێستاشی لەگەڵ بێ لە دانانی یاسای دیکە کە هەڵاواردن لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا دەردەخا، بەردەوامن.

بۆ نموونە بە ڕەگەزی کردنی ناوەندەکانی پەروەردە و فێرگەکان و بێبەشکردنی ژنان لە بەشداری لە زۆر ڕشتەی خوێندن –چونکە بەرزبوونەوەی ڕادەی قەبوولیی کچان لە زانستگەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکوو مەترسییەک سەیر دەکرێ– هەر بۆیە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە ڕێگەی گەڵاڵەی جیاکردنەوەی ڕەگەزی و بێبەشکردنی کچان لە هێندێک لە ڕشتەکان هەوڵ دەدەن پێش بە چوونی کچان بۆ زانستگەکان بگرن و هێندێک ڕشتەی خوێندن، تاک ڕەگەزی دەکەن بەم واتایە کە لەم بوارانەدا ژنان ناتوانن درێژە بە خوێندن بدەن.

دەسەڵات بە هەموو شێوەیەک لەگەڵ فەرهەنگە باشەکانی خەڵک بەربەرەکانیی کردوە و ڕوانینی دواکەوتووانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ ژن و یاسای حیجابی ئیجباری، بووەتە هۆی ئەوەی کە چالاکی نواندنی ژنان لە زۆربەی بوارەکاندا ئاستەنگی تێ بکەوێ، ڕەنگە بەرچاوترینیان بواری وەرزش بێ کە کچان و ژنان لە ئێران ناتوانن لە وەرزشگەکان بۆ دیتنی کێبەرکێ وەرزشییەکان وەکوو پیاوان بەشدار بن، لە بەشداری لە زۆربەی ڕشتە وەرزشییەکانیش لە ئاستی نێوخۆ و جیهانیدا بێبەشن. ئەمانەی کە باس کران بەشێک لەو کێشانەیە کە لەسەر ڕێی وەرزشی ژناندایە، دەنا لە بوارەکانی تریشدا ژنانی ئێران بەرەوڕووی زۆر لەمپەر دەبنەوە؛ لە بوارە کۆمەڵایەتییەکانیشدا لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو پۆلیس لەژێر سێبەری تەرحی "ئەمنیەتی ئەخلاقی"! پۆل پۆل ژنان و کچان دەستبەسەر دەکا و بەرێ دەکرێنە گرتنگەکان.

لە لایەکی تریشەوە ئەو ئاستەنگانەی کە لەسەر ڕێی هونەری ژنان بەتایبەت گۆرانیبێژان و ئەکتەران داندراون زۆر بەرچاوە. بۆ نموونە ڕێگری کردن لە بەڕێوەبردنی کۆنسێرتەکان و هەڵوەشاندنەوەی بەشی زۆر لە چالاکییەکانیان و هاوکاری نەکردنیان هۆکار بووە کە چالاکیی هونەریی ژنان وەک زۆر یەک لە چالاکییەکانی تر لە نێوخۆ سنووردار ببێتەوە و بەشی زۆریان دەسبەرداری خولیا و ئارەزووەکانیان بن و بە دەیان ژنی هونەرمەند و دیار بەناچاری وڵاتی خۆیان جێ بهێڵن. هەروەها لە ئاستی کاری ڕێکخراوەیی ژنان، لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەسەڵات لە هیچ کارێک بۆ داخستن و لەکارخستنیان خۆی نەپاراستوە، بەداخەوە ئێستا دەبینین لە نێوخۆی ئێران ڕادە و ژمارەی ڕێکخراوەکانی چالاک لە بواری ژنان لە قامکەکانی دەست تێپەڕ نابن و، گۆڤارەکانی تایبەت بە ژنان کە لە لایەن ئەو ڕێکخراوانەوە چاپ و بڵاو دەکرانەوە تووشی داخران بوون.

لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا پێگەی ژن لە مەیدانی سیاسیشدا لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، ڕاستە ژنان مافی خۆپاڵاوتنیان هەیە، بەڵام دەبێ بە ژێر تیغی شووڕای نیگەهباندا تێپەڕن کە کەمترین باوەڕی بە توانای ژن هەیە و بەشی زۆریان حەزف دەکرێن و، بێجگە لەوەش ژنان بە پێی یاساکانی ئەو ڕێژیمە ناتوانن سەرکۆمار، ڕێبەر و تەنانەت وەزیریش بن.

لە لایەکی تریشەوە ئاشکرایە کە ژنان لەژێر دەسەڵات و پەروەردەی ئەو ڕێژیمەدا وەک چەکێکی دەستی پیاوان بەکار هێنراون و لە هەر چەشنە پێشکەوتنێک ڕێگرییان لێکراوە، کار و پیشەیان لە چوارچێوەی ماڵدا بۆ خزمەت کردنی پیاو و وەچە خستنەوە و کاروباری نێو ماڵ دیاری کراوە و توندوتیژییان دەرهەق کراوە، هیچ پشتیوانییەکی قانوونیشیان لەم بارەوە لێ نەکراوە و تەنانەت بەپێچەوانەوە توندوتیژی دژبە ژنان ڕێگە پێدراوە، ئەم لە ژوور دابەستنەش وای کردوە ڕێژەی بەشداریی ژنان لە کارکردن لە کۆمەڵگەدا کەم بێ و لە ڕووی ئابوورییەوە نەتوانن سەربەخۆ بن و هەروەک دەشزانین کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژنان داناوە و، ئەوانی لە ڕووی ئابووری و تەنانەت دەروونیشەوە بە پیاوان بەستۆتەوە و؛ لە هەمان کاتیشدا لە هەموو لایەکەوە دەچەوسێنەوە و لە هەر چەشنە مافێکی بیمە و پشتیوانیی قانوونیی دوای ڕووداوەکان بێبەشن.

ئەمانە و چەندین پێشێلکاریی تر دیارییەکانی ٤٠ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ژنان بووە، کە لەژێر دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمەدا هەر هەنگاوێکی هەڵیان هێناوەتەوە لەگەڵ بەربەستێکی بەهێز ڕووبەڕوو بۆتەوە کە لەمپەر بووە لە بەردەم پێشکەوتن و گەشە و گەیشتن بە مافەکانیان.

***

# ڕێژیمی پاشایەتی بۆ ڕووخا؟





عومەر باڵەکی

٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ هاوکات بوو لەگەڵ ٤١ ساڵەی تەمەنی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر ڕێژیمی پاشایەتیدا. شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ڕیزی گرینگترین شۆڕشەکانی سەدەی بیستەمە کە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لێکەوتەوە. بەڵام ئێستا و لە دوای ٤١ ساڵ کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەو کاتەوە جێگیر بوو، دۆخەکە پێچەوانە بووەتەوە و خەڵک و هەموو لایەنە سیاسییەکان چاوەڕوانی ڕووخانی ئەم ڕێژیمەن و، نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ئەمساڵ شایەدی ئەم ئیدیعایەیە.

لەم نووسینەدا ئاماژە بە کۆمەڵێک لە هۆکارەکانی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی دەکەین و لێکەوت و ئاکامی ئەم شۆڕشە، خاڵی هاوبەشی لەگەڵ هەلومەرجی ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگەی ئێراندا هەیە و دەبێ. ئەم شۆڕشە بە یەکێک لە ئامانجەکانی کە ڕووخانی ڕێژیمی شا بوو گەیشت، بەڵام ئامانجەکانی تر کە ئازادی و دێموکراسی و ژیانێکی خۆشبژیوانە و ... بوو هێشتاکەش هەر دەستەبەر نەبوون کە هیچ، زیاتریش پشتگوێ خراون و، هەر بۆیە ئەم هەوڵ و خەباتانە هەر بەردەوامە.

**کۆمەڵێک لە هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان**

**هۆکارە نێوخۆییەکان:**

گەندەڵیی ئابووری و ئەخلاقی یەکێک لەو هۆکارانە بوو؛ کە هەموو تانوپۆی سیستمی ئیداریی وڵاتی داگرتبوو و، ئەم گەندەڵییانە بە شێوەیەکی بەرچاو و زەق خودی دەربار و بە تایبەت بنەماڵەی شای گرتبۆوە. هەر ئەمەش ببوە هۆی سەرهەڵدان و پەرەگرتنی جیاوازیی چینایەتی لە ئێران. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە پرۆپاگاندای شا و دەربار باسیان لە هێنانی شارستانیەت و پێشکەوتن بۆ ئەم وڵاتە دەکرد و؛ بۆمان دەرکەوت هێنانی شارستانیەت نەک پیشەسازی و پێشکەوتنی مادی بەڵکوو هێنانی بێبەرنامەی کولتووری ڕۆژاوا بۆ کۆمەڵگەی سوننەتی و مەزهەبیی ئێران بوو، کە خۆی یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش بوو.

**گەشەی مەزهەب:** دەسەڵات و دەزگا ئەمنییەکانی مەترسیی گەشەی مەزهەبیان بەهەند نەدەگرت و تەنانەت زۆر جاران ئەگەر ڕێگەی بۆ خۆش نەدەکردن لانیکەم کەمترین کێشە و لەمپەریشیان بۆ دروست نەدەکرد؛ لە ڕاستیدا نووکی پەیکانی سەرکوتی ڕێژیم بۆ پێکانی ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکان، نەتەوەییەکان بوو.

لەم بەشەدا بۆ ئەوەی هەندێک لە وردەکارییەکان گەشەی مەزهەب لەو کاتەدا بێتە بەرچاو، ئاماژەیەکی ئاماری بە برێک لەو ڕووداو و دیاردانەی ئەو سەردەمە دەکەین کە لە کتێبی "دەنگێک کە نەبیسترا" لە نووسینی نووسەران: "عەباس عەبدی، عەلی ئەسەدی، مەجید تارانیان، موحسین گوودەرزی"دا هاتوە. مزگەوت یەکێک لە پێگە گرینگەکانی ئیسلامییەکان بوو، بە پێی ئامارەکانی ساڵی ١٣٤١ی ئیدارەی ئەوقاف، ٣٦٥٣ مزگەوت لە هەموو ئێراندا بووە کە پاش ١١ ساڵ و تەنیا لە بژاردنی ٢٣٣ شاردا ٥٣٨٩ مزگەوت دروست کراوە. لەسەر چاپی کتێبی مەزهەبی لە نێوان ساڵەکانی ١٣٣٣-١٣٤٢ ڕادەی ٥٦٧ کتێبی مەزهەبی لە ئێران چاپ و بڵاو بوونەتەوە و ساڵ بە ساڵیش ڕووی لە زیادبوون بووە. بە جۆرێک کە لە ساڵەکانی ١٣٥١-١٣٥٣ ئەو ڕادەیە گەیشتۆتە ١٦٩٥ کتێب. بەم جۆرە پەرەگرتنی هەستی مەزهەبیی خەڵک کە دژکردەوەیەک لە بەرامبەر هاوردەی کولتووری ڕۆژاوا بوو، توانی ڕێخۆشکەر بێ بۆ بەدەسەڵات گەیشتنی ڕۆحانیەت.

**سەربەخۆ نەبوونی شا:** دژبەرانی ڕێژیمی پاشایەتی لەسەر ئەوە کۆک بوون کە شا، مۆرەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی و لە سەرووی هەمووانەوە ئەمریکای چاودێریەتی. کۆمۆنیستەکان خەبات بەدژی ڕێژیمیان لە سەنگەری خەبات بەدژی ئیمپریالیزم دادەنا و میللییەکان بە دوای سەربەخۆیی سیاسی و ئابوورییەوە بوون و، ئیسلامییە شیعەکانیش خوازیاری دابەزاندنی شەریعەت ئیسلام لە کۆمەڵگەدا بوون. دیارە ئیسلامییەکان هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ مۆدێرنیزاسیۆنی ئێران کێشەیان هەبوو، بۆ نموونە کاتێک شای ئێران لە ساڵی ١٣٤١دا مافی دەنگدانی بۆ ژنان لەبەرچاو گرت؛ بەرەوڕووی دژایەتیی خومەینی بووەوە و خومەینی بە نیشانەی نارەزایەتیدەربڕین نەورۆزی ئەو ساڵەی بە نەورۆزی ماتەمین ڕاگەیاند. لە گۆڕانی ڕۆژژمێریش لە کۆچی هەتاوییەوە بۆ شاهەنشاهی، دیسان ئەم هەڵڵایانە دروست بوو. لە ڕاستیدا گەورەترین کێشەی ئیسلامییەکان لەگەڵ ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن و هێرشی کولتووریی ڕۆژاوایی بوو.

**نەبوونی ئازادیی سیاسی:** محەممەدڕەزاشا هەستی بەو ڕاستییە کردبوو بوونی حیزب لەنێو کۆمەڵگەدا پێویستە، بەڵام بە جێگای ئەوە ئیزنی کێبەرکێیەکی ئازادانە بدا، لە ڕێگای دامودەزگای دەسەڵاتداریی خۆیەوە بە تایبەتی ساواک هەوڵی ئەوەی دەدا خەڵکی ئێران لە یەک حیزبدا بە ناوی حیزبی "ڕستاخیز" ڕێک بخا و، کۆمەڵگە بەرەو یەک حیزبی بەرێ، ئەوە بوو بە هۆکارێک کەسانێک بە تایبەتی بازاڕیان و توێژی بازرگانان کە هیچ پێشینەیەکی سیاسییان نەبوو لەژێر فشاری ساواک ببنە ئەندامی حیزبی "ڕستاخیز". ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی ئەم چینەش بکەونە بەرەی دوژمنانی ڕێژیمەوە و لە سەرهەڵدانەکاندا ڕۆڵی چالاکیان هەبێ.

**هۆکارە دەرەکییەکان:**

**تایبەتمەندیی جوغرافیایی:** لە دنیای دووجەمسەریدا وڵاتی ئێران بە هۆی هەڵکەوتەی جوغرافیاییەکەی گرینگییەکی تایبەتی هەبوو، بەرەی ڕۆژهەڵات بە سەرکردایەتی یەکیەتیی سۆڤیەت هەوڵی دەدا لە ڕێگای هەناردەکردنی بیری کۆمۆنیستی و پاڵپشتی لە چەپەکان جێ پێی خۆی لە ئێران بکاتەوە و، بەرەی ڕۆژاواش لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە پێش بە نفوزی ئەوان بگرێ. بۆیە هەر هەڵسوکەوتێکی شا و دەوڵەتەکەی لەبەرچاوی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ون نەدەبوو. لە دەیەی پەنجادا شای ئێران بۆ ئەوەی نیشان بدا کە لە بڕیاردان و سیاسەتدا سەربەخۆیە هێندێک مامەڵەی ئابووریی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت کرد کە ئەمە بۆ ئەمریکا و، بەرەی ڕۆژئاوا نیشانەیەکی باش نەبوو، بۆیە کەوتنە کارشکێنیی لەسەر ڕێی حکوومەتی پاشایەتی و بەتایبەتی لەژێر بە بیانووی نەبوونی کەشی ئازادیی سیاسی؛ شایان خستە ژێر فشارەوە.

ئاڵوگۆڕی سیاسیی ناوچە: لە بەرەبەری شکڵگرتنی نارەزایەتییەکانی گەلانی ئێران لە وڵاتی دراوسێی ڕۆژهەڵاتی ئێران واتا ئەفغانستان، حیزبی کۆمۆنیستی لایەنگری یەکیەتیی سۆڤیەت دەسەڵاتی ئەو وڵاتەی بەدەستەوە گرت و، دوای ماوەیەک بۆ سەقامگیرکردنی ئەو حکوومەتە یەکیەتیی سۆڤیەت سنوورە نێودەوڵەتییەکانی بڕیو بە لەشکر و جبەخانەوە هاتە نێو خاکی ئەفغانستان چوو و، ئەوەش هۆکارێکی دیکە بوو کە ئەمریکا و بەرەی ڕۆژئاوا ترسیان ڕێنیشت، لەوەی ئێرانیش بە مەرەدی ئەفغانستان بچێ.

**نەخۆشیی شا:** ماوەی چەند ساڵێک بوو شا تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بوو و ئەوەشی شاردبۆوە لە هەموو دەوروبەرییەکانیشی، بەڵام ڕوخسارێکی زەردهەڵگەڕاو و ماندوو ئەم ڕاستییەی دەردەخست و کەمتر دەرکەوتنەکەی و لەو لاشەوە سەردانی شاژن بۆ زۆربەی شوێنەکان و، هەروەها هەندێک زانیاریی ئیتلاعاتی ئەمریکا گومانی نەخۆشیی شای بەهێزتر کرد و، هەر بۆیەش ئامادە نەبوون لەسەر کەسێک کە ئەگەری مردنی هەیە حیساب بکەن.

پێوەندیی خومەینی و کێنێدی: بە پێی بەڵگەکانی "سیا"ی ئەمریکا، خومەینی لە خەرمانانی ساڵی ١٣٤٢دا لە ڕێگای ئاخوندێکەوە لە سەردەمی سەرکۆماریی جانئێف کێنێدی، پێوەندیی بە سازمانی ئەمنیەتی ئەمریکاوە گرتوە و، لەوێدا باسی لەە کردوە کە دژبە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەنگاو نانێ. خومەینی درێژەی بەم سیاسەتەی خۆی دا هەتا گەیشتن بە دەسەڵات. بەم کارەش دوو مەبەستی دەپێکا، یەک ئەمریکا وەکوو هێزێکی یەکلاکەرەوە نەبووە دوژمنی و دواتریش ئەرتەشی ئێران کە لەژێر کاریگەریی فەرماندە ئەمریکاییەکان بوو؛ دیسان وەک دوژمنێک چاویان لە خومەینی نەکرد و، خۆی وەک کەسێک ناساند کە دژایەتیی لەگەڵ بەرەی ڕۆژاوادا نییە و سەربە بلووکی کۆمۆنیزمیش نییە.

**ڕۆڵی ژێنێراڵ هایزێر:** بە پێی هەندێک بەڵگە لەو سەردەمەدا کە شاپوور بەختیار بووە سەرۆک وەزیران، ژێنەراڵ هایزێر وەک نێردراوی جیمی کارتێر، سەرۆک کۆماری ئەمریکا چووەتە ئێران ئەرتەشی ئێران هان بدا یا پشتیوانی لە بەختیار بکا و یا کوودەتا بکەن و شا لە سەر تەخت لابەرن و خۆیان دەسەڵات بگرنەدەست. بەڵام نوێنەرانی خۆپیشاندەران کە بە هایزێریان گوتوە ئەگەر دەیانهەوێ ئەمریکاییەکانی نیشتەجێی ئێران کە بە ٦٠ هەزار کەس مەزەندە دەکران زیان نەبینن، وا باشە ئەرتەش هان بدرێ خۆی ڕادەستی خەڵکی ناڕازی بکا. لە ئاکامدا دەبینین ئەرتەشێک کە بە ژاندارمی ناوچە دەناسرا و یەکێک لە ئەرتەشە بەهێزەکانی جیهان بوو؛ بە پێی بەرژەوەندیی ئەمریکاییەکان تەسلیم بوو.

بەو خوێندنەوەی سەرەوە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان لە ساڵی ٥٧ی هەتاوی بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی، یەکیان گرتەوە و ئەم دەسەڵاتەیان تێکەوە پێچا. بەڵام نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و یەک ئامانج ڕەوتی شۆڕشی گەلانی ئێرانی گۆڕی و بە جێگای هاتنە سەر دەسەڵاتی نیزامێکی دێموکراتیک کە ماف و کەرامەتی ئینسانی و دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتی تێدا پارێزراو بێ، دەستەیەکی پاوانخواز و بەدوور لە بەها ئینسانییەکان سواری شەپۆلی نارەزایەتییەکانی خەڵک بوون و، لە نێوەرۆکدا هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ سیستمی پێشوو نەبوو و نییە. هۆکارەکەشی هەروەکی پێشتریش باس کرا نەبوونی یەکگوتاری و یەکهەڵوێستیی ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتنخواز بوو کە ئەوە باشترین مەجالی بۆ لایەنگرانی خومەینی خولقاندبوو کە هەم فەزای خۆپیشاندانەکانی خەڵک بە شوعارەکانی خۆیان پڕ بکەن و هەم ئارام ئارام ئەو بیروباوەڕە لەنێو خەڵکدا بڵاو بکەنەوە و بیکەن بە ئەمری واقع، کە ئەوە تەنیا خومەینییەکە ڕێبەریی شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی دەسەڵاتی شا دەکا.

ئێستای ئێرانیش ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنی پێشکەوتنخواز و دێموکرات و باوەڕدار بە مافی مرۆڤ و نەتەوەکانی ئێران یەک نەگرن و یەکگوتار و یەکهەڵوێست نەبن بە مەرەدی شۆڕشی ساڵی ٥٧ دەچن و لایەنی هەلپەرست بە پاساوی ئێرانچییەتی لە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن.

# ئینتێرنێت لە ئێران، لە نێوان بەربەستە ئەمنیەتی و تێکنۆلۆژییەکاندا



ئەیووب شەهابی‌ڕاد

به پێی دوایین ئامار و زانیارییەکانی بەشی تێکنۆلۆژی و زانیاریی تایبەت بە ساڵی ٩٨، ژمارەی کاربەرانی ئینتێرنێتی (باندی پان) گەیشتۆتە ٧٤ میلیۆن و ٥١٨ هەزار و ٥٩٥ کەس. ئاستی بڵاوبوونەوەی ئینتێرنێت لە وڵات ٩٠.٧٨٪ە. لەم ڕێژەیە ٨٦٪ لە ئینتێرنێتی جۆری (٣ G) و (٤ G)-ی مۆبایل، ١٢٪ لە ئینتێرنێتی (ADSL) و ٢٪ لە ئینتێرنێتی (TD-LTE) کەڵک وەردەگرن.

بە پێی ئامارەکانی ئەم ناوەندە، ٦٤ میلیۆن و ١٣٧ هەزار و ١١٢ کەس لە ڕێگەی سیمکارت و تەلەفوونی زیرەکەوە بە ئینتێرنێتەوە پەیوەستن و ١٠ میلیۆن و ٣٨١ هەزار و ٤٨٣ کەس کاربەری (باندی پانن). واتە نزیکەی ٧٨٪ی خەڵکی ئێران لە ئینتێرنێتی جۆری گەڕۆک و سیمکارت کەڵک وەردەگرن.

بە پێی ئامارە جیهانییەکان، ڕێژەی بڵاوبوونەوەی ئینتێرنێت لە جیهاندا ٥٧٪ە. لە وڵاتانی ئەمریکا و باکووری ئورووپا ئەم ڕێژەیە ٩٥ لەسەدە. لە حەشیمەتی ٧ میلیارد کەسیی جیهان، ٥ میلیارد کەس مۆبایل بەکار دێنن و زیاتر لە ٤ میلیارد کەسیش لەم ڕێژەیە کاربەری ئینتێرنێتن.

ڕێژەی بەکارهێنانی ئینتێرنێتی جۆری مۆبایل لە ئێراندا لە چاو وڵاتانی تر زۆر زیاترە. کە ئەمەش بەشێکی بەهۆی ئەو ئیمکانات و ئاسانکارییانەیە کە مۆبایلە زیرەکەکان هەیانە. هەروەها پێوەندییەکان لە سەردەمی نوێدا زیاتر پێوەندیی وێنەیین تا تەلەفوونی.

بە پێی ئەو ئامارانەی باس کران، لە ئێراندا زۆرترین ڕێژەی کاربەرانی ئینتێرنێت، ئینتێرنێتی جۆری (G & ADSL ٤ ,G ٣) بەکار دێنن. لە حاڵێکدا ئینتێرنێتی جۆری (LTE)، لە بواری خێرایی و چۆنایەتیی گەیاندنەوە، ئاستی لە جۆرەکانی تر زۆر باشترە. بەڵام لە ئێراندا ئەمجۆرە ئینتێرنێتە یان زۆر گرانە یان خزمەتگوزارییەکەی زۆر کەم و لاوازە.

**کێشە و گرفتەکانی ئینتێرنێت لە ئێراندا**

پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ٢٠ ساڵ دەسڕاگەیشتنی ئێران بە ئینتێرنێت، هێشتا مەودایەکی زۆر لە نێوان خستنەڕوو و داواکاری لەسەر ئینتێرنێت هەیە. خزمەتگوزارییەکانی ئینتێرنێت، جیا لە نزم بوونی ئاستی پێوەندی و خێراییان، هەزینەیەکی زۆریشیان خستۆتە سەر شانی کاربەران. بە پێی ڕاپۆرتی ساڵی ١٣٩٤ی تۆڕی جیهانیی (نێت ئیندێکس)، ئێران لە ڕووی خێرایی ئینتێرنێت لە نێوان ٢٠٠ وڵاتی جیهاندا پلەی ١٤٧ و لە ڕووی نرخی ئینتێرنێت لە نێوان ١٩٢ وڵاتدا، پلەی ١٦٩ی هەبووە.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەکارهێنەران و شیرکەتەکانی خزمەتگوزاریی ئینتێرنێت واتە (ISP)-یەکان، هەمیشە قۆرغاکارییەکانی شیرکەتی (ژێربینای پێوەندییەکانیان) کە سەر بە (وەزارەتی پێوەندییەکان و تێکنۆلۆژیی زانیارییە) بە هۆکاری دۆخی خراپی ئینتێرنێت زانیوە. شیرکەتی ناوبراو بە تەواوەتی هاوردەکردن و بڵاوکردنەوەی ئینتێرنێتی لە هەموو ئێراندا قۆرغ کردوە. پێویستە بڵێین کە هەموو سێرڤێرەکانی ئینتێرنێت و پێوەندییە ڕادیۆییەکان ڕاستەوخۆ لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی شیرکەتی موخابەراتی ئێران‌دان. ئەم شیرکەتە لە سەردەمی ئەحمەدینژاددا بە نرخێکی زۆر کەم فرۆشرا بە سپای پاسداران. واتە وەزارەتی (پێوەندییەکان و تێکنۆلۆژیی زانیاریش) ناڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی شیرکەتی موخابەراتدایە نەک کابینەی دەوڵەت.

تا ئێستا جیا لە بەکارهێنەران، شیرکەتەکانی (ISP) و چەندین جاریش هێندێک لە نوێنەرانی مەجلیس ڕەخنە و گلەیی توندیان لە دۆخی خراپی ئینتێرنێت بە تایبەت لە ڕووی کوالیێتی و گران بوونییەوە هەبوە، بەڵام بۆ یەک جاریش هیچکام لەم شیرکەتانەی کە باس کران، وڵامیان نەداوەتەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنیا لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لە پارادۆکسدا نییە بەڵکوو لە بواری تێکنۆلۆژیکیشەوە هەمیشە لە پارادۆکسێکی گەپجاڕانەدا بووە. پڕۆژەی تۆڕی میللیی زانیارییەکان یان هەمان (ئینتێرنێتی میللی) لە چەندین ساڵ بەر لە پەسەند کردنی لە ساڵی ١٣٨٥، بەردەوام لەلایەن بەرپرسان و بە تایبەت خودی خامنەییەوە باس و بانگەشەی بۆ دەکرا. ئەم پڕۆژەیە لە ساڵی ١٣٨٥ـەوە تا ساڵی ١٣٨٨ جیا لە نووسراێکی سەر کاغەز هیچی تر نەبوو. لە ساڵی ١٣٨٩ بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی جیدیتر کاری بۆ بکرێ ناوی بۆ (تۆڕی میللیی پێوەندییەکان) گۆڕا و پاشان لە دەورانی حەسەن ڕۆحانیدا بەڵێن درا تا کۆتایی بەرنامەی پێنجەمی گەشەسەندن پیادە بکرێ کە تا ئێستاش هیچ ئەنجامێکی نەبووە. هەر لە دەورانی حەسەن ڕۆحانیدا کە ئینتێرنێتی جیلی ٣ و٤ـیش گەیشتە ئێران، زۆرێک لە توندڕەوەکانی نێو دەسەڵات هێرشیان کردە سەر شیرکەتەکانی خزمەتگوزاریی ئینتێرنێت کە بۆ پێشگیری لە خێراتربوونی ئینتێرنێت نابێ (باندی پانی) زیاتر بڵاو بکەنەوە.

دۆخی خراپی ئینتێرنێت لە ئێراندا تەنیا گرفتە فەننی و تێکنۆلۆژییەکان نین. بیرکردنەوەیەکی پاسیڤە کە لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا کە ئینتێرنێت گەیشتۆتە ئێران، زۆربەی توانا مادی و مرۆییەکانی خۆی بۆ سیستم و تێکنۆلۆژییە سیخوڕی و چاودێرییەکان تەرخان کردوە.

ئینتێرنێت لە ئێراندا، کۆنترۆڵ و چاودیریی ئەمنیەتیی بەسەرەوەیە و هەروەها لە بواری فەننی و تێکنۆلۆژیکەوە زۆر لاوازە، نرخەکەی زۆر گرانە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم کەموکووڕییانە، ئینتێرنێت و بە تایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە ئێستادا بوونەتە سەکۆیەکی ئازاد بۆ خەباتی جەماوەریی خەڵکی ئێران.

## دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دیکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

# لەبن پەتی سێدارەوە


شەهید کەریم تووژەڵی

**(نامەیەکی شەهید کەریم تووژەڵی لە زیندانەوە بۆ هاوڕێیەکی بەرپرسی حیزب)**

بە هۆی وەیکە خەڵک زۆر گیرابوون و ش«بەناوی شەهیدانی سورخەڵاتی گەل و بەناوی خۆڕاگرانی شێلگیر و فیداکار

بۆ برای زۆر بەڕێز کاک مستەفا، وێڕای سڵاوی گەرم و شۆڕشگێڕانە

ساخی و سەرکەوتن و سەرفرازیت ئومێد و هیوای منە و... سڵاو ڕێزم هەیە بۆ بنەماڵە و تەواوی دۆست و ڕەفیق و نزیکان.

زۆر دەمێکە لەفکری نووسینی نامەیەکدا بووم بۆ ئەوەی بتوانم لە حاڵ و وەزعی خۆم ئاگادارتان بکەم، چونکە دڵنیام بەدوای گیرانی من و بەنیسبەت بەرخورد و هەڵوێستی من نەوعە نیگەرانیەکتان بووە، بەڵام بە واتای حەقیقی تا ئەو چەند ڕۆژانە، نە مەلاقاتم بووە و نە چووکترین فرسەتم بووە. ئێستا لەو وەزعەدا زۆر لە ترسدا ئەو چەند دێرە دەنووسم و دەیندێرمە دەرێ. هەرچەندە ئەو جەریانەی من بەرەوڕووی بوومەوە بەشێکی زۆری دەگێڕمەوە بۆ بێلوتفی و کەمتەرخەمیی ئێوە لەگەڵ مندا بە تایبەت شاهۆی بەڕێز کە نامەهەوێ درێژدادڕی بکەم چونکە لە نامەیەکدا بە دووروودرێژی بۆ کاک حەسەنم نووسیوە، بەڵام بەهەرحاڵ بیر و باوەڕی من زۆر لەو بێلوتفیانە بەهێزترە کە بەهیچ جۆر ناتوانن لەسەر بیر و ئیعتقادی من تەئسیری مەنفی‌یان هەبێ، چون لام زۆر موقەدەس و بەڕێزە و هیوادارم وەک هەمیشە تەجروبەکان دووبارە تەجروبە نەکەنەوە.

لەسەر شێوەی گیرانەکەم پێویستە عەرزتان بکەم لەمانگیی ٢دا un منیان بانگ کرد و گوتیان دەمانەوێ بەمەبەستی بەڕێکردن، موشکیلەی (خروجی) ت بۆ حەل بکەین. بۆ ئەو مەبەستە منیان برد بۆ ئەمنیەتی مەرکەزی لە ئەنکارا، لەوێ بە پۆلیس مەعەرەفییان کردم و پێیان گوتم هەر ئەو ئەدرەسەی داوتە هەرکات بەو ئادرەسەی داوتە پۆلیس، ئەگەر پۆلیس لەدوای ناردی بچۆ. دوای مانگێک پۆلیس داوای بینینی کرد و منیش بە نییەتی ئیحتیات کردن لەگەڵ un مەوزوعەکەم باس کرد بە تەلەفوون، گوتیان هیچ نیگەرانیت نەبێ. منیش بە دڵنیایەوە چووم هەر کە گەیشتمە ئەوێ پۆلیس دەستیان بەستم ولە مەرزی ئێران خۆم دیتەوە و هاوار و ڕشوەدان بە هیچ کوێ نەگەیشت. کە بردیانم بۆ مەرز مەئمووری ئێران لەوێ چاوەڕوان بوون و لە مەئموورانی تورکیەیان تەحویل وەرگرتم و یەکسەر بردیانم بۆ «خۆی»یە، پاش چەند ڕۆژ هێشتنەوە و بازجوویی هێنایانم بۆ ئیتلاعاتی ئوستان. لەوێ حاجی قودرەت ئەسلی مەسەلەکەی بۆ باس کردم و گوتی لە پارەوە ئێمە لە تەعقیبی تۆداین، بەخۆشییەوە ئێستا کەوتوویەتە داوی سرویسە ئیتلاعاتییەکانی ئێمە و هیچ کەس نییە تۆ نەجات بدا، حەتا مەلا عەولاش، تەنیا خۆتی کە توانای ڕزگار بوونی خۆتت هەیە. بەهەرحاڵ لە سەرەتایەکاندا زۆر ڕێز و ئێحتڕامیان گرتم، منیش لە مەبەستی ئەوان حاڵی بووم. بۆیە تەشریفاتی ڕواڵەتیی ئەوان نەیتوانی من فریو بدات. هەربۆیە پاش چەند ڕۆژان نیعمەتی ئیلاهییان بەسەردا باراندم کە لەباس کردن و گێڕانەوە نایەت. نامهەوێ ئەوەتان بە ڕۆخ بکێشم، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە بردیانم بۆ ژێرزەمینێک کە وەک دیوی عەمەلی جەڕاحی دەچوو کە چەند جار لەژێر تەوژمی پرۆژکتۆردا سەریان لەدەزگایەکی بەرقی دام کە ئەو دەزگایە ئینسانی نیوە بێهۆش دەکرد و دەزگای زەبەت گیری پێوەبوو. زۆریان هەوڵ دا، ئەوەی مەبەستیان بوو پێی نەگەیشتن، بۆیە پاش چەند ڕۆژان ڕەوانەی سەردەشتیان کردمەوە و لەوێش پاش سێ مانگ ئازار و ئەشکەنجە و لێدان و بازجوویی ڕەوانەیی بازداشتگای ئیدارەی ئیتلاعاتی مهابادیان کردمەوە. لەو ماوەیەدا کە لە سەردەشت بووم لە ئیدارەی ئیتلاعات زیاتر هیچ کەس لە بوونی من ئاگادار نەبوو و بەشێوەیەکی زۆر مەخفی هێشتبوویانمەوە کە دیارە مەبەستی خۆیان هەبوو.

لە سەردەشت بۆ لەڕەسمەبردنی من هەوڵێکی زۆریان دا و پیلان و عەوامفەریبیی زۆریان گیرا بەڵام بەشی ئەوەندەم تەجروبە هەبوو کە لەبەرامبەر ئەشکەنجەی ئەواندا خۆم ڕابگرم و فریوی ئەوان نەخۆم. هەربۆیە کە لەو تاقیکارییانەیان شتی ویستی خۆیان دەست نەکەوت، چەند داوایەکی دیکەیان هێنا گۆڕێ کە بریتی بوون لە لەسەر تەلەفزیۆن قسەکردن، کە ئەوەم ڕەت کردەوە. گوتیان لە نوێژی جومعەدا لە سەردەشت قسە بکە، گوتم توانام نییە. پاشان گوتیان شووڕا و ڕیش سپیی گوندەکانی بڵفەت کۆ دەکەینەوە لە مزگەوتی میراوێ قسەیان بۆ بکە، کە ئەوەش وەڵامی ڕەددی هەبوو. ئاخرین داواکارییان ئەوە بوو کە بەشێوەی نهێنی بمێنمەوە. چەند کەسێکیان لە دۆستانی لای ئێوە بۆ دەستنیشان کردم کە کاریان لەسەر بکەم و بیانکەم بە عوامیلی نفووزی کە ئەوەش هەر وەڵامی ڕەدی هەبوو. دیارە بە ڕواڵەت دەیانگوت ئەگەر یەکێک لەو کارانە بکەی ئێمە ئیمکاناتێکی زۆرت پێ دەدەین و ئازادت دەکەین. بەڵام نییەت و هەدەفی ئەوان زۆر باش لای من ڕوون بوو، بۆیە ئەو داواکارییانە هەر وڵامی ئاوایان پێویست بوو. بەو مەوزەعگیریانەی من زۆر ڕەق و توورە بوون. هەربۆیە لەوێ سوێندیان لێ خواردم کە ئەگەر ئەوا بڕۆیە پێش ئیعدامت دەکەین. پاشان هێنایانم بۆ مەهاباد و بردیانم بۆ دادگای ئیتلاعات و پاش چەند ڕۆژان لە دادگایەکی تەشریفاتیدا، حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپاندم.

هەرچەندە ئێستا حوکمی ئیعدامم خواردوە بەڵام بۆمن مایەی شانازی و سەربەرزییە، کە بۆماوەی چەند مانگێکە گیراوم و کەسێک لە سیاچاڵەکانی ڕێژێم نابینم کە بە ئیعترافی من گیرابێ، تەنیا کەسێک نەبێ کە ئەویش لەدادگا هەرچی گوتبووم ڕەتم کردەوە و ئەویش ئازاد بووە. بۆیە لەو بارەیەوە دڵنیاتان دەکەم من ئیعترافم لەسەر کەسێک نەکردووە کە حوکم بخوات. لەتەواوی ئەو کەسانەی کە لەژێر ئەشکەنجەدا ئیعترافم کردوە چوار پێنج کەسی دۆستی ئێوەیان تێدایە کە ئەوانیش ئەندام نین و بە عینوانی لایەنگریش ماوەیەکی زۆر ئیرتباتیان قەتع ببوو. هەرچەند فشارێکی زۆریان بۆ هێنام بەڵام من هەرگیز ئیجازەم بەخۆم نەدا، چونکە ئەگەر لەباری حیزبییشەوە نەبێ، لە بواری ئەخلاقی و ویژدانیەوە لە مقابیل ئەو کەسانەدا تەعەهودم هەیە و بۆیە ئامادەم و ئامادە دەبم بۆ پاراستنی گیان و مەوجودییەتی ئەوان خۆم بەپەتی سێدارە وە بکەم. دیارە ناوی چەند ماڵێکم گوتوە ئەویش «مەزرایی» زۆری...

درێژە بۆ لاپەڕەی ٧

# وەگۆڕینی زۆرینەی پاسیڤ بە چالاک

**سام یارسان**



بەردەوام بەدرێژایی مێژوو، ئەو ڕەوت و لایەنە شارستانیەتسازانە لە ئاکامی بەشداریی هەمووان یا لانیکەم بەشی هەرەزۆری شەبەنگی کۆمەڵگەکان هاتووەتە ئاراوە و، تەنانەت بەشێک لەو هێرشانەی گەرووز و گزمییەی وەک هێرشی عەرەب لە ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر یان هێرشی دڕندانەی مەغوول لەم پارادایمە بێبەش نەبوونە و، هیچ کاتێکیش وێنا نەکراوە کە کەمینەیەکی بچووک بتوانێ لە ڕەوتی گەشەسەندنی شارستانییەت و کولتوور دەنگی هەبێ، ئەگەرچی زۆر جار بینیومانە گرووپێکی بچووک دەسەڵاتی بەسەر زۆرینەدا هەبووە و هەموو ژین و ژیانی خەڵکیان ڕەوگیر کردوە، کە ئەمەش هیچ تەوفیرێکی نییە ئەمە لەلایەن دوژمنێکی غەوارە بووبێ یا خەڵکانێکی سەربەو کۆمەڵگەیە. بەڵام ئەوەی کە جێگای هیچ شک و گومانێک نییە ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی وەها قەت ناتوانێ شارستانییەت بخولقێنێ و ڕەسەنایەتیشی بۆ دەسنیشان ناکرێ مەگەر ئەوەی‌کە قەناعەتێک هەبێ کە بخوازێ هێدی هێدی کۆمەڵانی خەڵک بکاتە هاوڕێی خۆی، ئەو خەڵکانەی کە ڕەنگبێ سەرەتا بە هۆکاری ئەوەی‌کە هیچ دەسەڵاتی بەسەرەوە نییە؛ بەڵام بە تێپەڕینی زەمەن ئەو خەڵکانە بە هەست پێکردنی، ببنە هاوڕێی و لەتەکیدا بن.

خەڵکی ئێرانیش، هەر زۆر زوو بەوە گەیشتن کە، ئەو لادان و دوورخستنەوەیە لە پێکهاتە و بنەمای ڕێژیمی سەڵتەنەتی کە وەدەستیان هێنابوو دەگەڵ ئەو شارستانییەت و مەدەنییەتەی سەرنجیان دابووێ گەلێک مەودای هەیە، بەڵام حاکمیەت باوەڕی وابوو کە ئەمە گرنگیی هەیە و، هێورهێور ئەوەی کە خەڵک هێشتا پێی نەگەیشتوون پێیان نیشان دەدا و خەڵک دەبنە هاوڕێ و پشتیوانیان. ئاکامەکەی ئەوە بوو کە هیچ جۆرە بەرچاوڕوونییەکی خێر نەبینرا و تەنانەت هەندێک لەو دروشمانەش بوونە بلقی سەرئاو و لەبیر خۆیان بردەوە، هەر دەتگوت لە سەرەتاوە کەڵکەڵەی ئەمانە نەک ئازادی، هێمنایەتی، تەناهی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەشداریی خەڵک بووە، بەڵکوو تەنیا سەرکوت و چەوساندنەوە و درۆ و بڕەو دان بەو کولتوورە سەقەت و نەشیاوە بووە و هیچی تر.

ئەمڕۆکە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە دەتوانن بیر بکەنەوە و مێشکێکی پرسۆکیان بۆ ماویتەوە، ئەم باسە بۆتە مەتەڵێکی پارادۆکسیکاڵ و ئیتر هیچ بەڵگە و لۆژیکێک بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە پێویست نییە. بەڵام ئاخۆ چۆنە هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێ ئەو گرووپە تاسەفرۆشە بەو چیرۆکە دۆڕاوانەی خۆیان کە دەسەڵاتی پێ دەگێڕن و ئەو لایەنەی تر کە زۆرینەن و ئیدی هیچ باوەڕ و متمانەیەکیان بەو چیرۆکانە نەماوە، هەروا مەحکوومن؟

ڕەنگبێ هاسانترین بەڵگە ئەمە بێ کە سەرجەم ئێمەمانان وەها ڕۆچووبێتینە نێو ژیانی ڕۆژانەمان و نوقم بووینە کە لەبیرمان چوویتەوە ئەو خەیاڵفرۆشە درۆزن و چەواشەکارانە هەرچەندە ڕیاباز و کڵاوچی بن بەو مانایە نییە کە نەزانن! ئەوان پێش ئێمە دەیانزانی کە ئەو چیرۆکانە هەمووی گەمە و هەڵبەستراوە و، درۆزنیش یەکەم کەسە کە درۆی خۆی ناس دەکا. بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ کە ئەمانە لانی‌کەم ئەوەندە کارزان و بەتەگبیرن کە دەگەڵ درۆ و گزمی هەڵبەستراوی خۆیان، دە بیری ڕێکارێکن کە دوایی خەڵک بۆیان دەرکەوت، بۆیان نەبێتە کێشە.

زۆر و زێڕ و زوڵم، کەرەستەی ئەم گرووپە بوو کە برینی ئەمڕۆمان و ترسی سبەینێمان لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام ئەوەی کە کەمتر سەرنجی دراویتێ ئەوە بوو کە، ئەو چاندن و داڕشتنەوەی شوناسی ئێمە بوو کە بۆیان وێنا کردووین.

هەنووکە لە پەنا هەموو برین و ئێش و ئازارێک، بەشی هەرە زۆرمان ئەو ڕەوشەی ئێستا بەرهۆدەی ئەتنیک، ڕەگەز و هۆکاری لەم چەشنە دەزانین! من ئەگە لە دۆخێکی نالەباردا هەڵکەوتبم، هۆکارەکەی ئەمەیە کە کوردم، هۆیەکەی ئەوەیە کە کەمینەیەکی ئایینیم، ژنم، پیرم، لاوم و ... واتە لە نزیک هەرکام لە ئێمە بۆ هەڵکەوتن لەو ڕەوشەدا چەند هۆکارێکی لەو دەستەیەمان هەیە کە دەتوانین بە شێوەیەکی نەرێنی، بەرپرسیارەتیی ئێستا و ئەمڕۆمان لەکۆڵ خۆمان بکەینەوە و بیخەینە ئەستۆی هەستی زوڵم لێکراوەیی و سەدەمە دیتوویمان.

سەرەتا دەبێ سەرنج بدەینێ کە ئەگە هەستێکی وامان هەبێ یا نا، ئەوەی‌کە ئایا ئەم هەستە بەرحەقە یا نا؛ هیچ جیاوازییەکی بۆ ڕەوشی ئەمڕۆمان نابێ و هیچ دەردێکیشمان بۆ دەرمان ناکا و دڵ پێخۆش بوونمان بەو پاساوانە یاری کردنە بە خۆمان. کەوابوو دەبێ دەست لەو خۆفریودانانە هەڵگرین و جوانتر و وردتر بڕوانینە دەورووپشتمان. یەکەمین و سەرەتاییترین تێگەیشتنمان لە هەبوونی ئەو کەمینە درۆزنانە چییە؟ زەخت و زۆری تەنیا بۆ بڕەودان بە ئیدئۆلۆژییەک کە بە زۆر دەرخواردمان دراوە و ئەگە لەدەستیشیان بێ دەخوازن ئەو بیرۆکەیەیان بخەنە نێو دەماری هەموو دنیا؛ ئەوەیش ئەسڵی ولایەتی فەقیهە و بەس.

تەنانەت باسی ئیسلام و شەرعیاتی شیعەش نییە، ئەمر و حوکم ڕوون و دیارە. خەلیفە یا سوڵتانە کە لەهەموو کون و قوژبنێکدا خول دەخوا و حوکم دەدا و بەرژەوەندیی چێرومێری دەوروبەری سوڵتانیش داڵغە و ختوورەی ئۆل و ئایین نییە و تەنیا حەزی زێڕ و زۆرە. جا لە هەمووی سەیرتر ئەمەیە کە ئەوەیان هەموومان دەزانین و باس لێکردنی بۆمان چەندپاتەیە! بەڵام ئەوەی کە کەمتر سەرنجمان داویتێ ئەوەیە کە، بە ڕوانینی دەسەڵات هەوێتی و شوناسی تاکیمان هیچ جێبایەخ و گرنگیی نییە و ئەگە من دەچەوسێمەوە ئەوە لەبەر کورد بوونی من نییە یا لە هەمبەر ئایینەکەم نییە بەڵکوو ئەوە ئەو خەیاڵەیە کە ئێمە بۆخۆمان دامانتاشیوە و هیچی تر، ئەگینا بۆ میناک ئەگە کورد نەبام و تورکێک بام ئایا ڕەوشەکە دەگۆڕا؟ ڕەنگبێ بڵێم بەڵێ، ئەوەی کە بەسەر ئێمە هات بەسەر ئەوان نەهاتوە! بەڵام ئەوەشمان لەبیر دەچێتەوە کە ئەوانیش بەجۆرێک لە ئێمەن و ئەوانیش ئەزموونێکی تاڵ و تفتیان هەیە، ئەوانیش زۆریان زوڵم لێکراوە بەڵام بە لەونێکی تر و بە ئاقارێکی تر. ئەوە ڕێک ئەو جێگایەیە کە لەنێوان ئێمە لەمپەڕێک دروست دەکا و "ئێمە" لەو زۆرینەیە دەکاتە "ئێمە"یەکی بچووک و دەبینە ڕادەیەکی زۆر لە "ئەوان"، کە هەرچەندە ئەوانیش وەک ئێمە دەچەوسێنەوە بەڵام لە ئێمە نین! بۆچی؟

چارەڕەشییەک ئا لێرەدایە کە، ئەمەیە ئەو یارییە تاڵە وا ساڵانێکە لەتەکمانە و خەڵکانێکی زۆر کەم گرنگییان پێداوە. دەبینم کە زوڵمێکی زۆر لە ژنان دەکرێ بەڵام بە نێرینی من، بەمن چی؟ خۆ من ژن نیم! ئەوەی‌کە دایک و خوشک و کچ و خێزانی منیش ژنن، کاریگەرییەکی ئەوتۆم لەسەر دانانێ!، ئەو "منە" کێشەی خۆی هەیە کە دەبێ چارەسەری بکا! من دەبینم کە، بەلووچێک، تورکەمەنێک یا عەرەبێک لەم وڵاتە دەچەوسێتەوە و زوڵمی لێ دەکرێ، بەڵام پێوەندیی بە منەوە نییە! چونکە من کوردم و بەمن چی، "ئەوان" چیان بەسەر دێ؟! من کێشەی خۆم هەیە. من دەبینم دزێک، یا تاوانبارێک کە دەبێ بەسزای خۆی بگا، لە دەرەوەی عیداڵەت و دادپەروەری یەکجار زۆر زوڵمی لێ دەکرێ، هەمیسان بە من چی؟! باشە دەبێ سزا بدرێ ئیدی! و تەنانەت ئەگە لە دەرەوەی ئینسافیش بێ هەر بە من چی؟! من گرفتی خۆم هەیە!

زۆر ناخهەژێن و گەمژانەیە کە ساڵانێکە دەگەڵمان یاریی "من" و "ئەوان" دەکەن و ئێستاش کە ئێستایە تەنانەت ئەگە هەستیشمان بەو یارییە کردبێ، ئەو جۆرەی کە دەبێ ببێ هیچ هەڵوێستێکی ئەوتۆمان نەنواندوە. دەبێ بزانین و وریا بین کە خانی کۆتایی ئەو یارییەی "منیەت" زۆر تاک لایەنانە دەبێ، کە بێدەنگی و تەنیایی تاق بە تاقی ئێمەی بەدواوە دەبێ و هێندەی پێناچێ کە برا لە خەمی برادا نابێ و منداڵ و دایک و باوکیش گوێیان بەیەکدی ناچێ، چ بگا بە قەوم و نەتەوە و نیشتمانمان! ئەو ڕۆژەش دەبینە گرووپێکی ئاڵۆز و بڵاو و هەروەک مسافیرانی گەراجێکمان لێ دێ کە هەرچەندە هەڵاهەڵا هەیە بەڵام کەسمان کەس ناناسێ و نزیکیی بیر و باوەڕمان لەدەست دەدەین. تەنیا لە بەرامبەردا مرۆڤێک کە دەتوانێ ڕزگاریدەری هەموولایەک بێ، هەمەن ئەو کەسەی دەتوانێ هەست بە ناسۆری و ژانی ئەویتر بکا، نەک هەر لەبەر ئەوەی‌کە تشتێکی پیرۆزە یا لە ناخی ئێمەدا هەیە، بەڵکوو لەم ڕووەوە کە دەزانین لە ئاکامی ئەم یارییەدا چی و چمان بەسەر دێ. ئەگە من دەردی ئەویتر هەست پێنەکەم و دەرکی نەکەم، چ هیوایەک هەیە کە ئەوانیتر ئەو هەستەیان هەبێ و ئاکامەکەشی دەبێتە تەنیایی و دیتنی زوڵم و زۆری!

هەرکەسێ لە فکری دەردی خۆیدایە لە حاڵێکدا ئازارمان یەکە و دەرمانی ئەم دەردەش یەکبوون و یەکیەتیمانە.

❋❋❋

# کاتی کۆتایی‌هێنان به مۆته‌که‌ی دیکتاتۆریی دڕنده‌ی ئێران هاتوه



و: که‌مال حه‌سه‌نپوور

له ١٩٧٩، خوێندکارانی ئێرانی له‌گه‌ڵ لایه‌نگره ئه‌مریکاییه‌کانیان له‌سه‌ر شه‌قامه‌کانی واشینگتۆن خۆپیشاندانیان ده‌کرد، ئه‌وان دژی ”سه‌رکوت“ له وڵاته‌که‌یان ناڕه‌زایه‌تییان ده‌رده‌بڕی و دروشمی ”بمرێ شا“یان ده‌دا. دوای ماوه‌یه‌کی کورت، کاتێک سه‌رۆک کۆمار جیمی کارتێر پشتی له هاوپه‌یمانه له‌مێژینه‌که‌ی ئه‌مریکا کرد، ئایه‌توڵڵا خومه‌ینی له پاریس‌ڕا گه‌ڕایه‌وه و ده‌ستی به لێکهه‌ڵوه‌شاندنی ئێرانی شا کرد و ڕێژیمێکی ئیسلامیی نوێی دامه‌زراند.

ئه‌وه ڕۆژێکی نوێ بوو. ڕۆژێکی ڕه‌شی نوێ.

سیاسه‌توانه ڕۆژئاواییه‌کان تووشی سه‌رلێشێواوی بوون و دڵنیان که ئه‌مریکا خه‌تاباری هه‌رچی شتی خراپ له جیهانه و له‌وانه‌یه هه‌وڵ بده‌ن خۆیان ڕازی بکه‌ن که ڕه‌نگبێ دیکتاتۆرییه ئایینییه‌که‌ی تاران نوێنه‌ری خه‌ڵکی ئێرانه. ئه‌وان بیر له‌وه ده‌که‌نه‌وه که ڕێگا بۆ ئایه‌توڵڵاکان خۆش بکه‌ن که بێنه نێو کۆڕی نه‌ته‌وه خاوه‌ن شارستانییه‌کان. ئه‌وه نابێته هۆی وه‌ڕاست گه‌ڕانی ئه‌و بیرۆکه‌یه.

کۆماری ئیسلامیی ئێران دیکتاتۆرییه‌کی بێبه‌زه‌یی سه‌ده‌کانی نێوه‌ڕاسته، که هۆی مانه‌وه‌که‌ی به‌کارهێنانی هێزی له ڕاده‌به‌ده‌ری سه‌رکوت و دڕنده‌یییه.

ئێران به به‌راورد له‌گه‌ڵ ڕێژه‌ی حه‌شیمه‌ته‌که‌ی پتر له هه‌ر وڵاتێکی دیکه‌ی ئه‌م دنیایه خه‌ڵک ئێعدام ده‌کا. ڕێژه‌ی ئه‌و که‌سانه‌ی که ساڵانه له ئێران ئێعدام ده‌کرێن له هیی گشت وڵاتێک جگه له چین، که ڕێژه‌ی دانیشتووانی حه‌ڤده هێنده‌ی ئێرانه، زیاتره. حوکمی ئێعدام به‌سه‌ر تاوانی بێتوندوتیژی ده‌سه‌پێ و به گوێره‌ی یاسای سزای ئێران کچی ٩ ساڵه و کوڕی ١٥ ساڵه بۆ ئێعدام کردن ده‌بن.

به گوێره‌ی ئه‌و حوکمانه‌ی که له لایه‌ن سیستمی دادوه‌ریی کۆماری ئیسلامییه‌وه ده‌درێن، خه‌ڵک ده‌توانن به تۆمه‌تی تاوانی ناڕوونی وه‌ک ”شه‌ڕ له‌دژی خودا“ یا ڕه‌خنه گرتن له ڕێبه‌ری گه‌وره ئێعدام بکرێن. ئه‌وان به هه‌مان شێوه له‌به‌ر هاوڕه‌گه‌زخوازی له‌وانه‌یه ئێعدام بکرێن. ته‌نیا بۆ ئه‌وه‌ی که خه‌ڵکی مه‌حکوومکراو به ئێعدام له ئاستی تاوانکارییه‌که‌یان ئاگادار بکه‌نه‌وه، پێش ئێعدام کران به قامچی لێیان ده‌درێ. سیستمی سزای ئێران چه‌ندین شێوازی ئێعدام کردنی هه‌یه وه‌ک هه‌ڵواسین، تیرباران، له سێداره‌دان و به‌ردباران.

بۆ پووڵ په‌یدا کردن له ڕێژه‌ی به‌رز و سامناکی ئێعدامه‌کان، تاران له‌م دواییانه‌دا یاسایه‌کی په‌سه‌ند کردوه که ئیجازه به فرۆشتنی ئه‌ندامی ئه‌و زیندانییانه ده‌دا که ئێعدام ده‌کرێن. کڕیاره‌کان ئێستا ده‌توانن ئه‌ندامه نوێکانیان ڕیزێرڤ بکه‌ن و ده‌سبه‌جێ دوای جێبه‌جێ کردنی حوکمی ئێعدام وه‌ریگرن.

به‌ڵام له‌کار کردنی هێزی کوشنده ته‌نیا تایبه‌تی ئه‌و ئێعدامانه نییه که له لایه‌ن سیستمی دادوه‌رییه‌وه بڕیاریان له‌سه‌ر دراوه. له ماوه‌ی ناڕه‌زایه‌تییه‌کانی ئه‌م دواییانه‌دا که ئێرانیان هه‌ژاند، خۆپیشانده‌ران که هیچ توندوتیژییه‌کیان نه‌نواندبوو له لایه‌ن تاک‌تیرهاوێژانی سپای پاسدارانه‌وه ته‌قه‌یان له سه‌ری کرا که له سه‌ربانه‌کانی نزیک شوێنی خۆپیشاندانه‌کان خۆیان مه‌ڵاس دابوو. کاتێک که له‌م باره‌وه له وه‌زیری نێوخۆ، عه‌بدولڕه‌زا ڕه‌حمانی فه‌زڵی، پرسیار کرا ئه‌و جوابی داوه: ”ئێمه ته‌قه‌مان له لاقانیشیان کرد، ته‌نیا سه‌ریان نه‌بوو. ئێمه لاقانیشمان هه‌نگاوت.“

ئاشکرا بووه که به‌کارهێنانی هێزی کوشنده دژی خۆپیشانده‌ران به ئه‌مری ڕێبه‌ری گه‌وره ئایه‌توڵڵا عه‌لی خامه‌نه‌یی بووه. به گوته‌ی به‌رپرسێکی پله‌به‌رز له نۆڤامبری ٢٠١٩، ڕیبه‌ری گه‌وره گوتوویه‌تی: ”هه‌رچی پێویسته بیکه‌ن، ئه‌وه ئه‌مری منه.“

له هه‌ندێک ڕوانگه‌وه، ئه‌وانی که به‌ده‌ست مرۆڤکوژه‌کانی ڕێژیم کوژران ڕه‌نگبێ له به‌خته‌وه‌ره‌کان بن. ئایه‌توڵڵاکان به هه‌مان شێوه ئه‌شکه‌نجه‌ی سسیستماتیک به‌کار دێنن بۆ نه‌هێشتنی ناڕه‌زایه‌تییه‌کان و پاراستنی ده‌سه‌ڵاتی خۆیان. زیندانییه‌کان له دنیای ده‌ره‌وه داده‌بڕێن و ڕێگایان پێ نادرێ بنه‌ماڵه و هه‌ڤاڵه‌کانیان ببینن، لێیان ده‌درێ، له برق ده‌درێن، به قامچییان لێیان ده‌ده‌ن و بێکۆتایی ئه‌شکه‌نجه ده‌کرێن تا ددان به هه‌موو شتێکدا بنێن تا کۆتایی به ئازاره‌که‌یان بێنن. ددانپێدانانی له‌ژێر ئه‌شکه‌نجه زۆر جار ته‌نیا به‌ڵگه‌ن بۆ مه‌حکووم کردن.

کاتێک که حوکم دران، ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر ئێعدامیش نه‌کرێن زیندانییه‌کان له‌وانه‌یه بکه‌ونه ژێر بێبه‌زه‌ییانه‌ترین سزا. له ئێران بڕینی قامک یا ده‌ست بۆ هه‌ندێک تاوان شتێکی ئاساییه. له ٢٠١٨، سیستمی دادوه‌ریی ئێران حوکمی بڕینه‌وه‌ی ده‌ستی بۆ پیاوێکی ٣٤ ساڵه په‌سند کرد که گۆیا مه‌ڕی دزیبوو.

ئه‌وه ڕوخساری ڕاسته‌قینه‌ی ڕێژیمی تارانه. ئه‌وه ئه‌و شته‌یه که خه‌ڵکی بوێری ئێران له‌گه‌ڵی ده‌جه‌نگێن. ئێمه زۆر ده‌مێکه که چاوه‌کانی خۆمان نووقاندوون. کاتی ئه‌وه هاتوه پشتیوانی له خه‌ڵکی ئێران بکه‌ین و ببینه هۆی گۆڕانی ڕێژیم.

مه‌به‌ست له‌وه ده‌لیل هێنانه‌وه بۆ شه‌ڕی ئاسایی و دوژمنکاریی ئاشکرا نییه. مه‌به‌ست ڕه‌چاو کردنی سیاسه‌تێکه که ئایه‌توڵڵاکان و ده‌ستوپێوه‌ندییه‌کانیان فڕێ بدرێنه نێو زبڵدانی مێژووه‌وه.

ئابلۆقه‌کانی وڵاته یه‌کگرتووه‌کان، که له لایه‌ن سه‌رۆک کۆمار ترامپ سه‌پێنرانه‌وه، خه‌ریکن ئابووریی ئێران لێک هه‌ڵده‌ته‌کێنن، ده‌زگای تیرۆری ئایه‌توڵڵاکان مایه‌پووچ ده‌که‌ن و ده‌بنه هۆی سه‌رهه‌ڵدانی ناڕه‌زایه‌تی له نێوخۆ. کاردانه‌وه‌یان له به‌یرووت، ئه‌و شوێنه‌ی که حیزبوڵڵای لێیه، هه‌ستی پێده‌کرێ و چیدیکه ناتوانێ خۆ به پاره‌ی ئێرانه‌وه ڕانێ و له حه‌ولی ئه‌وه‌دایه خۆی نه‌جات بدا.

ئه‌و ڕێچکه‌یه به‌ر مه‌ده، زه‌خته‌که بپارێزه و به شێوه‌یه‌کی سیستماتیک زه‌خته‌که زیاتر بکه.

به‌ره‌وڕووی به‌کرێگیراوه‌کانی ئێران له سه‌رانسه‌ری خۆرهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست ببه‌وه. بۆ ئه‌و کاره پێویست به که‌لکوه‌رگرتن له هێزی ئاسایی ئه‌مریکا ناکا. ئه‌وه پشتیوانیی ئابووری و دارایی هاوپه‌یمانه‌کانمان و هه‌نگاوی ناوه‌نده هه‌واڵگرییه‌کانمان و هێزه‌کانی ئۆپه‌راسیۆنه تایبه‌ته‌کان ده‌خوازێ. ئێستا، که ڕێژیمی ئێران له‌ژێر زه‌ختی ئابلۆقه ئیفلیجکه‌ره‌کاندا نه‌قه‌ی لێبڕاوه، کاتی تێکشکاندنی حوسییه‌کان، میلیشیاکانی عێراق و به‌کرێگراوه‌کانی دیکه‌ی ئێران هاتوه.

که‌مپه‌ینی سۆشیال میدیاییمان له نێوخۆی ئێران په‌ره پێبده‌ن. هه‌نگاوی ئه‌و دواییانه‌ی ڕێژیمی ئێران بۆ داخستنی ئینتێرنێت له نێوخۆی وڵات، نیشانی ده‌دا که ئایه‌توڵڵاکان چه‌نده له ڕاستییه‌کان و له‌وه که خه‌ڵکی خۆیان بزانن که دنیا پشتیوانی خه‌باته‌که‌یانه ده‌ترسن. هه‌وڵ بده‌ن تا خه‌ڵکی ئێران بزانێ که وڵاته یه‌کگرتووه‌کان و هاوپه‌یمانه‌کانی له خۆرهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست پشتیوانیانن و داهاتووی ئه‌وان داهاتوویه‌کی ئازاد و دوور له سه‌رکوت و ترسه.

حزووری پته‌وی هێزی سه‌بازیی ئاسایی له خۆرهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست، که له‌سه‌ر پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ هاوپه‌یمانه سه‌ره‌کییه‌کانمان وه‌ک ئیسڕائیل، عه‌ره‌بستانی سعوودی، کووه‌یت و ئیماڕاتی یه‌کگرتووی عه‌ره‌بی دامه‌زراوه بپارێزن. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که گه‌مارۆکان دژی مه‌لاکان له تاران توندتر ده‌بن، خۆتان له‌وه دڵنیا بکه‌ن که ئه‌وان به ته‌واوی له‌وه تێده‌گه‌ن که هه‌ر شێوه ئۆپه‌راسیۆنی سه‌ربازی له لایه‌ن ئه‌وانه‌وه ده‌بێته هۆی تێکشکانی ئه‌وان. خۆتان له‌وه دڵنیا بکه‌ن که هاوپه‌یمانه‌کانمان تێده‌گه‌ن که ئێمه پێداگرین و ئه‌گه‌ر ئه‌وان پێویستییان به ئێمه بێ؛ ئێمه پشتیوانییان ده‌که‌ین.

چل ساڵ له‌مه پێش، ئێران، که سه‌رده‌مێک به شێوه‌ی گشتیی سێکۆلار بوو و یه‌کێک له نه‌ته‌وه‌کانی خاوه‌ن شارستانیی مه‌زن بوو، له لایه‌ن ئه‌م دڕندانه‌وه [ڕێژیمه‌که‌ی] ڕووخا، تاکوو بۆ شێوه‌یه‌کی سه‌یروسه‌مه‌ره‌ی سه‌رده‌می تاریکی بگه‌ڕێننه‌وه. له هه‌موو ئه‌و کاته‌دا، پتر له جیلێک، خه‌ڵکی ئێران له‌ژێر مۆته‌که‌یه‌کدا ژیاوه شتی وه‌ها مه‌ترسیداری ئه‌زموون کردوه که زۆربه‌ی خه‌ڵکی ئه‌مریکا ناتوانن ته‌نانه‌ت بیریشی لێ بکه‌نه‌وه. ئێستا کاتێکی گونجاوه. کاتی ئه‌وه هاتوه که ئه‌و مۆته‌که‌یه کۆتایی پێ بێ.

***

دارسمه

دارسمه ده‌نووکی له سمین ناپارێزێ

## سماندنی سندووقی ڕه‌شی فه‌رمانگه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌کانی وه‌زاره‌تی نێوخۆ

ئه‌مه‌یان له‌زیره‌کی خۆمه‌وه نییه و ئاکارێکه له دایک و باوک داپیره و باپیره گه‌وره‌کانمه‌وه بۆم ماوه‌ته‌وه. مه‌به‌ستم سماندنه.

ئه‌گه‌ر له سماندن بوه‌ستم، ژیانیشم ده‌وه‌ستێت و ده‌بێ لینگان جووت بکه‌م و گیان به گیان‌ئه‌ستێن بسپێرم. به‌شێک له‌کاری سماندن بۆ من به مانای به‌ده‌ستهێنانی بژێوی ژیانی خۆم و جوجه‌ڵه‌کانمه که به ته‌مام ده‌رنگانی پاییزێکی دیکه بیانئه‌ژمێرم. به‌شه‌که‌ی دیکه‌یشی ئه‌و درێژدادڕییه بۆ من بووه به «فه‌رهه‌نگ» و ئه‌وانه‌ی ده‌یخوێننه‌وه و گوێی بۆ شل ده‌که‌ن، ڕه‌نگه ژانه‌سه‌رێکی سووک بیانگرێ و تاقه‌تی خوێندنه‌وه و بیستنیان نه‌مێنێ. دیاره له‌نێو ئه‌وانیشدا که‌سانی جۆراوجۆر هه‌ن. هه‌ندێکیان به بێدنگی پشتم تێده‌که‌ن و وازم لێدێنن وهه‌ندێکش له دڵی خۆیاندا یان به ده‌نگ سێ چوار سووکه جێنوم ڕیده‌هاڵێنن. بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م پێشه‌کییه دابخه‌م، ده‌ڵێم گه‌ردنی خۆتان و باب و باپێرتان ئازاد بێت، چۆنی پێتان خۆشه وابکه‌ن. به‌ڵام قسه‌ی خۆمان بێت ئه‌گه‌ر گه‌ردنم ئازاد نه‌کردن، چی ڕوو ده‌دات و کێ هه‌رامه به کڵاوی من ده‌پێوێت؟

با له‌بابه‌ته‌که دوور نه‌که‌وینه‌وه و بچینه‌وه سه‌ر سماندنه‌که: سندووقی فڕۆکه ئۆکرانییه‌که‌ی چه‌ند هه‌فته له‌مه‌وبه‌ر به ده‌ستی به‌هێزی فڕۆکه‌شکێنه‌کانی سوپای پاسداران به ئاسمانی شینی به دووکه‌ڵ چڵکن‌کراوی تارانه‌وه که‌وته خواره‌وه، هه‌روا جێی مشتومڕی به‌رپرسانی ئه‌م وڵاتانه‌یه که خۆیان به میراتگری ١٧٦ گیان‌به‌ختکردووی نێو فڕۆکه پێکراوه‌که ده‌زانن.

ئه‌و جۆره‌ی منی سه‌ربچووکی ده‌نووکڕه‌ق له کاتی کوتانی نێوقه‌دی داره‌ئه‌ستووره‌کان له هازه‌هازی بێسانسۆڕی توێکڵی ده‌نگه‌به‌ری ئه‌م دارانه‌وه بیستومه، ئه‌و کاته‌ی فڕۆکه‌که له ئاسمانی ئێران ده‌که‌وێته به‌ر زه‌بری دوو مووشه‌کی سوپای پاسداران و به ١٧٦ سه‌رنشینه‌وه له ئاسماندا پارچه پارچه ده‌بێت، هه‌موو ڕووداوه‌که له‌ژێرسه‌ری گای پیردا ڕوو ده‌دا. هازه‌هازی توێکڵه داره‌که ده‌یگوت، خامنه‌یی فه‌رمانی ته‌قاندنی مووشه‌کی دژه فڕۆکه‌ی به سوپای پاسداران داوه و به‌پێی ئه‌زموونه‌کانی پێشوویه‌وه ویستوویه‌تی ته‌قاندنه‌وه‌ی فڕۆکه‌که و کوشتنی سه‌رنشینانی بێ‌تاوان بخاته ئه‌ستۆی ئه‌مریکا و ماوه‌ی چه‌ند ڕۆژان تازیه و کۆڕی پرسه‌یان بۆ ڕابگه‌یه‌نێ و خۆشی له شینگێڕیدا به‌شدار بێت و ده‌ست به‌لاچاویه‌وه بگرێت و فرمێسکی سه‌گاوییان بۆ هه‌ڵبڕێژێ. هه‌ر بۆیه‌شه کاتێک مووشه‌کی یه‌که‌م باش فڕۆکه‌که ناپێکت و چاوه‌ڕوان ده‌کرێت فڕۆکه‌وانه‌که به جۆرێک سه‌رنشینان بگه‌یه‌نێته‌وه زه‌وه‌ی، ڕه‌هبه‌ری موعه‌زه‌می شوڕش و نایبی به‌رحه‌قی ئیمامی زه‌مان ده‌ستووری ته‌قاندی مووشه‌کی دووهه‌م ده‌دا، فڕۆکه‌که هه‌موو ئه‌وانی تێدابوون پارچه پارچه ده‌بن. هه‌تا ئێره کاره‌که بۆ ئه‌وان به‌باشی ده‌چێته پێش هه‌موو شتێک به مه‌رامی دڵی ئاغایه.

دوای ئه‌وه‌ی فیلمی ته‌قاندنی مووشه‌کی دووهه‌م بڵاو ده‌بێته‌وه و کافرانی ئه‌ورووپایی پێیده‌زانن، ئه‌مجاره سندووقه ڕه‌شه‌کان له ڕێبه‌ری کز و چرچ و گۆج و زمان شڕ و جنێوفرۆش ده‌بن به گونی قوڕ.

جا گه‌لی ده‌دۆستان و خێڵی ده دارسمان، وڵاتانی ئورووپاییش له ده‌سه‌ڵاتی ئێران دێنه هه‌نجه‌تان و ده‌ڵێن ئه‌م سندووقانه‌مان ده‌وێ.

ئه‌گه‌ر ڕاستیتان ده‌وێ، کۆماری ئیسلامی کۆڵێک سندووقی ڕه‌شی جۆراو جۆاوجۆری وه‌ک سندووقی ئێعدامه‌کانی ساڵانی شێسته‌کانی لایه، به‌ڵام له‌به‌رچاوی خه‌ڵک ده‌یانشارێته‌وه. سندووقی ڕه‌شی ژووری فه‌رمانگه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌کانی وه‌زاره‌تی نێوخۆی ئێرانیش یه‌کێک له‌و سندووقانه‌یه که ماوه‌ی زیاتر له چل ساڵه زانیاریی هه‌ڵبژارنه‌کانی کۆماری ئیسلامی له خۆیدا کۆده‌کاته‌وه.

له ماوه‌ی ئه‌م چل ساڵه‌دا ته‌نیا دوو پیاوی نزیک له‌ده‌سته‌ڵاتی تاران واته میرحوسێن مووسه‌وی و مه‌هدی که‌ڕووبی وه‌غیره‌ت ده‌که‌ون و داوای زانیارییه‌کانی نێو ئه‌م سندووقه ده‌که‌ن و هه‌ر ئه‌وا ڕه‌شاوێژ و له دووره‌وه که‌مێک له زانیارییه‌کان ده‌خوێننه‌وه. هه‌ر به‌هۆی ئه‌م کاره‌یانه‌وه نیزیکه‌ی ده ساڵی ڕه‌به‌قه به فه‌رمانی کابرا یه‌ک ده‌سته‌که هان له کونه ڕه‌شا.

ده‌ترسم هه‌رچی دارسمه‌ی ئه‌م وڵاته‌یه به مه‌ردی چالاکانی ژینگه‌پارێزی ئێران بچن و به بیانووی هاوکاری‌کردنی ڕێکخراوه هه‌واڵگرییه‌کانی بێگانه و سیخوڕی‌کردن بۆ دوژمن ده‌ستبه‌سه‌ر بکرێن و پاشان به کۆمه‌ڵ بیانخه‌نه سه‌ر ڕووبه‌ری هه‌موو ئه‌و سه‌ت‌وچه‌ند کاناڵه ته‌له‌ڤیزیۆنه‌ی ئێران و به گشتی ددان به‌و تۆمه‌تانه دابنێن که به زه‌بری فێڵ و ته‌ڵکه لێیان کراون به تاوان و پاشان له لایه‌ن ده‌سته‌ڵاتی دادی ئیسلامییه‌وه وه‌ک «گه‌نیوی سه‌رزه‌وی و دژبه‌ری خوا»(مفسد فی‌الارض و محارب با خدا) حوکمی له‌سێداره‌دانیان بۆ دربچێت و ته‌رمه‌کانیان له‌وڵاتری گۆڕستانی «خاوه‌ران» به کۆمه‌ڵ بخرێنه ژێر خاکه‌وه.

به جه‌هه‌ننه‌م! ئیدی کێرد گه‌یشتووه‌ته سه‌ر ئیسقانم و منیش باسی سندووقه ڕه‌شی ژووری فه‌رمانگه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌کانی وه‌زاره‌تی نێوخۆ ده‌که‌م. ئه‌م سندووقه له‌گه‌ڵ سندووقی ڕه‌شی فڕۆکه ئۆکرانییه‌که چه‌ند جیاوازی و وێکچوونێکی هه‌یه که من به‌پێی توانا و تێگه‌شتنی خۆم هه‌ندێک له‌م جوداوازی و وێکچوونانه ده‌خه‌مه ڕوو:

١- هه‌ردوو سندووکه پێویستیان به ئه‌ندازیار واته موهه‌ندیس هه‌یه. سندووقی ڕه‌شی هه‌ڵبژاردنه‌کان ئه‌ندازیار دروستی ده‌کا و هه‌موو که‌س ده‌توانێت نێوه‌رۆکه‌که‌ی بخوێنێته‌وه و سندوقی فڕۆکه ئه‌ندازیار هه‌م دروستی ده‌کا و هه‌م ده‌یخوێنێته‌وه.

٢- سندووقی هه‌ڵبژاردنه‌کان ئه‌گه‌رچی ڕه‌ش نییه، به‌ڵام له سندووقه ڕه‌شی فڕۆکه‌که زیاتر ده‌پارێزرێ.

٣- ئه‌وانه‌ی داوای دابه‌زاندنی نێوه‌رۆکی سندووقه ڕه‌شی هه‌ڵبژارنه‌کان ده‌که‌ن ده‌گیرێن، ئه‌شکه‌نجه ده‌کرێن، ده‌کوژرێن و شرت و گوم ده‌کرێن؛ به‌ڵام ئه‌وانه‌ی له ده‌ره‌وه‌ی ئێرانه‌وه داوای سندووقی ڕه‌شی فڕۆکه‌که ده‌که‌ن، ده‌سه‌ڵاتی ئێران له‌به‌ریان ده‌پاڕێته‌وه و ئه‌مرۆ بۆ سبه‌ی ته‌فره‌یان ده‌دا.

٤- له ئه‌نجامی دابه‌زاندنی نێوه‌رۆکی سندووقه ڕه‌شه‌که‌ی فڕۆکه ده‌رده‌که‌وێ ١٧٦ که‌س به فه‌رمانی به‌ئه‌نقه‌ستی که‌سێک گیانیان له‌ده‌ست داوه و له ئه‌نجامی پشکنین سندووقی هه‌ڵبژاردنیش ده‌رده‌که‌وێت ٨٠ ملیۆن که‌س به ده‌ستی هه‌مان که‌سه‌وه به زه‌قه زه‌قی چاوانیانه‌وه، زیندووی مـــــردوون.

٥- نێوه‌رۆکی سندووقه ڕه‌شه‌که‌ی هه‌ڵبژاردن ڕاستییه‌کیش ئاشکرا ده‌کا که ناوێرم بیڵێم ناوه‌که‌ی/ کوشتوومی هه‌ناوه‌که‌ی/ شلوێیه سه‌رچاوه‌که‌ی....

درێژه‌ی دیرۆکی خۆڕاگری

## له‌بن په‌تی سێداره‌وه

...نامه‌ردی له‌گه‌ڵ کردم و ڕووبه‌ڕوو ئیعترافی له‌سه‌ر کردم. هه‌ر بۆیه له‌وانه‌یه هێندێک شت بێ ئه‌و گوتبێتی، به‌ڵام له‌و کاته به حیسابی من ته‌واو بێ ، هه‌ر چه‌نده گوزارش و ئیتلاعاتێکی زۆریان له‌په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ مندا هه‌بوو، به‌ڵام من هه‌موویانم ڕه‌ت کرده‌وه. بۆیه جارێکی دیکه‌ش ئێوه و هه‌موو دۆستان دڵنیا ده‌که‌م که من ئێعترافم له‌سه‌ر که‌س نه‌کردوه که به‌ڕاستی حیزبی بێ و حوکم بخوات. ئه‌سله‌ن چه‌ند که‌سێکیان تێدان ده‌ست و پێوه‌ندی خۆیانن. هه‌ر بۆیه خه‌به‌رم هه‌یه که چه‌ند که‌سێک هه‌ڵاتوون که من به هیچ جۆر ئیعتیرافم له‌سه‌ر نه‌کردوون. له‌وانه‌یه ڕیژێم هه‌ڵلا وهه‌نگامێکی زۆری ساز کردبێ. به‌ڵام داوام ئه‌وه‌یه له‌مه‌و به‌دوا ئه‌گه‌ر که‌سێک یان که‌سانێک له‌و باره‌یه‌وه نیگه‌رانییان هه‌بوو به‌ته‌واوی دڵنیایان بکه‌ن.

به‌ڵام هه‌رچه‌ند حه‌قیقه‌تێکی تاڵیش بێ له‌ڕاستیدا ئیتلاعات له جه‌ریانی هه‌ندێک مه‌سه‌له‌دا بوون که تا من له‌وێ بووم کادره‌کانیش له جه‌ریاندا نه‌بوون، هه‌ربۆیه هه‌رچه‌نده من تازه ئیعدامم خواردوه به‌ڵام بۆ ئه‌وه‌ی جانبی ئیحتیاتمان گرتبێ داوام ئه‌وه‌یه که ئه‌و نووسراوه نه‌که‌وێته سه‌ر زار و زمانان و ئه‌و مه‌سه‌لانه‌ی باسم کردوون نه‌بنه شابه‌یتی محافلی ئه‌وێ. من جه‌نابتم به مناسب زانی بۆ ئه‌وه‌ی له‌و جه‌ریانه‌ت ئاگادار بکه‌م. دیاره ئه‌وانه‌ی پاره‌که گیرابوون ئیعترافی زۆریان له‌سه‌ر من کردبوو که هه‌م ئیعترافی ئه‌وان، هه‌م «مه‌زرایی» شته‌که‌یان زیاتر له‌من خراپ کرد.

له کۆتاییدا با بڵێم که شاروێرانیش له‌لای منه و به‌یه‌که‌وه له زیندانی مهاباد داین. شایه‌د فرسه‌تی زۆر باش بێ بۆ ئه‌وه‌ی ماڵاواییتان لێ بکه‌م وگه‌رده‌ن ئازایه‌تیتان لێ وه‌ربگرم، که هیوادارم گه‌ردنم ئازاد بکه‌ن و گه‌ردنی هه‌موولایه‌کتان ئازاد بێت.

**زیندانی مه‌هاباد**

**که‌ریم**

**«٧٧/٨/١٥**

**د. سمایل بازیار:**

# ئەگەر لە ئێران ڕاپەڕینەکەی ٥٧ ئیسلامی بوو، بەڵام لە کوردستان لەسەر بنەمای ماف و ویستی نەتەوەیی بوو

**دیمانە: هەردی سەلیمی**

**ڕێبەندانی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ چلویەکەمین ساڵوەگەڕی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، جیا لەوەی کە ئاکامی ئەم شۆڕشە چی بووە و چ دەسکەوتێکی بۆ خەڵکانی بەشدار لە سەرکەوتنەکەیدا هەبووە و، ئێستا بە چ ئاقارێکدا ڕۆیشتوە؛ ئاوڕدانەوە لە مێژووی سەرهەڵدانەکە و بەستێنەکانی خوڵقاندنی ئەم ڕووداوە گرینگ و پێویستە.**

**ئەم مشتومڕە هەمیشە لە نێوان خاوەنڕایاندا بووە کە چ پاشگر و ئاوەڵناوێک بۆ شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ لە ئێران هەڵبژێردرێ، کە پێناسەیەکی دروست بێ. ئەوەی کە ڕوون و حاشاهەڵنەگرە ئەوەیە کە زۆرینەی چین و توێژ و بیرۆکەکانی نێو کۆمەڵگەی ئەو کاتی ئێران ئامادەییی شۆڕشیان هەبوو و، بە تایبەتی لە نیزیکە کۆتاییەکانی ڕێژیمی پاشایەتی داوای ڕووخانی ئەم سیستمەیان دەکرد.**

**ئێستا پرسیارەکان ئەمانەن، ئایا ئەم شۆڕشە دزرا؟ لایەن و ڕێکخراوە سیاسییەکانی داینەمۆی شۆڕش کامانە بوون؟ زۆرینەی خەڵک لە بەرەی کام یەک لەم ڕەوتە سیاسییانەدا جێیان دەگرت؟ ڕەنگە بنەڕەتیترین پرسیاریش ئەمە بێ کە خاوەنە سەرەکییەکەی کێ بوو و کێیە؟ کوردستان چ ڕۆڵێکی هەبوو و چ ڕوانگەیەکی سیاسی ڕێبەرایەتیی ویست و داخوازییەکانی ئەوێی دەکرد؟ وە کۆمەڵێک پرسیاری تر. "کوردستان" بۆ باس و تەتەڵەی ئەم بابەتە دیمانەیەکی لەگەڵ دوکتور سمایل بازیار، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی کۆیە پێک هێناوە.**

**لە دەورانی دەسەڵاتداریی سەفەوییەوە شێعە بووە بە مەزهەبی ڕەسمی لە وڵاتی ئێران، کەسایەتییە مەزهەبییەکان _ئەوەی کە پێیان دەڵێن ڕۆحانییەت_ زیاتر لە هەوڵدان بۆ ئەوەی بەشداریی سیاسی کە بەجێی خۆی تەنانەت دەسەڵاتداریش بن؛ جێگە و پێگەی ڕۆحانییەتی شێعە لە ئێران چۆن دەبینن؟**

ڕۆحانییەتی شێعە پاشخانێکی سیاسی-کۆمەڵایەتیی چەند سەد ساڵەی هەیە ئەگەر دەقیقتر بڵێم بە هاتنە سەرکاری دەوڵەتی سەفەوی و بەڕەسمی کردنی مەزهەبی شێعە؛ دەتوانێ سەرەتای ئەم پاشخانی سیاسی-کۆمەڵایەتییە بێ. لەو کاتەوە هەتا ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕش لە ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، دوو کۆڵەکەی گرینگی کولتووری سیاسیی ئێران بریتی لە؛ دەسەڵات (دەوڵەت یا سەڵتەنەت) و دووهەمیشیان مەزهەب بوو. پێوەندیی ئەم دوو کۆڵەکە -کە هەر دووکیان لە ماوەی ئەم چەندسەد ساڵەدا خاوەن پێگە و نفووز بوون و جەماوەری خۆیان هەبووە-، چۆن بوو؟ ئەم پێوەندییە کە بە مەوازاتی یەکتر هاتوون زۆر جار دۆستانە بووە و، زۆر جاریش خەسمانە بووە؛ زۆر جار پێکەوە سازاون و زۆر جاریش لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستاون و تەقابولیان هەبووە. ئەم تەقابولەش لەسەر بەرژەوەندییەکانیان بووە، واتە بەرژەوەندییەکانیان دەبووە هۆی ئەوەی کە لە بەرامبەر یەکدا ڕابوەستن. ئەو بەرژەوەندییانە کێشەی سەروەری بووە، ململانێی عورف و شەرع و یا بەرژەوەندیی ئابووری بووە، بە گشتی لەسەر ئەمانە پێکەوە ململانێیان هەبووە.

یا زۆر جاریش پێکەوە ڕێککەوتوون، بۆ نموونە لە سەردەمی سەفەوی دۆستانە بووە بە ڕێکەوت نییە کە عەلی شەریعەتی کە خوێندنەوەیەکی نوێی لە مەزهەبی شێعە خستە ڕوو دەیگوت: "تەشەییوعی سەفەوی لە مزگەوتی جامع دەرکەوت بەڵام مەنزڵی بردە مزگەوتی شا لە تەنیشت عالیقاپوو." هەروەها لە دەیەی بیستیشدا بەدوای نەمانی دەسەڵاتی ڕەزاشادا _دوای ئەوەی کە هاوپەیمانەکان هاتن (١٣٢٠)_ ئەو دوازدە ساڵە بەناوبانگە واتە تا کوودتای ١٣٣٢ کە دێموکراسییەکی ڕێژەیی لە کەشوهەوای سیاسیی ئێراندا حاکم بوو، ئەوکات پێکەوە ڕێک کەوتبوون، ئەمەش لە ترسی نفووزی کۆمۆنیزم بوو، لەبەر ئەوەی حیزبی توودە لەو سەردەمەدا حیزبێکی بەهێز و بەنفووز بوو.

دەتوانم بڵێم لە نزیک بە ٢٠٠ ساڵی ڕابردوودا، واتە لە شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی قاجارەکان لەگەڵ ڕووسیە، لە دوو دەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم بەملاوە کە لە ڕاستیدا بە هۆی ئەم شەڕانە بوو واتە لە ڕێگای ڕاگەیاندنی جەهاد بەدژی ڕووسەکان پێگەی خۆیان لە نێو دەسەڵاتدا پتەو کرد؛ هیچ ڕووداوێکی سیاسیی گرینگ نییە کە مۆرک و نیشان یا کاریگەریی ڕۆحانییەتی شێعە بەسەر ڕووداوەکەیەوە نەبووبێ. هەڵبەت ئەوە بەم مانایە نییە کە ئەم کاریگەری و مۆرک و نیشانە پۆزێتیڤ بێ، بەڵکوو زۆرتر نێگەتیڤ و یا دواکەوتووانە و لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بووە؛ بەڵام لەم ڕووداوانەدا هەمیشە ئەکتەرێک بوون. لە شەڕ لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، لە ڕێککەوتننامەکاندا، لە هەڵوەشاننەوەی ئیمتیازاتی سیاسی و ئابووری، لە کوودتاکاندا، لە بزووتنەوەکاندا. لێرە دەرفەتی ئەوە نییە نمونەی زۆر بێنینەوە، بەڵام ئەگەر گرینگترینیان ئاماژە پێبکەم؛ هەر لە بزاڤی تووتن یا ڕووداوی ڕێژی (١٨٨٠) کە یەکەم بزاڤی سیاسیی مێژووی هاوچەرخە، ڕۆحانییەک بە ناوی میرزای شیرازی بە حەرام ڕاگەیاندنی بەکارهێنانی تووتن و تەنباکۆ دەوڵەتی ناچار بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیای تاڵبۆتی بریتانیا کرد.

ڕۆحانییەت لە بزاڤی مەشرووتەشدا ڕۆڵی بەرچاویان بینی، وەک ئەوەی شێخ فەزلوڵڵا نووری بە هێنانە ئارای "مەشرووتەی مەشرووعە" هاتە گۆڕەپانەکە. ڕۆحانییەت ئەو کات مەبەستیان ئەوە بوو کە یاساکانی شەرع لەنێو کۆمەڵگەدا جێبەجێ بکرێ، کە بە هۆی وشیاریی ڕووناکبیرانی ئەو سەردەم سەری نەگرت. بە ڕێکەوت نەبوو خومەینی دەیگوت "شۆڕش" عولەما کردیان و ڕووناکبیران لێیان دزین! لە ساڵی ١٣٠٣دا، ئەم وڵاتە لە یەکهەنگاویی گۆڕینی سیستمی پادشایی بۆ کۆماری بوو، بەڵام دژایەتیی ڕۆحانییەتی شێعە لەگەڵ سیستمی کۆماری _چونکە لە تورکیە ڕۆحانییەت لە سیستمی کۆماریدا زەرەرمەند ببوون_ ڕەزاخانی نەخوێندەوار بەڵام زیرەکی لە هەڵگرتنی ئەم دروشمە پاشگەز کردەوە. ڕۆحانییەتی شێعە لە قۆناغی ١٣٢٠-١٣٣٢ لە پشتی پەردەی "ڕێکخراوی فیدائیانی ئیسلام" بوون، ئەو گرووپەی کە تێرۆرە سیاسییەکانیان دەکرد. لە بزاڤی خۆماڵیکردنی نەوتیشدا، حەمەڕەزاشا لە ڕێکەوتی ٩ی ڕەشەمەی ١٣٣١ ئێرانی بەجێ دەهێشت، چونکی موسەدیق قەناعەتی پێ هێنابوو کە بۆ ماوەیەک ئێران بەجێ بێڵێ؛ بەڵام ئایەتوڵڵا بێهبەهانی و کاشانی نەیانهێشت. لە ڕاستیدا لەو قۆناغەدا (١٣٢٠-١٣٣٢) پێوەندیی ڕۆحانییەت و سەڵتەنەت کەمتر گرژیی تێکەوتوە، چونکە مەترسیی کۆمۆنیزم، ئەوانی هان دەدا بۆ پاڵوێکدان. هاندانی خەڵک بۆ ڕاپەڕینی ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٣١ و پشتیوانی لە کوودتای حەمەڕەزاشا لەدژی موسەدیق و دواجار ڕاپەڕینی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢ کە ئیتر بۆخۆیان بەتەنیا ڕێبەرایەتییان کرد و دیاردەی خومەینی لێ کەوتەوە و بەدوای مردنی برووجێردیدا مەرجەعی گەورەی شێعەکان _کە بە پێچەوانەی "مودەڕڕس" و "کاشانی" سیاسەتپیشە نەبوو_ ئەستێرەی بەختی خومەینی درەوشایەوە. لە ڕاستیدا وەک چۆن "ڕووداوی تووتن" تەمرینێک بوو بۆ بزاڤی مەشرووتە، ئەم ڕاپەڕینەش خۆ ئامادە کردنێکی ڕۆحانییەت بوو بۆ شۆڕشی ١٣٥٧.

کەوابوو ئەمانە پاشخانێکی سیاسی-کۆمەڵایەتییان هەیە و، بە دەسەڵات گەیشتنی ئەوان لە ساڵی ٥٧دا ڕووداوێکی تەسادوفی نییە. ئەوان سواری شەپۆلی شۆڕشیش نەبوون. لەو پێوەندییەدا وەبیر قسەیەکی ئەحمەد کەسرەوی کەوتمەوە کە بۆخۆیشی بوو بە قوربانیی فتوای تێرۆری ڕۆحانییەتی شێعە کە دەیگوت: "ئێمە دەسەڵاتێک بە ڕۆحانییەت قەرزدارین." دەسەڵاتێک کە بە نرخێکی گران بۆ گەلانی ئێران تەواو بوو.

**ڕاستە چەندین هێزی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر و هێزی سیاسیی دیکەش بەشداری شۆڕش بوون، بەڵام ڕۆڵ و نەقشی ڕۆحانیەتی شێعە و شەخسی خومەینی و جەماوەرێکی زۆری پشتیوانیان بەرچاوتر بوو.**
**جا بۆیە دەڵێم ئەگەر لە ئێران ئینقلابی ئیسلامی بوو، بەڵام لە کوردستان وانەبوو؛ کوردستان جیاواز بوو؛ کوردستان شۆڕشی نەکرد کە خومەینی و ڕۆحانییەتی شێعە دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، بەڵکوو لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی شۆڕشی کرد.**

**ئایا ڕۆحانییەتی شێعە لە پشتگیری لە ئاڵوگۆڕی سیستمی پاشایەتی بۆ کۆماری یەکدەست بوون؟**

نەخێر یەکدەست نەبوون. بۆ وێنە ئەگەر مودەڕڕیس لەدژی ڕەزاشا و سیستمی کۆماری بوو، ئایەتوڵڵا کاشانی لە موافقانی سیستمی کۆماری بوو و، تەنانەت بە وتەی سەید ڕەزا زەنجانی: "میتینگیشی بە قازانجی کۆماریخوازی و لەدژی مودەڕڕیس بەڕێوە برد و لە مەجلیسی موئەسسان دەنگی بە گۆڕینی دەسەڵات لە بنەماڵەی `قاجارەوە بۆ ڕەزاشا دا و، وتارێکی ئاگرینیشی لەم بارەوە دا." حوسێن مەککی، نووسەری "تاریخ بیست سالەی ایران"؛ بەوردی ئاوڕی لەم بارەوە داوەتەوە.

**باست لە پێگەی ڕۆحانییەتی شێعە کرد و ئەوەی کە کاراکتێرێکی بەهێزن و، بەشێکی حاشا هەڵنەگر و گرینگن لەو ڕووداوە سیاسییانەی کە لە ئێران ڕوویان داوە. بەستێن یا هۆکارە مێژووییەکانی سەرهەڵدان، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆحانییەت، بە بڕوای جەنابت ئەی ئەو هۆکارانەی دیکە چی بوون کە شۆڕشی ٥٧ـی لێکەتەوە؟**

چەندین هۆکاری جۆراوجۆر بۆ بەرپابوونی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ لە لایەن لێکۆڵەران و خاوەنڕایان هاتۆتە بەر باس، وەک پەرەسەندنی نارێک، ئیستبدادی نەوتی، نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بە بۆچوونی سەڵتەنەتتەڵەبەکان پیلانی دەرەکی (کۆنفرانسی گوادلۆپ) بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتی سەربەخۆخوازانەی حەمەڕەزاشا، کە ئەمەیان کەمتر لە ئەقڵدا دەگونجێ. بێگومان شۆڕشێکی لەم چەشنە بەربەرین و جەماوەری وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی مێژوویی ناتوانێ "تەک سەبەبی" بێ و، هەموو هۆکارەکانی کە ئاماژەیان پێکرا کەم و زۆر ڕۆڵیان هەبووە لە بەرپابوونی ئەم شۆڕشەدا.

لەنێو ئەم فاکتۆرانەدا، فاکتۆری تەزادی سوننەت و مۆدێرنیتە لە کۆمەڵگەی ئێراندا یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانە، بەم چەشنە کە پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆنی شا بە خێرایی دەرگای بە تەواوی بە ڕووی والا کرا، بەبێ دیقەت و زەرافەت، لەگەڵ ستراکتۆرە نەریتییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیی (ئیسلامی_شێعە) کە پێک کەوتن و ئەمە کێشەی گەورەی نایەوە. ڕۆحانییەتی شێعە لەم تەزادە گەورەترین کەلکی وەرگرت و بە شێوەیەکی لێزانانە ئەم پێکدادانەی قۆستەوە و لە هەستی ئایینیی خەڵک بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆی کەلکی وەرگرت. ئەگەر لەبیرمان بێ لە ڕەوتی شۆڕشدا خۆپیشاندەران پێش لە هەموو شوێنێک هێرشیان دەکردە سەر سینەماکان، مەشرووب فرۆشی، بار و کابارەکان، وەک شوێنگەلێک کە هەڕەشە بوون بۆ کولتوور و فەرهەنگی ئیسلامی. لە ڕاستیدا ئێستاشی لەگەڵ بێ تەزادی سەرەکیی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەر ئەمەیە و "ئیسلامی سیاسی"ش بەرهەمی ئەم تەزادەیە. "ئیسلامی سیاسی" دژکردەوەیەکە بە هاتنی کولتوور و فەرهەنگی ڕۆژئاوا و ڕۆحانییەتی شێعەش دروشمی پاراستنی کولتووری ئیسلامی کە کەوتووەتە بەر هێرشی کولتووری بێگانە و کافرانی بەرز کردۆتەوە، هەروەک ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لە وڵاتانی دیکە کە ئەمە بە ئەرکی خۆیان دەزانن.

ئەمن با ئاماژە بە نموونەیەک بکەم، فێستیڤاڵێکی هونەری لە شیراز بەڕێوە دەچوو، کە لەژێر سەرپەرەستی و چاودێریی فەرەحی دیبای شاژندا بوو. لە یەکێک لە خولەکانیدا لە ساڵی ١٣٥٦دا گرووپێکی ئەمریکایی شانۆیەکی سەرشەقامیان پێشکەش کرد، ئانتۆنی پارسۆنز دوایین باڵوێزی بریتانیا لە ئێران دەڵێ: ئەم ڕووداوەم لەگەڵ شا باس کرد و پێم گوت ئەگەر شانۆی وا لە شاری وینچێستێری ئینگلیس بەڕێوە دەچوو؛ دەرهێنەر و ئەکتەرەکانی سەریان تێدا دەچوو. شا هیچی نەگوت و بەمە پێکەنی.

بێجگە لەمانەش ڕۆحانییەت بۆخۆی هەندێک ئیمتیازی تایبەت بە خۆی هەبوو، بۆ نموونە، ئەمەش خۆی لە دروشمەکانیان کە یەکگرتوو و بە بەرنامە بوو وەک "استقلال، آزادی، جمهوری اسلامی"، "نهضت ما حسينيه، رهبر ما خمينيه"دا دەدیترا؛ ئەم کۆمەڵە یەک ڕێبەریشیان هەبوو ئەویش خومەینی بوو هەر، بۆیەش پرشوبڵاو نەبوون و ڕێبەرەکەشیان لێبڕاو بوو و سازشی نەکرد. بەرەی نیشتمانی (جبهەی ملی) ئەگەر دەسەڵاتی هەبایە و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبا سازشی دەکرد چونکە ئەم ئامادەگییەیان هەبوو؛ بەڵام خومەینی بە هیچ شێوەیەک لەگەڵیان نەسازا و مەبەستی ڕووخانی ڕێژیمی شا بوو. هەروەها ئیمکاناتی ماڵیی بەرفراوانیان لە بەردەستدا بوو. ڕۆحانییەتی شێعە بە هۆی کەلکوەرگرتن لە داهاتی وەک "سهم امام" یا "وجوهات شرعی" هەمیشە بێنیاز بووە لە دەوڵەت و هیچ حەوجێیەکی پێ نەبوو. بازاڕی شارە گەورەکانیش وەک تاران، تەورێز، ئیسفەهان و ... پشتیوانێکی بەهێزی ئابووری بوون بۆیان و، ڕۆحانییەت و بۆرژوازیی بازاڕ هەر لە ڕابردووەوە بەرژەوەندیی یەکتریان پاراستوە، ژن و ژنخوازییان لە نێواندا هەبووە.

هەروەها تۆڕێکی پێوەندیی بەربڵاویان لە بەردەستدا بوو و قسە و گوتاریان بە هۆی مزگەوت و مەلاکان کە دەگەیشتە هەموو شوێنێک تەنانەت کوێرە گوندەکانیش، بە سەرتاسەری ئێراندا بڵاو دەبۆوە. لە شوێنە یاساییەکانی وەک مزگەوت، حوسەینییەکان و دامەزراوە خێرخوازییەکان، بۆ ڕێکخستن و کۆبوونەوەکانیان کەلکیان وەردەگرت. کەلکوەرگرتن لە بۆنە جۆراوجۆرەکانی ئایینی و هەروەها ئوستوورە و سیمبولەکانی ئایینی شێعە، فاکتۆرێکی دیکەی بەهێز بوونی ئەوان بوو. لە بەرامبەردا گرووپەکانی دیکەش پرشوبڵاو و بە دروشمی جیاواز و تەنانەت دژبە یەک بوون.

**ئێمە دەزانین ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی شا تەنیا ڕۆحانییەت نەبوو؛ بەرچاوترین ئۆپۆزیسیۆنەکان کامانە بوون و دەور و کاریگەریی ئەوان هەتا چ ڕادەیەک بوو؟**

ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی پەهلەوی دەتوانین بە سێ دەستە دابەش بکەین؛ دەستەی یەکەم لیبێڕاڵ یا نەتەوەییەکان کە خۆی لە بەرەی نیشتمانی (جبهەی ملی) ـدا دەدیتەوە. دەستەی دووهەم چەپەکان بوون، کە حیزبی توودە و ڕەوتی چەپی نوێ نوێنەرایەتیی دەکرد و دەستەی سێهەمیش ڕۆحانییەتی شێعە بوو.

بەرەی نیشتمانی لە ڕاستیدا ئەو توانا و هێزەی نەمابوو هەرچەند دوو جاریش بازسازیی خۆی کردبۆوە، جارێک لە دوای ساڵی ٤٢ کە پێیان دەگوت بەرەی نیشتمانیی دووەم و جاری دووەمیش هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانەکان بەرەی نیشتمانیی سێهەمیان پێک هێنا. بەڵام ئەو نفووز و پێگەیەی کە لە سەردەمی موسەدیق و لە ساڵەکانی بە نیشتمانی کردنی نەوتدا هەیانبوو؛ بۆیان نەمابۆوە. لە ڕاستیدا بەرەی نیشتمانی کێشەی لەگەڵ مانی سەڵتەنەت نەبوو، بەڵکوو....

**ڕەوتی چەپی نوێ بەدوای نسکۆی حیزبی توودەدا دروست بوو و، بە پێچەوانەی چەپەکانی پێش لە خۆیان؛ ڕادیکاڵتر بوون و بڕوایان بە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ڕێگەی توندوتیژییەوە بوو. ئەم ڕەوتە لە سەنگەری یەکەمی خەباتدا بوو و، بەڕاستی کایەی بە مەرگ کرد و خۆی لە ئاو و ئاگر دا؛ هەروەها خەسارلێکەوتنی ئەم چەپە نوێیە لە چاو ئیسلامییەکان یەک بە دە بوو؛ بەڵام پێگە و نفووزیان زۆرتر لەنێو کۆڕوکۆبوونەوە ڕووناکبیری و زانستگەکاندا بوو.**

درێژە بۆ لاپەڕەی ٩

دەیهەویست ئیختیاراتی شا لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسیدا بێ و دەسەلاتەکەی زیاتر نمادین بێ وەک سیستمە سەڵتەنەتییەکانی ئوورووپا.

هێزە چەپەکان: حیزبی توودە وەک بەتەمەنترین حیزبی چەپ لە ئێران لەدوای کوودتای ساڵی ٣٢ تەقریبەن پشتی ڕاست نەبووەوە و وەکوو تارماییەک وابوو، لە ڕاستیدا سەرکردایەتیی حیزبی توودە لەو ساڵانەدا وردە وردە ئێرانیان بەجێ هێشت و لە لایپزیک لە ئاڵمانی ڕۆژهەلات باروبنەیان بەعەرزدا دابوو و زۆرتر لە دوورڕا تەماشاوان بوون، ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو. بەڵام چەپێکی نوێ لەدایک ببوو لە دەیەی چلدا، چەپێکی نوێ کە جیاواز بوو لە حیزبی توودە. شێوازی خەباتی ئەم چەپە نوێیە زۆر جیاواز بوو لەگەڵ شێوازی حیزبی توودە، ئەوان باوەڕیان بە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ڕێگەی پارلمان و هەڵبژاردنەوە نەبوو _هەمان شێوە بۆلشویکییە کە حیزبی توودە ڕەچاوی دەکرد_، ئەوان پێیان وابوو لە ڕێگەی توندوتیژی و کۆمەڵێک ڕووناکبیری ئاوانگاردەوە، لەژێر کاریگەیی ئەو فۆرموڵانەی لە تێزەکانی "ڕێژێ‌دێبری"‌یان وەرگرتبوو وەک مۆتۆڕێکی بچووک دەتوانێ مۆتۆڕێکی گەورە وەجووڵە بێنێ و، بە ئۆلگووبەرداری لە ئینقلابی کووبا و لە شەڕی پارتیزانیی لە وڵاتی چین شێوازێکی نوێیان لە خەبات خستە ڕوو. ئەم چەپە نوێیە لە ڕاستیدا گاڵتەی بە مەرگ کرد، خۆی لە ئاو و ئاگر دا، زۆرتریش ڕووناکبیر و خوێندکار بوون. لە ڕاستیدا خەسارلێکەوتنی چەپەکان لە چاو هێزی سێهەم (ڕۆحانییەت) یەک بە دەیە. یانی لە ڕەوتی سێهەم ئەگەر کەسێک لە خەبات بەدژی ڕێژیم کوژرابێ، دە کەس لە چەپەکان کوژراوە، ئەوان لە خاکریزی یەکەمی خەبات لەدژی ڕێژیمی حەمەڕەزاشادا بوون؛ بەڵام نفووز و کارتێکەریی ئەوان زیاتر لە زانستگەکان و کۆڕ و کۆبوونەوە ڕووناکبیرییەکاندا بوو و ئێمە دەزانین کە کۆمەڵگەی ئێران تەنیا لە زانستگەکان پێک نەهاتبوو؛ بە تایبەت لەو سەردەمەدا کە پێکهاتەی جەماوەریی خەڵکی ئێران زۆرتر لە دێهات بوون نەک لە شار. سەرەڕای ئەمانە، ئەو کاردانەوە توندوتیژانەی حەمەڕەزاشا کە بەرامبەر بە ڕەوتی چەپی نوێ لە خۆی نواند، زۆر کاریگەر بوو. لە ساڵی ١٣٥٥ تەقریبەن ئەم گرووپە چەپانە (چەپی نوێ) کە بە شێوازی چریکی خەباتیان دەکرد؛ پتر لە ٩٠ لە سەدی ڕێبەرەکانیان یا کوژرابوون، یا لە زیندانەکاندا بوون یا هەڵاتبوون، دەتوانین بڵێین ڕێژیمی شا تەقریبەن لەنێوی بردبوون. زۆر بە توندوتیژییەکی ڕووت لەگەڵیان بەرەوڕوو بوونەوە، شا نیگەرانی ڕەوتی سێهەم نەبوو و پێی وابوو مەترسیی سەرەکی کۆمۆنیستەکان و چەپی نوێیە. لێرەدا پێم خۆشە وتەیەکی مارکس بە نموونە بێنمەوە، دەڵێ: "شۆڕش وەکوو مشک وایە، تونێل لێدەدا ئەگەر کونێکی لێ داخەی لە کونێکی دیکەوە سەر دەردێنێتەوە." شا ڕێگای لە چەپی نوێ و بە چەپی چریکی و ڕادیکاڵ داخست، بە جۆرێک کە دەکرێ بڵێین تەفروتوونای کردن؛ بەڵام ئەو مشکەی تونێلی لێدەدا لە مزگەوتەکانەوە سەری دەرهێنا. شا ترسێکی وای لەوان نەبوو و پێی وا نەبوو کە هێزێکی وەها کاریگەرن.

ڕەوتی سێهەم کە ڕۆحانییەت بوو _ئەڵبەت ئەوەش بڵێم کە ڕۆحانییەتیش ڕەوتێکی یەکدەست نەبوو_ تەنانەت بەشێکیان لەگەڵ ڕێژیم بوون، بەشێکیش کاری بە ڕێژیم نەبوو و لە کاری سیاسیدا هیچ دەور و دەستێوەردانێکی نەبوو. ئەو شتانەی بۆ ئەوان لە سیاسەت گرینگتر بوو بریتی بوون لە ئەخلاق لە کۆمەڵگە، بەجێ هێنانی فەرزیاتی دینی و شەرعی و شتی لەم چەشنە. بەڵام بەشێکیش لە ڕۆحانییەت بە تایبەت لەدوای ١٥ی جۆزەردانی ٤٢ ئەوەی کە خومەینی ڕێبەرایەتیی دەکردن، ئەوان لە سەنگەری خەبات بەدژی ڕێژیمدا هەبوون، زیندانی دەکران و تەبعیدیش دەکران. کە وابوو ئەم سێ بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن هەبوو.

**کە باس لە شۆڕشی ئیسلامی دەکرێ، عەلی شەریعەتیش دێتە بەرباس و تەنانەت بە مامۆستای شۆڕش دەناسرێ؛ دەور و نەقشی ئەو لەم شۆڕشەدا چی بوو؟**

لە ڕاستیدا ئەمن پێم‌وایە، شەریعەتی ئاوی لە ئاشی ڕۆحانییەتی شێعە کرد، هەرچەند بۆخۆی لەگەڵ ڕۆحانییەتی سوننەتی نەدەسازا. دەتوانین بڵێین شەریعەتی دیاردەیەکە، بۆ خۆی لە باری فکرییەوە ئاوێتەیەکە لە مارکسیسزم، ئێگزیستانسیالیزم، کاریگەریی فرانتس فانۆنی فەڕانسەوی زمانی بەسەرەوە، لە تێکەڵکردنی ئەمانە بە خوێندنەوەیەکی نوێی شۆڕشگێڕی لە دین و بە تایبەتی ئیسلامی شێعە گەیشتبوو. ئەو بە سوخەنڕانییە بەناوبانگەکانی لە حوسەینییەی ئێرشاد و بەکاربردنی دەستەواژەی وەک "تشیع علوی"، "تشیع صفوی"، "تشیع سرخ و تشیع سیاه"، "مذهب شهادت و مذهب ماتم" و بە باسکردن لە ململانێی چینەکان _ڕوون و دیارە کە لە مارکسیزمی بە قەرز وەرگرتبوو بەڵام بە ئەدەبیاتێکی مەزهەبی دەیگوتەوە_، کاریگەرییەکی بەربڵاوی لەسەر چینی خوێندکار و لاوی ئێران دانا. بە گشتی ئەم خوێندنەوە نوێیە لە دین بە تایبەت بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕی و ئینقلابی، توانی بۆشایی ڕۆحانییەتی سوننەتی لەنێو زانستگەکان و لەنێو ڕووناکبیرەکاندا پڕ بکاتەوە. بەمەش یارمەتییەکی زۆری بە ڕەوتی ڕۆحانییەت کرد و ئەوەیە کە دەڵێم شەریعەتی بەبێ ئەوەی بیهەوێ ئاوی لە ئاشی ئەوان کرد.

ئەمن گوێم لە وتووێژی یەکێک لە ڕێبەرانی چریکە فیداییەکان دەگرت، دەیگوت: "ساڵی ١٣٥٠ لە زانستگەکاندا ئێمە [چەپی نوێ] لە باری پێگە و نفووزەوە باڵادەست بووین، بەڵام دوای چەند ساڵ و لە ساڵی ٥٥ کە لە زیندان بەربووم، دیتم نا هێزە مەزهەبییەکان لەگەڵ ئێمە بەرابەری دەکەن." ئەوانە هەموو کاریگەریی شەریعەتی بوو، ڕۆحانییەتی شێعە لەوێ و لەنێو ڕووناکبیران و چینی خوێندەواردا نفووزی نەبوو؛ بەڵام شەریعەتی ئەو بۆشاییەی بۆ پڕ کردنەوە و بۆخۆی لەگەڵیان نەدەسازا بەڵام ناڕاستەوخۆ خزمەتی پێکردن.




**ڕوانگەیەک هەیە کە پێی وایە شۆڕشەکان لە ئاکامدا دەچنەوە سەر دیکتاتۆرییەت، بۆ نموونە شۆڕشی فەڕانسە کە ناپێلئۆن بووە میراتگری، شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ کە دیکتاتۆرییەکی کۆمۆنیستیی لێکەوتەوە و شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران؛ ئایا ئێوەش لەسەر ئەم باوەڕەن؟**

نا ئەمن پێم‌وایە هەموو شۆڕشێک ئیلزامەن بە دیکتاتۆری ناگا و ئەم سێ نموونەیە و تەنانەت نموونەی زۆرتریش هەن بەڵام ناتوانین بیانکەینە پێوەرێک بۆ پێناسەی هەموو شۆڕشێک کە سەرەنجام بەرەو دیکتاتۆری دەڕوا. بۆ وێنە شۆڕشی ئەمریکا (١٧٧٦)، شۆڕشی پورتەغال (١٩٧٤) کە بە شۆڕشی مێخەک ناسراوە و کۆتایی بە دەسەڵاتی کۆنترین دیکتاتۆری لە ئورووپا هێنا، شۆڕشی فیلیپین (١٩٨٦)، هەروەها ئەو شۆڕشانەی کە دژی ڕێژیمی کۆمۆنیستی لە ئورووپای ڕۆژهەلات ڕوویان دا (لە کۆتایی هەشتاکان وە سەرەتای نەوەدەکان). ئاکامی هیچ کام لەم شۆڕشانە دیکتاتۆری لێ نەکەوتەوە.

لە ڕاستیدا کێشەکە لە نەفسی شۆڕشدا نییە بەڵکوو لە ڕێبەرانی شۆڕشە کە دوای بەدەسەڵات گەیشتنیان لە بەڵێنەکانیان پاشگەز دەبنەوە. واقعییەتەکان نابینن و تووشی خۆبەزلزانی دەبن، خولیای کورسی و دەسەڵات دەبن و وازی لێ ناهێنن. هەر وەکوو چۆن خومەینیی پاش شۆڕش بەتەواوی لەو بەڵێنانەی کە لە نۆفل‌لۆشاتۆی پاریس بە خەڵکی دابوو کە بۆخۆی دەچێتەوە قوم و بە دەرس وتنەوە سەرقاڵ دەبێ، هەروەها ڕۆحانییەت لە ئیدارەی وڵاتدا بەشدار نابن. بەپێچەوانە ڕێبەرانی شۆڕش ئەگەر کەسێکی وەک ماندێللا بکەن بە ئۆلگوو کە لە پاش سەرکەوتن ئارەزوومەندانە وازی لە دەسەڵات هێنا و، یا لە دوو جار زیاتر نەتوانن ببنە ڕێبەر و سەرۆک؛ ئاکامی ئەو شۆڕشە بەرەو دیکتاتۆرییەت ناچێ.

ئەگەر پێشمان وایە شۆڕش ئاوێتە بە توندوتیژی دەبێ، هەروەک لە هەندێک لە شۆڕشە کلاسیکەکاندا دیتراوە؛ نموونەی پێچەوانە ئەمانەش هەیە. هەروەک لە دوو دەیەی ڕابردوودا کۆمەڵێک شۆڕشمان بینی کە بە شۆڕشی مەخمەلی (چێکسلڤاکیا، ١٩٨٩؛ گورجستان، ٢٠٠٣؛ قرقیزستان، ٢٠٠٥) نارنجی (ئۆکراین، ٢٠٠٤) و ... ناسراون؛ کە لە هیچ کام لەم شۆڕشانەدا توندوتیژییەک ڕووی نەدا و دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەستاودەست بوو.

ئەگەر لە بنەڕەتڕا باوەڕمان بە شۆڕش نەبێ و ڕێفۆرمیست بین، ئەمەش گوناح نییە؛ بەڵام پرسیار ئەوەیە لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و بەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرانەی کە هەن، ئایا هیوایەک بە ئاڵوگۆڕی ئەو ڕێژیمانە لە ڕێگای ڕێفۆرم و چاکسازییەوە هەیە؟ ئەوە نییە هەندێک لە چاکسازیخوازەکانی نێو کۆماری ئیسلامی کە ساڵانێک بانگەشەی ڕێفۆرمیان دەکرد، ئێستا هیوایەکیان بە ڕێفۆرم و چاکسازی نەماوە.

**لەم بەشەدا دەمانهەوێ باس لە کوردستان بکەین لەو سەردەمەدا، ئازادبوونی کاک عەزیز یووسفی لە زیندان و دواتر کۆچی دوایی‌یەکەی و سێ‌ڕۆژەی ماتەمینی بووە هۆی سەرهەڵدانی خۆپیشاندان لە شاری مەهاباد؛ ئایا بە ڕای بەڕێزتان خاڵی دەسپێکی نارەزایەتییەکانی کوردستان لەوێوە بوو یان نا؟ بەگشتی باسێکمان لە کوردستان بۆ بکە.**

کە باسی کوردستان هاتە پێش ئەمن پێم خۆشە هەر باسی بابەتێکی دیکە بکەم. بۆ یەکەم جار خۆپیشاندانەکان لە ١٩ی بەفرانبار لە قوم ڕووی دا، بە نارەزایەتی‌دەربڕین بە وتاری "استعمار سرخ و سیاه" کە "احمد رشیدی مطلق" ناوێک نووسیبووی و کەسیش نەیوێرا وەئەستۆی بگرێ کە تێیدا بێڕێزی بە خومەینی کرابوو، هەرچەند "داریوش همایون" تۆمەتبار کرا؛ بەڵام گرینگ ئەوەیە چراسەوزی بڵاوبوونەوەکەی لە دەربارەوە لێدرابوو. ئەوە بوو بە بیانوویەک بۆ دەسپێکی نارەزایەتییەکان کە سەرەتا لە قومەوە دەستی پێکرد و چەند کەس لە لایەن حکوومەتەوە کوژران، دەنا بەستێنەکان لەبار بوون، ئەو کۆمەڵە هۆکارەی باسمان لێکردن دەستیان دابووە دەستی یەک کە شۆڕش ڕوو بدا. دواتر لە چلەی کوژراوانی ئەم خۆپیشاندانەدا لە تەورێز لە ٢٩ی ڕێبەنداندا خۆپیشاندان کرا و لەوێش خەڵکانێکی تر کوژران، دوایی ئەم نارەزایەتییانە چلە بە چلەی ماتەمینی کوژراوەکان بەردەوام بوو. لە کوردستان و لە شاری مەهاباد یەکەم خۆپیشاندان لە ١٥ی جۆزەردانی ساڵی ٥٧ و لە سێ‌ڕۆژانەی کاک عەزیز یووسفی دەستی پێکرد.

**کاک سمایل بۆخۆت لەوێ بەشداریت کردوە، دەمهەوێ بزانم دروشمەکان ئیسلامی بوون یا نەتەوەیی یاخود چینایەتی؟**

بەڵێ لەوێ بەشداریم کردوە، لەم یەکەم خۆپیشاندانەوە هەتا ٢٢ی ڕێبەندان ئەمن پێم وانییە یەک خۆپیشاندانم لەکیس چووبێ و تێیدا بەشدار نەبووبێم. کوردستان جیاواز بوو، ئەگەر لە شارەکانی دیکەی ئێران وەک تاران، تەورێز، مەشهەد، ئیسفەهان، قوم، یەزد، ڕەشت و ... دروشمی "نهضت ما حسینیه، رهبر ما خمینیه" یا "استقلال، آزادی، جمهوری اسلامی" دەگوترایەوە؛ ئەمن لە یەک خۆپیشاندانی شاری مەهاباددا هەرگیز یەک دروشمی لەم جۆرەم نەبیستوە. لە ڕاستیدا سەرەتا لە دروشمەکاندا داوای ئازادیی زیندانییە سیاسییەکان دەکرا، دواتر مەسەلەی نان و مەسکەن هاتە ئاراوە و دوایی دروشمەکان بەدژی ڕێژیمی شا ڕادیکاڵتر بوو. ئەوەش بڵێم زۆر جار دروشمەکان چەپی بوون بۆ نموونە "داس و چەکوچ، سەرنێزە مەحکووم دەکا"، "بژی هێزی کرێکار، با بڕووخێ ئیستعمار"؛ ئەمانە ئەو دروشمانە بوون کە لە خۆپیشاندانەکانی کوردستاندا دەگوتراوە. دروشمی ئیسلامی لە هیچ خۆپیشاندانێک نەدراوە، لەم پێوەندییەدا با ئاماژە بە خاڵێکی مێژوویی بکەم، ئێمە زیندانیی سیاسیی ئیسلامیمان لە کوردستان نەبووە؛ زیندانیانی سیاسی کە لە ساڵی ٥٧ لە زیندان بەربوون یا نیشتمانی بوون یا چەپی بوون. هەر خودی ئیسلامی سیاسی بەهۆی ڕەوانشاد "ئەحمەد موفتی‌زادە"وە لە کوردستان لە ساڵەکانی ٥٤ هەتا ٥٦ و بە دامەزرانی مەکتەبی قورئان سەری هەڵدا. ئەحمەد موفتی‌زادە کە بۆخۆی لە سەرەتای ساڵەکانی چل لە زیندان بووە، لەسەر حیزبی دێموکرات کە حیزبێکی نەتەوەییە گیراوە. ئەمن بە بەرپرسایەتییەوە دەڵێم یەک زیندانیی سیاسی کە بیری ئیسلامیی –نەک موسوڵمان بەڵکوو خاوەنی بیرۆکەی ئیسلامی سیاسیی– بووبێ لە کوردستان نەمانبووە. هەموو زیندانییەکان یا نەتەوەیی بوون یا چەپ بوون. تەنانەت گرینگترین ڕۆحانیی شاری مەهاباد مامۆستا شێخ عیزەددین حوسێنی کە لە خۆپیشاندانەکاندا دەوری بەرچاوی هەبوو، ڕۆحانییەکی پێشکەوتوو و سێکۆلار بوو و باوەڕی بە مافی یەکسانیی ژن و پیاو هەبوو و، تەنانەت زۆر جاریش نیسبەتی هۆگری بە بیرۆکەی چەپی لێ دەدرا.

بۆ یەک جاریش لە خۆپیشاندانەکان نە هێرش کرا سەر بار و کازینۆیەک و سینەمایەک، بۆیە دەڵێم شۆڕش لە کوردستان جیاواز بوو. تەنانەت بیژەن جەزەنی لە کتێبی مێژووی سی‌ساڵەی ئێراندا کە لە زیندان نووسی، کاتێک کە باسی هەرای ١٥ی جۆزەردان دەکا، دەڵێ دوورخستنەوەی خومەینی و ئەو هەرایەی لێی کەوتەوە هیچ کاردانەوەیەکی لە کوردستان نەبووە. ئەوە کەسێکە کە پێشگوویییەکی زۆر جوانی هەر لەو کتێبەدا کرد و دەڵێ: "ئەگەر ئێستا دەرفەتێک هەبێ، هەلومەرجێکی ئازاد هەبێ، بتوانن هەڵبژاردنێک بکرێ خومەینی لەگەڵ پێشوازییەکی بێ‌وێنە بەرەوڕوو دەبێ." ئەم وتەیەی هیی شەش-حەوت ساڵ پێش لە سەرکەوتنی ئینقلابە. شایانی باسە لەم پێوەندییەدا کاک هێمن سەیدی چەند ساڵە خەریکی توێژینەوەیەکی وردە لەم بارەوە، تێزی دوکتوراکەشی هەر لەسەر ئەم مژارەیە.

**ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لەم نێوەدا چی بوو؟**

کومیتەی زاگرۆس کە هاتەوە شاری مەهاباد لەوێ کار و بەرپرسایەتییەکانیان دابەش کرد، دوکتور قاسملوو بە ناوی کاک شەریف، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە کە بەرپرسی مەهاباد بوو. بە هاتنەوەی ئەم کومیتەیە دروشمە نەتەوەییەکان ئیدی وردە وردە هاتنە نێو خۆپیشاندانەکانەوە.

دروشمەکان کە پێشتر باسم کرد لەو چوارچێوانەدا بوون، بە هاتنەوەی کومیتەی زاگرۆس دروشمەکان ڕەنگی نەتەوەییان بە خۆیانەوە گرت، سروودی ئەی ڕەقیب دەگوترا، ئەم گۆڕانە ڕووی دا.

ڕاستە چەندین هێزی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر و هێزی سیاسیی دیکەش بەشداری شۆڕش بوون، بەڵام ڕۆڵ و نەقشی ڕۆحانیەتی شێعە و شەخسی خومەینی و جەماوەرێکی زۆری پشتیوانیان بەرچاوتر بوو.

جا بۆیە دەڵێم ئەگەر لە ئێران ئینقلابی ئیسلامی بوو، بەڵام لە کوردستان وانەبوو؛ کوردستان جیاواز بوو؛ کوردستان شۆڕشی نەکرد کە خومەینی و ڕۆحانییەتی شێعە دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، بەڵکوو لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی شۆڕشی کرد.

**سپاس کە لەم وتووێژەدا بەشدار بوون.**

سپاس بۆ ئێوەش.

***

هەگبەی شاخ و شۆڕش

# دالاهۆ، مەیدانێکی نوێ دژی داگیرکەران


برایم چووکەڵی

ئەگەر باسی هەموو لایەنەکانی هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕابردوودا بەوردی وەرد بدەینەوە دەبێ زۆر قووڵ و هەمەلایەنە لاپەڕەکانی قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگە هەڵدەینەوە، بەسەدان و هەزاران عەمەلیات و بەرخۆدان لە مێشک و بیری ئینسان خول دەخۆن و دادەمێنی کام یەک لەوان باس بکەی. کاتێک سەر هەڵدەبڕم و لەهەر گۆشەیەکی ئەم کوردستانە ناوی بەرزی هێزی پێشمەرگە خۆی نیشان دەدا، لە کرماشانەوە تا خۆی وسەڵماس، خەبات وفیداکارییان لە بست بە بستی ئەم کوردستانە نەخشاوە و لاپەڕەکانی زێڕینی حەماسەکانی کوردستانیان پێ ڕازاوەتەوە ، ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ لێدانی باڵی هەڵۆ خۆیان ڕێک دەخست و لە چیا ڕژد و هەڵەموتەکان لەنگەریان دەگرت.

لەنێو هێزەکانی دێموکرات دەنگ و سازی زۆر هێز، لەنێو کوردستاندا دەنگی دەدایەوە. یەک لەوانە کە درەنگیش درووست بوو، هێزی قارەمانی «دالاهۆ» بوو کە لەساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی مەیدانی شەڕی خۆی لە دژی داگیرکەرانی کوردستان ڕێک خست و بۆ دەرپەڕاندنی هێزی داگیرکەر هاتە مەیدان. کاتێک دوژمنی ماڵوێران تەپڵی شەڕی دەست دایە و ویستی خۆی لە مەیدانی هێزی تازە دامەزراوی دێموکرات تاقی بکاتەوە، خۆی لەبەرامبەر کێوی «دالاهـۆ»ی سـەربـەرزدا دیتەوە و لـەو مەڵبەندەش کوڕانی وەک خەلیل خەلەبان و دەیانی دیکە لمبۆزی داگیرکەرانیان لە قوڕ و چڵپاوی ئەو دەڤەرە وەردا.

هەموو کاتێ کە ئاوڕێک بۆ ڕابردووی حەماسەکانی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان دەدەمەوە، خەم و خەفەت هەموو ئـازای لەشی ئینسان دادەگـرێ. خەفەتی نیشتنی تـۆزی فەرامۆشی لە حەماسەی هێزی پێشمەرگە، تۆمار نەکرانی هەموو ڕووپەڕەکانی خەباتی هێزی پێشمەرگە و زۆر جار ونبوونی ناو و بیرەوەریی ئەو قارەمانەتییەی هێزەکانی حیزب خوڵقێنەری ئەو شانازییانە بوون. هەرچی بێ مێژووی جووڵانەوەی کورد لە دەیەکانی ڕابردوودا لە سات بە ساتی ئەو ساتانە و ئەو ڕۆژە سەخت و ناهەموارانە و لەو حەماسە و سەرکەوتنە شیرین و شکستە تاڵ و ناخۆشانە پێک دێ. کەواتە ئەو مێژوویە خۆی بە خۆی قـەرزدارە و ئەگەر لە ڕۆژانی سەختی بەرگریی خوێناوی و چەکداریدا دەرفـەت و دەرەتـان و بوار و ئیمکاناتی تۆمار کردنی ئەو ڕۆژانەمان نەبووە، ئەمڕۆ ئەگەر دەرفەت هەیە نەیان نووسینەوە غەدرێکی گەورەمان لەخۆمان و حیزبەکەمان کـردوە. ئەگەرچی مێشکی ماندوو ناتوانێ بۆ فیداکاری و بوێری هێزی پێشمەرگە لە ڕەستەیەک کەلک وەرگرێ کە بتوانی حەقی خۆیان بەو فیداکاریی و لێهاتووییان بدا. لێرەدا «هەگبەی شاخ و شۆڕش» جێگەی هێزی قارەمانی دالاهۆ دەکاتەوە باس لە فیداکاری ئەو هێزە دەکەین.

پاییزی ١٣٦٤ تەنیا سێ ڕۆژ بوو سەری بەماڵاندا کردبوو کە دەنگوباسی عەمەلیاتی قارەمانانەی ئەو ناوچەی لە هەموو ناوچە دەنگی دایەوە و شادی خستە دڵی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

کوڕانی دێموکرات بەپێی گەڵاڵەی ڕێکوپێکی داڕێـژراو، ئێوارێی ٣ی ڕەزبەری ١٣٦٤ی هەتاوی تەقسیم کار دەکەن و بە بڕیاری فەرماندەری عەمەلیات دەستبەکار دەبن. دەستەیەک لە پارتیزانەکانی دالاهۆ کاتژمێر ١١ی شەو بە شێوەیەکی زیرەکانە لە پایەگای ڕێژیم لە «امام حسن ازگله» لە ناوچەی سەلاسی باوەجانی نزیک دەبنەوە و لەکاتی دیاریکراودا قرمەی چەکی دەستی پێشمەرگە و موشەکی ئارپیجی بێدەنگی شەو دەشکێنێ و تاریک پەرەستان ئەوانەی لە نێو پایەگادا جێگیر بوون بەتەواوی دەکوژێن و پایەگا بەتەواوی ئاگر دەگرێ.

هاوکات بەپێی دەستوری کاری خۆیان دەستەیەکی دیکە لە تێکۆشەرانی دێموکرات پایەگایەکی دیکە کە بـەنـاوی فـەرماندەیی و پێرسینلی لە دەورووبـەری ئەوێ دانرا هێرشیان کردە سـەر و قارەمانانی دێموکرات لەگەڵ یەکەم تەقەی پێشمەرگە سەنگەرەکانی پێشەوەی دوژمنیان دەست بەسەرداگرت و شەڕێکی دەستەویەخە لەنێو پایەگا دەستی پێکرد، ئەوە لەکاتیکدایە کە پایەگای یەکەم بە تەواوی ئاگری گرتوە هیچ چاوەڕوانییەک بۆ یارمەتی نەماوە.

پێشمەرگەی قارەمانی هێزی دالاهۆ لە شەڕێکی حەماسیی ٥ سەعاتەدا توانییان دەسـت بەسـەر پایەگا دابگرن و زیاتر لە ٥٠ کـەس بکوژن، ژمارەیەکی بەر چاو بەدیل بگرن و ژمارەیەکی زۆر چەکوچۆڵ و ماشێن و لۆدێر ئاگر بدەن. خوێنبایی ئەو سەرکەوتنە کادرێکی تێکۆشەر و خەباتگێڕ بە ناوی «موحەبیتوللا مێحرابی»، ئەندامی کۆمیتەی شارستانی دالاهۆ بوو.

پێشمـەرگەکانی هێزی دالاهۆ دوای عەمەلیات لە نیوان «خورنوک» و «امامحسن» تووشی تێک هەڵچوون بوونەوە و لەوێش ژمارەیەکیتر لە هێزەکانی دوژمن کوژران. ڕێژیم هەر بەوەندە نەوەستا کاتێک زانی زەبرێکی کاریگەری خـواردوە لەسەر ڕێگای پێشمەرگەکان لە نێوان پایەگای «امـام حسن» و ئاوایی «کـورەی» کەمینیان نایەوە، بەڵام قارەمانانی دێموکرات هەستیان بە بوونی بۆسەی دوژمن کرد و هەڵۆ ئاسا لە دوژمن ڕاپەڕین و کەمینیان تێک شکاند و بەسەربەرزی ناوچەیان بەجێ هێشت.

عەمەلیاتێکی ئەتۆ لـە ناوچەیەکی وەک دالاهـۆ کاریگەریی زۆری لـەسـەر خەڵک دانـا و خەڵکی نـاوچـەکـەی دڵـخۆش کـرد، و هـەروەهـا ترس و دڵەخورپەی خستە نێو هێزی دوژمن. لەلایەکی دیکەوە شوێنی عەمەلیاتەکە بوو کە هێزێکی زۆری دوژمنی بۆ پشتی بەرەی شەڕی ئێران و عێراقی لێ جێگیر کرابوو، بۆیە دوژمن چاوەڕوانیی ئەوەی نەدەکرد کە قارەمانانی دێموکرات زەبری ئاوا گاریگەری لێ بدا، جیا لەوە خەڵکێکی زۆری ناوچەی دژی جووڵـانـەوەی کورد چەکدار کردبوو. ئەگەرچی هەرسەرکەوتنێک خوێنی کوڕی کوردی پێویست بووە لەو عەمەلیاتەشدا بە خوێنی لاوێکی کورد بە ڕێژیمیان سەلماند دوژمن هەرچەند هێزی ڕەش و زۆرو بۆر لەناوچەدا جێگیری بکا قارەمانانی دێموکرات کە سیمبولی خەبات و تێکۆشانن دەتوانن زەبری خۆیان لەدوژمنی گەلی کورد بوەشێن وسوکنایی بخەنە نێو دڵی خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان.

# پێناسەی شۆڕش و چۆنیەتیی دروستبوونی

شاهۆ مەتین

گەر بمانهەوێ لە مانگی ڕێبەنداندا ئاوڕێک لە شۆڕشی ساڵی ٥٧ و دامەزرانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە، پێویستە جارێکی تر لە مانا و پێناسەی وشەی شۆڕش (انقلاب) بۆ چوونە نێو باسەکە ورد بینەوە.

شـۆڕش لـە بـواری ڕەچـەلـەکناسییەوە بە مانای گۆڕانکاری، وەرچەرخان، سەرەونخوونی و جێگۆڕکێ پێکردن و هەروەها، لە ڕوانگەی سیاسییەوە بە مانای هەوڵ و تێکۆشانی خەڵک بۆ ڕووخاندن و دامەزراندنی حکوومەتێکی نوێ دێ.

هەر بۆیە شۆڕش لە شوێن و کاتێک ئەگەری سەرکەوتنی هەیە کە دۆخـی دووجەمسەری بە سەر کۆمەڵگەدا زاڵ بێ و کارکردی هەبێ، دۆخـێـک کـە تێیدا هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە سیستەمی سیاسیی وڵات جیا بـووەتـەوە و لە بـەرامـبـەریـدا وەسـتـاوەتـەوە .ئـەم کۆمەڵگەیە لەگەڵ پارادۆکسـی هێز ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بە جۆرێک کە سەرەتا ڕەوایی دەسەڵات دەچێتە ژێر پرسیار و مەترسیی لەنێو چوونەوە و، پاشان هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرامبەر سیستەمی سیاسیدا دەوەستنەوە .




پێـنـاسـەی شـۆڕش لـە ڕوانـگـەی "هـانـا ئارێنت"ـەوە ئەوەیە، وشەی ئینقلاب لە ئەسڵدا پێشینەی ئەستێرەناسیی هەیە و لە ڕێگای داهـێـنـانـەکـانـی "کـۆپـێـرنـیـکـەوە" لـە زانستی سروشتیدا شوێن و پێگەی تایبەتی پێدراوە .

لـە سـەدەی 17دا بۆ یەکەمین جار وەک زاراوەیەکی سیاسی و پاشان لە ساڵی 1960ی زایینیدا، پاش ئاڵوگۆڕی سیاسی لە یەکێک لەو وڵاتانە کەلکی سیاسیی لێوەرگیرا. هەر بۆیەش ساموئێل هانتینگتۆن دەڵێ: شۆڕش بریتی لە ئاڵوگۆڕێکی خێرا، ڕیشەیی و توندوتیژانەی نێوخۆیی لـە بـایـەخـەکـان و هێما زاڵـەکـانـی کۆمـەڵگە، دامـەزراوە سیاسییەکان، ساختاری کۆمەڵایەتی، ڕێبەری، چالاکیی حکوومەتی و سیاسەتەکانی نێو وڵاتێکە.

لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیەی هانتینگتۆن، شۆڕش لە لایەک پێوەر و پێوانەی ئینقلابێکی سیاسی/ کۆمەڵایەتی نیشان دەدا و، لە لایەکی تریشەوە ئەم دیاردەیە لە کوودتا، بزووتنەوە و ڕێفۆرم جیا دەکاتەوە.

بە گشتی لـەو پێناسە سیاسی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی کە لەسەر شۆڕش هەیە، دەتوانین شۆڕش بە ئاڵوگۆڕ لە ساختاری سەروەریی حکوومەت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ببینین.

شۆڕشی سیاسی دەتوانێ بەبێ ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی وڵاتێکدا پێک بێنێ بێتە ئـاراوە، بە واتایەکی تر لەم جۆرە لە شۆڕش، ساختاری حکوومەتە کە گۆڕانی بەسەردا دێ نەوەک پێکهاتەی کۆمـەڵایەتی. بەڵام لە شۆڕشی کۆمـەڵایەتیدا ئـاڵوگـۆڕی خێرا و بنەڕەتی لە پێکهاتەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیەک بە ڕاپەڕینی گشتیی خەڵک پێک دێ. هەرچەندە شۆڕشی کۆمەڵایەتی کەمتر ڕوو دەدا، بەڵام بە ڕووداوی گرینگ دەژمێردرێ و کاریگەریی زۆری لـە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا دەبـێ، لـەبـەر ئـەوەی تەنیا لە چوارچێوەی وڵاتێکدا شوێندانەر نین، بەڵکوو بە گشتی دەبێتە هۆی گەشەی هزر و ئەندێشە و مۆدێلەکان و داواکاریی گەورەی نێونەتەوەیی. بە تایبەت ئەگەر ئەم ئاڵوگۆڕە لە وڵاتێک بێتە ئاراوە کە لە بواری ژێئۆپۆلیتیکەوە گرینگ و، لە بواری کولتوورییەوە دەوڵەمەند و لە باری پانتایی ئەرزییەوە گەورە بێ؛ ئەوە کاریگەرتر دەبێ.

بە سەرنجدان بەو گرینگییەی کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی لەسەر پێکهاتەی وڵاتێک هەیەتی، ئێمە بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر دەبێ بارودۆخی کۆمـەڵایـەتـی و بەسـتێنی دەروونـنـاسـانـەی دروستبوونی شۆڕش بناسین.

دیـاره هـۆکـاری جـۆراوجـۆر دەبـێـتـە هـۆی دروستبوونی دۆخی لێکترازان و وەستاندنەوەی خـەڵـک/هـێـزە کۆمەڵایەتییەکان لـە بـەرامـبـەر سیستەمی زاڵدا.

نـاڕەزایـەتـیـی قـووڵ لـە دۆخـی ئـارایـی لە هەموو بوارەکان کە بەستێنی سەرهەڵدان و گەشەی زۆربـەی هۆکارەکانی تر بۆ شۆڕش و ڕاپـەڕیـن دروسـت دەکـا و، دەبـێـتـە هـۆی سەرهەڵدانی ئیدئۆلۆژیی نوێ و جێگرەوەی بـڕوا و ئامانجەکانی پێشوو .خـاوەن ڕایـان پێیان وایـە تا ئەو کاتەی ئیدئۆلۆژیی نوێ و شیاو بۆ سیستەمی حکوومەتی دواڕۆژ لە ئارادا نەبێ، خێرایی ڕوودانـی شـۆڕش بە لەرزۆکی دەمێنێتەوە .

لـەسـەر گرینگیی ئیدئۆلۆژیی "برینتۆن" یەکێک لە بیرمەندانی شۆڕش پێیوایە، هیچ شۆڕشێک بەبێ گەشەی ئەندێشە و ئامانجی نوێ دروست نابێ، چون پێی وایە ئیدئۆلۆژی لە هـەر شۆڕشێک لە چۆنیەتیی سەرکەوتنی ئینقلاب، جـۆری دەسـەڵاتـی نـوێ و قـۆنـاغ و ئاڵوگۆڕەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕش ڕۆڵی بەهێز دەگێڕێ و، لە ڕاستیدا ئاوێنەی نیشاندانی دواڕۆژە.

هـەر بۆیە ئـەو وڵاتـانـەی لە کاتی شۆڕشدا ئامانجێکی دروست و ئاوێتە بە تایبەتمەندیی کولتووریی ئـەو کۆمەڵگەیەیان گەشە پێدا و کردیانە ئیدئۆلۆژیی دواڕۆژی سیستەمی حاکمیەتی خۆیان، خێراتر پـەرە دەستێنێ و ئـیـرادەی جـەمـاوەری بـەدوادا دێ و لە لایەکی تریشەوە ئـەم مۆدێلانە لە شـۆڕش زووتـر لە مۆدێلەکانی دی (بێئیدئۆلۆژی) بە سەرکەوتن دەگەن و پاش دامەزراندنیش بێسەروبەرەیی کەمتر بەرۆکی دەسەڵاتی نوێ دەگرێ .

بە مەبەستی کاریگەریی زیاتر، لایەنەکانی هەڵگری پەیامی شۆڕش دەبێ پەرە بدەن بە ورەی شۆڕشگێڕی و، هەستی بەرهەڵستخوازی لە هەموو سێکتەرەکانی ژیانی جڤاکی دژی سیستەمی سیاسیی زاڵ دروست بکەن. لە وەها دۆخێکدا کە تاکەکان بڕوایان بە خۆیان بێ و، لە بەرامبەر ڕێگە چارەی ڕێفۆرمیستی و سیاسەتی سەرکوتکەرانەی حکوومەت وەستانەوە و، ئەم ورە شۆڕشگێڕانەیە لە نێو هێزەکان، ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگە و نێو جەماوەردا سەری هەڵدا، شۆڕش گڕوتینێکی زیاتر بە خۆیەوە دەگرێ .

بـەڵام نابێ ئـەوەش لەبیر بکەین وەهـا ورە و هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە پێویستی بە تایبەتمەندییە کولتووری و مێژووییەکان، جۆری ئیدئۆلۆژیی شۆڕشگێڕانە و هەروەها دژکردەوە لە بەرامبەر هەڵسوکەوتی حکوومەت بە نیسبەتی خەڵک هەیە؛ کە ئەم تایبەتمەندییانە دەبێ لەبەرچاو بگیردرێن.

دەبێ ئەم ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین کە هەرکام لەم تایبەتمەندییانەش لە ئارادا بن، بەڵام ڕێبەری و دامەزراوەیەکی چاودێر نەبێ، شۆڕش ئەستەمە سەرکەوتن بەدەست بێنێ. لەم ڕووەوە سەرکەوتنی شۆڕش پێویستی بە ڕێبەرییە، هەتا جووڵانەوەیەکی ناڕازی لە دۆخی ئارایی و خاوەنی ئیدئۆلۆژیی دروستە و تاکەکانیشی بە هەستی شۆڕشگێڕانە تەیار بن، بە سەرەنجامی دڵخواز بگەیەنێ.

بـەم پێناسـەیـەی لـە بـواری مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵناسی بۆ شۆڕش کرا، لێرەدا شـرۆڤـەیـەک بۆلـەسـەر کـۆمـاری ئیسلامی دەکەین. ئەم ڕێژیمە لە تەمەنی چل ساڵەی خۆیدا لە بواری نێوخۆیی بەرەو قەیرانێکی قووڵ بووەتەوە. ئەو کولتوور و وێژمانەی لە ساڵی 57ی هەتاویدا توانی ببێتە چەترێکی کۆکەرەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان کە خۆی لە ئیسلامی بوون و عەداڵەتخواز بوون بۆ خەڵک پێناسە دەکرد، تووشی داڕمانی قووڵی مانایی و واتایی هاتوە و خەڵک تێگەیشتوە کە لە سایەی ئەم سیستەمە دیکتاتۆر و پاوانخوازەدا نـاعـەدالـەتـیـی کـۆمـەڵایـەتـی، ئـابـووری و سیاسی لە لووتکەدایە و ئازادییە سیاسی و کولتوورییەکان هەتا ڕادەیەکی زۆر بەرتەسک کراوەتەوە و پێشیان پێ گیراوە.

پـاش سـەرکـەوتنی شـۆڕش و دامـەزرانـی سیستەمی تۆتالیتێری ئاخوندی لە قازانجی نەتەوەی فارسدا بەسەر وڵات و خەڵکی ئێراندا و بە درێژە دان بە شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و عێراق لەژێر ئیدئۆلۆژیی هەناردەی شۆڕش صـدور انـقـلاب بـۆ وڵاتـانـی دیـکـە، بە نـاوی وڵاتێکی شەڕ لێدراو؛ هەر چەشنە فەزایەکی ئازادیخوازانە لە خەڵکی ئێران داخرا.

هەرچەند ڕوانینی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت کورد و کوردستان چون خاوەنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بوو و هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ پرۆژەی خومەینی نەکەوت؛ کەوتە بەر ڕق و فەرمانی جیهادی لەدژ دەرکرا. ئێستا بەشێک لە دیارترین دیارییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان لە پاش چوار دەیە لە دەسەڵاتەکەی ئەمانە بوون؛ میلیتاریزە کردنی کوردستان، ئاسیمیلاسیۆنی ئەم نەتەوەیە، دواخستنی کوردستان لە ڕووی گەشەی ئابوورییەوە، سەپاندنی پەروەردەی ئایینی، سەپاندنی دۆخی ئەمنیەتی، هەوڵی بە شیعە کردنی تاکی کورد و پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی فارس و ...

لە بەستێنی نێودەوڵەتیشدا، ڕێژیم بە هۆی سیاسەتە چەوتەکانی -دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و پێکهێنانی دەستە و تاقمی چەکداری سەربە خۆیان- ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ گوشاری ئابووری، سیاسی و نیزامیی زۆرتر ڕووبەڕوو دەبێتەوە و، ئەم گوشارانەش لە لایەن ڕێژیمەوە بۆ سەر خەڵک دەگوازرێتەوە.

بەم چەشنە سەڕەرای ئەوەیکە لە مەیدانی نێوخۆیی لە هەموو بەستێنەکاندا تووشی قەیران هاتوە و لە دنیای نێودەوڵەتیش لەگەڵ گوشاری هەرە زۆر ڕووبەڕووە .

چون وڵاتی ئێران وڵاتێکی موزاییکییە (فرە نەتەوە، فرە زمان، فرە کولتوورە) و هاوکات ئازادیخوازانی ئێرانی لە هەموو نەتەوەکان لەسەر یەک باوەڕی یەکانگیر بۆ دواڕۆژی ئێران و گەلانی ئێران هاوڕا نین -جیا لە کوردستان کە بۆ دواڕۆژی پاش نەمانی کۆماری ئیسلامی لەسەر (فێدرالیزم) وەک سیستەمێکی وڵامدەر و گونجاو ڕێککەوتوون- لە نێو نەتەوەکانی تر ئەم یەکگرتووییە نییە و، لە لایەکی تر حکوومەتی دیکتاتۆری بە دروست کردنی هەژاریی سیاسی و ئابووری، خەڵکی گەمارۆ داوە و بچووکترین ناڕەزایەتییەکان -لە دەیەی چوارەمی تەمەنیدا لەگەڵ زۆرترین ڕاپەڕینی خەڵک بۆ مافە ڕەواکانیان ڕووبەڕوو بووەتەوە-.

لە بواری دەرەکیشدا پرسی گۆڕینی ڕێژیم لای دوکتورینی وڵاتانی دژبەری ڕێژیمی ئێران هێشتاکەش لەسەر مێزی سیاسەتی دەرەوەیاندا نییە، بەڵام گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم پرس و مەسەلەیە.

***

# زمانی دایکی هەرهەمووی لە خاڵێگەی دایکەوە دەست پێدەکا!



عەلی فەتحی

زمانی دایکی، زیادتر لەو زمانەیە کە فێریبووینە قسەی پێبکەین. زمانێکە پێمان دەڵێ خەڵکی کام شوێن و وڵاتی دیاریکراوین و لێی لەدایکبووینە. زمانی دایکە و لە سەرەتاوە بیستوومانە ئەو قسەی پێدەکا، وەختێک هێشتا لەنێو منداڵانی ئەودا بووینە. زمانێکە، هەر ئەو دایکە دواتر بەخێرهاتنی پێکردووین و هەستە جوانەکانی بەو دەربڕیوە، وەختێک چاومان بە دنیا پشکووتوە.

هەر کۆرپەیەکی ساوا لە منداڵانی دایکدا، بە شێوەیەکی تایبەت گوێی لە دەنگی دایکی دەبێ. ئەو شێوە تایبەتە ناسراوە بە بیستنی «هەناوی». بەواتایەک، ڕاست لەو کاتەدا کە دایک دەخوازێ گوتەیەک بڵێ، پەردەی دیافراگمی کارادەکا بۆوەی دەنگی جۆراوجۆر بخوڵقێنێ، کۆرپە خوو بەو جووڵە جیاوازانەی دیافراگمی دایک دەگرێ. وەختێک لەدایک دەبێ و ڕاستەوخۆ گوێی لە قسەکردنی دایکی دەبێ، تۆنی دەنگی دایک و ڕیتمی ئاخاوتنەکە بۆ زەینی منداڵەکە ئاشنایە و پێشتر لەنێو منداڵاندا لەگەڵی ڕاهاتوە.

وەختێک منداڵ چاوی بە دنیا دەپشکوێ، شێوەی قسەکردنی دایک و باب لەگەڵ ئەو منداڵە تەواو جیاواز و تایبەتە. ئەوان زۆر لەسەرەخۆ و ئارام، زۆر خاوێن و ڕوون، شیرین و تەژی لە خۆشەویستی قسەی لەگەڵ دەکەن و گنی و بۆڵە لە دەربڕینی دەنگی پیتەکاندا بەدی ناکرێ. چونکە دەزانن کەسێک لە بەرامبەریاندا هەیە و گوێی لە قسەی ئەوان گرتوە و ئەویش زارۆکی خۆیانە. هەروەها هەوڵ دەدەن، ئەو منداڵە وشەکان وەرگرێ و لەگەڵیان بیلێتەوە و بە لاساییکردنەوە فێری دەنگی پیتەکان بێ و تۆن و ڕیتم و ئاوازی گوتەکە لە زەینی خۆیدا تۆمار بکا. لێکۆڵینەوەیەک لە دانیشگای واشنگتۆن دەری خستووە کە ئەگەر هەر هەمان قسەکردنی دایکوباب لەگەڵ منداڵ بەشێوەی تۆمارکراوی بۆ منداڵەکە دانێین، شتێکی ئەوتۆی لێفێرنابێ و وەری ناگرێ، تەنانەت ئەگەر دەنگەکە بەشێوەیەکی زۆر تایبەت و پرۆفێشناڵیش تۆمارکرابێ.

کۆرپە ساواکان جیا لە چاوەکان، بەردەوام سەیری زاری دایک دەکەن، چونکە دەنگ لەوێوە دێت. کۆرپەکان سەرنج دەدەن بە جووڵەی لێوەکان و بەرز و نزمکردنی دەنگی دایک لە کاتی گوتنی وشەدا. منداڵ خاوەن هێزێکی لەڕادەبەدەری لاساییکردنەوەی ئەو وشانەیە کە لە زاری دایک دێنەدەر. ئەوەش بەتایبەت دوای پڕکردنی تەمەنی یەک ساڵی دەقەومێ و یەکەم وشەکان لەو تەمەنەدا دەڵێنەوە. کۆرپەکان، هەڵبەت زۆر پێشتر لە دەستپێکردنی ئاخاوتن، لە وشەکان تێدەگەن. وێنەی لەو شێوە قسەکردن و دەربڕینە بۆ ئێمەش دەقەومێ وەختێک سەرقاڵی فێربوونی زمانێکی بیانی دەبین. ئێمەش لە سەرەتادا لە زمانەکە تێدەگەین، بەڵام لە ئاخاوتندا گرفتمان هەیە.

هەموو دایکێک کاتی قسەکردن لەگەڵ کۆرپەکەی، شێوازێکی تایبەتی ڕوون و ناسک و شیرین دەکار دەکا و بەواتایەک بە زمانێکی منداڵانە دەدوێ کە لەگەڵ ڕوحی کۆرپەکە بگونجێ. ئەو تایبەتمەندییانە لە زمانەکاندا جیاوازن. بۆ وێنە دەتوانین جیاوازی ئاخاوتن و لاواندنەوە و لایەلایەی دایکانی ئاڵمانی و کوردی بە ئاشکرا ببینین. هەڵبەت، بە گریانی منداڵانی تازەلەدایکبووش دەتوانین جیاوازی زمانی دایکی منداڵەکان ببینین. منداڵان خۆیشیان لە تەمەنی ١٢ مانگیدا بەئاشکرا هەست بە جیاوازی زمانەکانیتر لەگەڵ زمانی دایکی خۆیان دەکەن.

هەمووی ئەو باسەمان تا ئێستا لەبەر ئەوە بوو کە بڵێین «زمانی دایکی»، وەکوو دەستەواژەیەک چەندە گرینگ و بەنرخە. ئاخر گوتمان کە زمانێکە کۆرپە لە زگی دایکییەوە خووی پێدەگرێ و کاتێک چاویشی بە دنیا دەپشکوێ، هەر بەو زمانە لە جیهانی دەوروبەری خۆی تێدەگا. دەستەواژەی «زمانی دایکی» بۆ یەکەمجار لە سەدەی ٦ی زایینییەوە لەلایەن ڕاهیبەکانی کلیسای «گۆرزە» هاتەگۆڕێ. ئەوانە ڕاهیبەکانی کلیسای ڕۆمانی «کلۆنی»یان ناچارکرد ئیزنیان پێبدەن لە خوتبەکانیاندا کەڵک لە زاراوەی فرانسی وەرگرن. بەپێی زانیارییەکان، ئەوەندەمان لێ ڕوونە کە ژنانی دەڤەری «گۆرزە» بە زاراوەی تایبەتی خۆیان قسەیان کردووە و پیاوەکانیان ڕوویان لە فێربوونی دیالێکتی ڕۆمانی کردووە کە زمانی ئاخاوتنی کلیسا بووە.




ئەگەر قبوڵی ئەو خاڵە بنەڕەتییە بکەین کە زمان هەرتەنیا ئامرازی پەیوەندی گرتن نییە، بەڵکوو ئاوێنەی بیر و هزر و دەرخەری دنیای هەست و سۆزیشمانە، ئەوسا تێدەگەین کە وەختێک قسە دەکەین، بەڕاستی کێین. وەک کسێنۆس و تێئایتیتۆس، فیلسۆفە ئیفلاتوونییەکان دەڵێن: زمان و فکر یەک شتن. کسێنۆس دەڵێ: گوتە و فکر یەک شتن، تەنیا جیاوازییان لەوەدا کە فکر دیالۆگێکی دەروونی مرۆڤە لەگەڵ ڕوح، بێ ئەوەی هاتبێتە سەر زار و دەنگی لێوە هاتبێ.

زمانی دایکی ئەگەر زمانی ئاخاوتنە، ئەگەر ئامرازی پەیوەندی گرتنە و بە یارمەتیی ئەو دەتوانین بەیانی هەستە ڕوحییەکانی خۆمان بکەین، لە هەمان کاتیشدا وەکوو پێناسێکی نەتەوەیی مرۆڤ سەیردەکرێت. گرینگی تایبەتی پێ دەدرێ چونکە نەخشی بنەڕەتی لە گەشە و پەروەردەی منداڵدا هەیە. وڵاتانی پێشکەوتوو، یەک لەوان سوئێد، بەپێی ئاکامی لێکۆڵینەوەکان، ساڵانێکە بەو قەناعەتە گەیشتوە کە دەبێ ئیمکاناتی تەواو بۆ پەروەردەی منداڵە بیانییەکان تەرخان بکا بۆوەی بتوانن باشتر و زانستیانەتر ڕابێن و زمانی دایکیی ئەو منداڵانەش پێپلەکانی مەحکەمی سەرکەوتنیانە لە کۆمەڵگای سوئێددا.

زمانی دایکی ئەگەر بە ناوی دووهەمی پێناسە بکرێت، «زمانی نەتەوەیی» باشترین و گونجاوترین پێناسەیە بۆی. چونکە گرینگترین ئامرازی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە، ئامرازێک کە دەتوانێ بەیانی فەلسەفەی تایبەتی ژیانی هەر تاکێک لە کۆمەڵگەدا بکا. زمان بنیاتێکی کۆمەڵایەییە و فەلسەفە و شێواز و ئەخلاقی تایبەتی ژیانی کۆمەڵگەی پاراستوە و بەیانی دەکا. گشت ئەزموونەکان، بەها و ئەرزیشەکان، بیروبۆچوون و فکرەکان، هەرهەمووی ئەوانەی بەدرێژایی مێژوو لە کۆمەڵگەیەکدا پەسند کراون و ملکی نەتەوەیەکن و، لە زمانی ئەو نەتەوەیەدا تۆمارکراون. تەواوی ئەوانەش بە یارمەتیی ڕێزمان، مۆرفۆلۆژی و شێواز، وشە و مانا و ئیستعارە و چەمک و مەبەست مێژووی کلتووری سیاسی نەتەوەکە پێک دێنن.

زمانی دایکی هەروەک گوتمان دنیای ئەو نەتەوەیەیە، هەر چی لەباری فەرهەنگییەوە دەوڵەمەندتر بێ، لە زانست و پەروەردەدا پێشکەوتووتر بێ، خاوەن دەوڵەت و ئابووری سەربەخۆی بەهێزتر بێ، زمانەکەشی دەوڵەمەندتر، زیندووتر و قابیلتر دەبێ. ئاڵفۆنس دوودە، نووسەری فەڕانسەوی ڕستەیەکی زۆر جوانی هەیە و دەڵێ: «هەر نەتەوەیەک زمانی دایکیی خۆی فەرامۆش بکا، ڕاست وەکوو ئەوە وایە یەخسیرێکی زیندانی کلیلی ژووری زیندانەکەی ونکردبێ.»

ئێمە ئێستا کە لە مانا و گرینگی زمانی دایکی وەکوو زمانی نەتەوەیی تێگەیشتین، بەدڵنیاییشەوە دەبێ هەست بە مەترسی کزکردن و پاشگوێ خستن و لەپەراوێز هاویشتن و فەوتاندنی زمانەکەمان لەلایەن نەفام و نەیاران بکەین. زمانی کوردیمان، ئاوێنەی باڵانوێنی شارستانیەتی ئێمەیە و مەرگی ئەو نەک بە مانای مەرگی گۆشەیەک لە شارستانییەتی جیهانە، بەڵکوو فەوتان و توانەوەی نەتەوەکەشمانە. هەموو زمانەکانی دنیا لە بەرامبەر مەترسیدان، ئەگەر بەشێوەی کردەیی دەکارنەکرێن و نەپارێزرێن. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی یۆنسکۆ کە دەڵێ ٦٥٠٠ زمان لە دنیا هەیە و نیوەیان مەترسی فەوتانیان لەسەرە و لەگەڵ ئەو تێداچوونەش جیهانێک لە کەلتوور و شارستانییەت و میراتی فەرهەنگی و فکری دەفەوتێ. تەنیا لە ٣٠٠ ساڵی دواییدا، ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەر لە زمانەکان بەتایبەتی لە ئوسترالیا و ئامریکای لاتین فەوتاون و نەماون. هەر بەپێی ئامارەکانی یۆنسکۆ، لە ئێرانی بەڵا و مەلا لێدراودا، بیست و چوار زمان مەترسی فەرامۆشی و فەوتانیان لەسەرە، دوو زمان هەر بە تەواوی تێداچوونە و پێنج زمانیش کەس قسەیان پێ ناکا. لەخۆڕا نییە ڕێکخراوی یۆنسکۆ ڕۆژی ٢١ فێوریەی وەکوو ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی بەشێوەی سیمبۆلیک پەسند و دیاریکردوە. ئەو دەخوازێ گشت ساڵێک لەو ڕۆژەدا، هەم بیروڕای جیهانی وشیار بکاتەوە هەم خەڵک و دەوڵەتان هانبدا بەمەبەستی پاراستنی زمانەکانی دنیا ڕێوشوێنی پێویست و خێرا و گونجاو بگرنەبەر. یۆنسکۆ هەوڵ دەدا پێش بە فەوتانی کولتوور و شارستانییەتی میللەتانی بێدەرەتان بگرێ، چونکە باش دەزانێ مەترسیی تێداچوونیان لەسەرە.

دیاریکردنی ڕۆژی ٢١ی فێوریە لەلایەن یۆنسکۆوە هەروا لەخۆڕا نەبووە. ئەو ڕۆژە پێشینەیەکی مێژوویی خوێناوی هەیە. لەو ڕۆژەدا خوێندکارانی دانیشگاکانی شاری داکای پێتەختی بەنگلادێشی ئەمڕۆ کە ئەو سەردەم هێشتا سەربەخۆیی دەستەبەر نەکردبوو و بەناوی پاکستانی ڕۆژهەڵات دەناسرا ڕێپێوانیان ڕێک خستوە. خوێندکارەکانی دانیشگای داکا و دانیشگای پزیشکی بەتایبەت نەخشی بنەڕەتییان هەبووە. ئەوانە داوایان کردوە زمانی دایکی (بنگالی) وەکوو زمانی دووهەم لەتەنیشت زمانی ئۆردوو بخوێندرێ. مەخابن پۆلیس دەستدرێژی لێکردوون و ژمارەیەکی زۆری لەو خوێندکارانە کوشتوە. دواتر کە بەنگلادش سەربەخۆیی دەستەبەرکرد، داوا لە ڕێکخراوی یۆنسکۆ کرا بەیادی ڕێزگرتن لەو قوربانییانە ئەو ڕۆژە وەکوو ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی دیاری بکا. یۆنسکۆ لە ١٧ی نوامبری ساڵی ١٩٩٩دا ڕۆژی ٢١ی فێوریەی پەسندکرد و لەوساوە ئیدی ئەو ڕۆژە هەموو ساڵێک ڕێزی لێ دەگیرێ.

دوایین وتەمان لەو بارەوە، دەبێ بڵێین کە زمانی دایکی شێوەی ڕەنگی چاو، قەوارەی کەپۆ، چۆنیەتی و هێمای برۆ و گەلێک تایبەتمەندی عەینی و زێهنی مرۆڤن و ئێمە خۆمان لە دیاریکردن و هەڵبژاردنیاندا نەخشمان نەبووە و بوونەتە بەشێک لە پێناسەی ئێمە. بۆیە لەهەر جێگایەک بژین، یا بۆ هەر شوێنێ سەفەر بکەین، پێویستە لەگەڵ منداڵەکانمان بە زمانی دایکی بدوێین و ئەوان هان بدەین و فێریان بکەین زمانی دایکی بەچاکی فێربن و لێیتێبگەن. دەبێ یارمەتیان بدەین و بەردەوام داستان و شێعریان بۆ بخوێننەوە و باسی کولتوور و شارستانیەتی خۆمانیان بۆ بکەین و هەوڵبدەین گوێیان بە مۆسیقا و چاویان بە فیلم و ڕوحیان بە شانازی و سەرکەوتنەکانی نەتەوەیی خۆمان ئاشنا بکەین.




# چەمک و بنەماکانی مافی مرۆڤ



شارۆخ حەسەنزادە

چەمکی مافی مرۆڤ (human rights) پرسێکی هەتا ڕادەیەک نوێیە و دوای شەڕی جیهانیی دووهەم و دامەزرانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هاتووەتە نێو وێژمانی ڕۆژانەمان. ئەم تێرمە بۆتە جێگرەوەی دەستەواژە و چەمکی «مافی سروشتی» و «مافی ئینسانی» کە ڕابردوویەکی زۆرتریان هەیە. بەڵام دەگەڵ نوێ بوونی ئەم کانسێپتە، پرسی مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی جیهانیدا بەرز بۆتەوە و حکوومەتەکان، ڕێکخراوە دەوڵەتی و ناحکوومییەکانی بە خۆوە سەرقاڵ کردوە؛ بە جۆرێک ئێستا مرۆڤەکان هاتوونەتە سەر ئەم باوەڕە کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و حکوومەتەکانیش دەبێ پارێزەری ئەو مافانە بن و هاوکار و یارمەتیدەریان بن بۆ وەدەستهێنانی سەرجەم ماف و داخوازییەکانیان. کەوابوو ئەمڕۆکە بابەتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە سنووری پێوەندیی نێوان دەستەڵاتداران و شارۆمەندان تێپەڕیوە و، بۆتە بابەتێکی نێودەوڵەتی. لە ڕاستیدا نیزامی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ، دەسەڵاتی دەوڵەتانی بە کۆمەڵێک پەیماننامەی چەند لایەنە، لە بواری سیاسی و حقووقییەوە بەرتەسک کردۆتەوە و بۆتە یەکێک لە خاڵە بەهێزە کاریگەرەکان لەسەر ئاشتی و تەناهیی نێودەوڵەتی.

لە ئەساسدا یەکەم پرسیارێک کە دەبێ بەرسڤی بدرێتەوە ئەمەیە کە مافی مرۆڤ چییە و بە چ مانایەکە؟ سەرەتا بۆ وڵام دانەوەی ئەم پرسیارە، مانای ماف (حق) ڕوون دەکەینەوە و دواتر لایەنە ڕەوشتی و ئاکارییەکەی تاوتوێ دەکەین هەتا دواجار مانا و پێناسەی مافەکانی مرۆڤمان بۆ ڕوون ببێتەوە،

**چەمکی ماف:**

باشترین شرۆڤە بۆ چەمکی ماف کە پێوەندییەکی نزیکی لەتەک مافی مرۆڤدا هەیە، ئەم شیکراوەی «هۆفیلد»ە. بە پێی بۆچوونی ناوبراو، کاتێک کە دەڵێین کەسێک بە نیسبەت تشتێک مافێکی هەیە لە چوار شێوە بەدەر نییە:

١. بەو مانایەیە کە ئەویتر ئەرکدارە ئەو شتەی کە بە قازانجی ئەوە بیکات؛ بۆ میناک لە ماڵەوەی بچتە دەرەوە. ئەم جۆرە لە ماف، تاک؛ مافی داواکاری لە ئەویتر هەیە و ئەوکەسەی تریش دەبێ ئەو مافەی پێبدا و بە ڕەوای بزانێ.

٢. بە مانای مافی ئازادیی ئەو کەسەیە. بە پێی ئەم مافە، تاک دەتوانێ کارێک بکا یا نەیکا و ئەویتر هیچ ئەرکێکی لە بەرامبەر ئەودا نییە، بۆ میناک دەتوانێ بۆ هەر کوێیەک بخوازێ بڕوا و سەفەر بکا، ئەو بۆ ئەم شێوە لە کردەوانە ئازاد و موختارە، ئەم جۆرە لە ماف، بە مافی ئازادی ناسراوە.

٣. دەسەڵاتی بەسەر پێگەی حقووقیی خۆی هەیە و لە بەرامبەر ئەم مافە، جێگای حقووقیی ئەوانیتر لە بەرامبەر ئەو دەگۆڕدرێن، بۆ میناک دەتوانێ دسەڵاتی بەسەر ملک و ماڵی خۆیدا هەبێ، بۆ وێنە بە وەسیەتێک ئەو جۆرەی کە بۆخۆی دەخوازێ ماڵی خۆی دابەش بکا و ئەم جۆرە مافە، بە مافی دەسەڵات ناسراوە.

٤. بە مانای پاراستنێکە کە، کەس بە نیسبەت تشتێک هەیەتی؛ واتا ئەوانیتر ناتوانن دەست لە بڕیاراتی ئەو وەربدەن، بۆ میناک تاک دەتوانێ چ حیزبێکی پێی خۆشە تێیدا ئەندام بێ.

بە ڕوانینێکی تر بە پێی ئەم شیکارییە واژەی «ماف» دەلالەت لەسەر چوار جۆر پێوەندیی ماف دەکا و لە چوار کەوشەنی جۆربەجۆری ماف بەکار دەبرێ: «داواکاری، ئازادی، دەسەڵات و پاراستن». لە ژێرەوە بە مەبەستی زانیاریی وردتر دەگەڵ ئەم چوار لایەنە مافییە، هەرکام بە جیا کورتەیەکی لێ باس دەکەین.

**مافی داواکاری:**

وای دابنێن کە ئێوە کتێبێکتان بە عەلی فرۆشتوە، بەو پێیە عەلی دەبێ بڕە پووڵێکتان بداتێ، ئێوە دەتوانن داوای ئەو بڕە پووڵە لە ئەحمەد بکەن و ئەویش لە بەرامبەر ئێوەدا دەبێ ئەو پارەیە بدا. لەم پێوەندییە مافییەدا ئێوە لەسەر حەقن و هەوێتیی ئەم مافەش داواکارییە.

لەم بوارەدا خاڵی جێسەرنج ئەوەیە کە ئەو مافە داواکارییانە، هەمیشە لەتەک ئەرکێکدا هاوڕێیە بەو مانایە کە چونکە ئەم مۆدێلە لە ماف، لە ڕاستیدا بانگەشەی بۆ ئەویترە کە بەو پێیە، ئەویتر یا هەمەن ئەو کەسە کە ئەو مافەی لەسەر شانە (بەڵێندەر)، ئەرکدارە کە ئەو مافە بەڕێوە بەرێ.

**مافی ئازادی، مافی هەڤیازی (ئیمتیاز):**

ڕەنگبێ نیزامێکی حقوقی هەندێک پوان یا ئازادیگەلێکی تایبەت بداتە تاکەکان؛ بەم جۆرە کە تاک لەو بەڵێنی و قەرارە تایبەتەی کە دەکرێ ئاراستەی ئەو بکرێ، لێی خۆش بێ، عەفوو بکرێ. بۆ میناک بەشێک لە سیستەمە حقووقییەکان ئەو کەسەی کە لە ڕەوتی مەحکەمەدا دەتوانێ بەدژی هاوسەرەکەی شایەدی بدا، عەفوو دەکا. لە ڕاستیدا ئەم مافە بە مانای ئازاد بوون لە بەڵێنی و ئەرکە کە دەتوانرا بەرەوڕووی ببێتەوە، بەڵام یاسادانەر ئازاد و موختاری کردوە و هیچ ئەرکێکی لەسەر شان دانەناوە.

***

* **لە بڵاوکردنەوەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 768 19 Februray 2020

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 53.0° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508483312
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## سمیناری یادی شەهید دوکتور قاسملوو لە سێنای فەڕانسە




ئەنستیتۆی کورد لە فەڕانسە ڕۆژی دوشەممە ٢٧ی ڕێبەندان بە مەبەستی ڕێزگرتن لە یادی ڕێبەری ناودار و زانای کورد دوکتور قاسملوو سمیناریکی لە یەکێک لە هۆڵەکانی مەجلیسی سێنای فەرانسە پێک هێنا.

لەو سمینارەدا فیلمێک لەسەر مێژووی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕۆڵی د. قاسملوو لە بووژاندنەوەی حیزبی دێموکرات پیشان درا. لە برگەکانی دیگەی سمینارەکەدا مینا قاسملوو کچی دوکتور قاسملوو؛ مامۆستا عبدوڵڵا حەسەنزادە؛ دوکتور حەسەن شەتەوی؛ ئەمیر قازی؛ عەدنان موفتی؛ عەبدوڵڵا موهتەدی؛ مەلا محەممەد جوانڕۆیی؛ عەبدوڵڵا عیزەتپوور؛ عەزیز ماملێ؛ حەسەن شەرەفی؛ مەسعود تەک؛ خوسرەو عەبدوڵڵاهی؛ فاتۆس گۆنەی، خێزانی یەلماز گۆنەی؛ ئەحمەد ئەسکەندەری؛ هیدایەت مەتین دەفتەری، ڕەزا دیقەتی؛ عەبدولکەریم لاهیجی و چەند کەسایەتییەکی دی لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی کەسایەتیی دوکتور قاسملوو باس و وتاریان پێشکێش کرد.

لەو سمینارەدا چەند کەسایەتییەکی بیانیی وەک ئالێن شانێل، ژێرار شالیان، بێرنار کووشنێر، جاناتان ڕاندال، مارک کرۆڤێتز، ئالێن فرۆشۆن، کارۆل پرۆنهۆبێر، دوکتور فلۆرانس وێبێر و چەند کەسایەتیی دیکەش لەسەر ڕۆڵ و کەسایەتیی د. قاسملوو لە ناساندنی پرسی کورد بە دنیای دەرەوە و خەبات و تێکۆشانی ئەو بۆ ئازادی و دێموکراسی قسەیان کرد.

## خەڵاتی ماملێ بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بە محەممەدڕەزا دارابی درا



خەڵاتی مەڵبەندی هونەریی ماملێ بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بە هونەرمەند محەممەدڕەزا دارابی بەخشرا. لە ڕێوڕەسمێکدا کە شەوی ٢٥ی ڕێبەندان لە تاران بەڕێوەچوو، ئەندامانی بنەماڵەی ماملێ بە نوێنەرایەتی لەلایەن مەڵبەندی هونەریی ماملێ‌وە، ئەم خەڵاتەیان پێشکەش بە هونەرمەندی کرماشانی، «محەممەدڕەزا دارابی» کرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا، ناسر ڕەزازی، گەورە هونەرمەندی کورد، بە کورتە ڤیدیۆیەک بەشداریی تێدا کرد و لەوحی ڕێزلێنانی «ڕەزازی»ـش پێشکەش بەو هونەرمەندە کرا.

خەڵاتی زێڕینی ماملێ، وەک هێمایەکی ڕێزلێنان لە هونەرمەندانی کورد، ماوەی ١١ ساڵە بەردەوامە و لەلایەن «مەڵبەندی هونەریی ماملێ»وە ساڵانە پێشکەش بەو هونەرمەندە ماندوو و تێکۆشەرانە دەکرێ کە لە خزمەتی هونەریی کوردیدا تێکۆشاون و گەشەیان پێ بەخشیوە.

قادر عەبدوڵڵازادە ناسراو بە «قالە مەڕە» ، «ئەندریۆس ئیسرائیل خەمۆ» ناسراو بە «باکووری، عەباس کەمەندی، عەزیز شارۆخ، حوسێن سەفایی‌مەنش چەند هونەرمەندێکی دیکەن کە تا ئێستا خەڵاتی ئەو مەڵبەندەیان پێ دراوە.

## کۆنفڕانسی «شێعری نالی، شێوە و ناوەڕۆک» لە مەهاباد




ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٤ی ڕێبەندان، بنکەی فەرهەنگی ئەدەبیی موکریانی مەهاباد، لە درێژەی کار و چالاکییەکانی خۆیدا کۆنفڕانسێکی لەژێر ناوی «شێعری نالی، شێوە و ناوەڕۆک» بەڕێوە برد.

ئەو کۆنفڕانسە ئێوارەی ڕۆژی ٢٤ی ڕێبەندان، لە ساڵۆنی «ئامفی تەئاتر»ی شاری مەهابد دەستی پێکرد و پاش چەند کاتژمێر کاری بەردەوام کۆتایی پێهات.

لەو کۆنفڕانسەدا عەزیز ئاڵی و کۆمەڵێک لە شاعیر و کەسایەتییە ئەدەبییەکانی کوردستان باس و کوردستانییەکان باس و وتاریان پێشکێش کرد.

## کۆچی دوایی هونەرمەند جەعفەر ماملێ



هونەرمەند جەعفەر مامل ڕۆژی دووشەممە، ٢٨ی ڕێبەندان لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد.

جەعفەر ماملێ بچووکترین کوڕی سەعید ماملێ، لە ساڵی ١٣١٩ هەتاوی لە شاری مەهاباد لەدایک بووە. لە سەرەتای منداڵییەوە باوکی کۆچی دوایی کردوە. براکانی هەوڵ دەدەن تا ئەو جێیەی بۆیان بلوێ لە نازی باوکانە بێبەش نەبێ و کەلێنی گەورەی بێباوکی بۆ پڕ بکەنەوە.

دۆخی نالەباری ژیانی ئەو بنەماڵەیە وا لە هونەرمەند جەعفەر ماملێ دەکا کە پۆلەکانی سەرەتایی خوێندنگە جێ بهێڵێت و کار بکا، تا بتوانن یاریدەدەر بێت بۆ وەدەستهێنانی بژێوی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی.

جەعفەر ماملێ برای هونەرمەندی گەورەی کورد و ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، نەمر محەممەدی ماملێ بوو. بنەماڵەی ماملێ، بنەماڵەیەکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و جێگەی ڕێزی خەڵکی کوردن و لە هەر بوارێکەوە کە بۆیان لوابێ خزمەتیان بە کورد و کوردستان کردووە و بە تایبەت لە بواری هونەریدا خزمەتێکی بەرچاویان بە فەرهەنگی کورد کردوە.

### بەر لە ماڵاوایی

# گرینگیی هەڵبژاردنەکان بۆ ڕێژیم لەنێوان پێگەی مەجلیس و چەندی و چۆنیی بەشداریی خەڵکدا


عەلی بداغی

دوو ڕۆژی دی و جارێکی دی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە ئێراندا بەڕێوە دەچن. ئەو هەڵبژاردنانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا پتر لەوەی خەمی پێکهاتەکەی بێ، نیگەرانی بەشداریی خەڵکە لە پرۆسەی دەنگدانەکەدا. ئەو هەڵبژاردنانەی بە هەموو ڕێگە و ئامرازێکەوە خەڵکیان بۆ ڕەکێشی سندووقەکانی دەنگدان دەکەن، بەڵام ئەوانەی دەبێ دەنگیان بدرێتێ لە پێشدا دەنگی خۆیان لە لایەن دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەوە وەرگرتوە و دەنگی خەڵک تەنیا لایەنە ڕوتووش‌کردنی پرۆسەکەیە؛ بەڵام ئەمجارەیان زۆری و کەمیی دەنگدەران بۆ ڕێژیم باری حەیسییەتیی هەیە. لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک‌کۆماریشدا خۆ ئەگەر لە هەموو ئەو مەهەندیسی‌کردن و فرت و فێڵانە و تەنانەت دزیی چەند میلیونیی دەنگەکانی خەڵک بە قازانجی کەسی مەبەستی ڕێبەری _ئەحمەدی‌نژاد لە هەلبژاردنەکانی خولی دەهەمی سەرۆک‌کۆماری/ ١٣٨٨ی هەتاوی_ بگوزرێین؛ ئەوە خامنەیی وەک کەسی یەکەمی نیزامی سیاسییە کە دەبێ جەنابی سەرۆک‌کۆمار لە شوێنی خۆی دابنێ و بۆمان ڕوون بێتەوە کە هەڵبژاردن و دەنگی خەڵک پووڵێکی قەڵب ناهێنێ.

بەڵام هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە دیارە مەبەست تەنیا بەشی بەشداریی خەڵک لە دەنگدان، نەک مهەندیسی ڕەوت و ئاکامەکانی هەڵبژاردن لەبەرچی بۆ ڕێژیم گرینگە؟ بۆچی خامنەیی بە ئەرکی موسوڵمانێتیی دادەنێ و ڕوحانی لەبەر خەڵکی دەپاڕێتەوە؟ وەڵامەکەی ڕوون و ئاشکرایە کە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا ئەوەی تۆسقاڵە ئابڕوویەکی نەبووی بۆ کۆماری ئیسلامیی لە لای بیروڕای گشتیی جیهان دروست دەکرد، پیشاندانی ئەو سەتا چەندە لە خەڵکی وڵات بووە لە هێنانە سەر شەقام لە بۆنە حکومەتییەکان و لە هەڵبژاردنە مهەندیسی کراوەکاندا. بەڵام نیزامی سیاسی باشتر لە هەموو کەس و لایەنێک دەزانێ کە ئیدی ناتوانێ خاوەنێتیی بەدرۆش لەم ئابڕووە نەبووەی بکا. ئەمەش کاتێک پتر دەردەکەوێ کە هەواڵدەریی فارس، میدیای نیزیک لە سپای پاسداران ئاکامی ڕاپرسییەکی دامەزراوەی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی تارانی بڵاو کردۆتەوە کە تێیدا هاتوە سەتا ٢٥ خەڵکی ئێران لەم هەڵبژاردنانەدا دەنگ دەدەن. هەر بۆیە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان وەک چۆن پێشتر نموونەکەی لە ڤێنێزۆلا بیندرا، یەکێک لە میکانیزمە کارامەکانی سڕینەوەی ڕەواییەت لە دەسەڵاتێکی گەندەڵ و سەرکوتگەر و دیکتاتۆرییە و دەتوانێ وەک پاڕامێترێک لە ڕاکێشانی پشتیوانیی کۆمەڵگەی جیهانی لە بەرژەوەندەیی خەڵکدا دەور ببینێ.

هۆکارەکانی پشت‌تێکردنی خەڵک لە سندووقەکانی دەنگدان چی بێهیوایی ئەوان لە نیزامی سیاسیی وڵات بێ، یان ناکارامەیی مەجلیس لە پێکهاتەی دەسەڵاتی وڵات و، چ لێکەوتەی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە؛ بەرهەمی عەقڵییەتێکی گشتیگرە کە مەجلیس خۆی دەرەنجامی ڕانت و گەندەڵی حکومەتی و هەڵاواردنە. لەم سۆنگەیەشەوە هەرچەشنە دەنگدانێک بەوانەی دوای قەڵتوبڕی هەزاران پالێوراو بە پاکراوی خراونەتە بەر دەمی خەڵکی دەنگدەر، خۆی دەنگدان بەو حەقکوژی و هەڵاواردنەیە.

ئەم عەقڵییەت و تێگەیشتنە ڕێگە نادا هیوا لەسەر هەڵبژاردن و پرۆسەی بەشدارییەک هەڵبچندرێ کە هەڵبژێراوانی پرۆسەکە پێشتر لە چوارچێوەی نیزارەتی ئیستسوابیی شووڕای نیگابان و لە پاڵوێنەی چەند لایەی وەزارەتی نێوخۆ، سپای پاسداران، وەزارەتی ئیتلاعات و هێزە ئینتیزامییەکان دراون.

هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە کاتێکدا بەڕێوە دەچن کە بەشداریی زۆر کەمی خەڵک لە ڕێوڕەسمی حکومەتیی ٢٢ی ڕێبەندان، ٤١ ساڵەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران سێبەری قورسی خۆی بەسەر چەندی‌وچۆنیی بەشداریی خەڵک ئەمجارەیان لە دەنگدانەکەی ٢ی ڕەشەمەدا بڵاو کردۆتەوە.

بارودۆخی کارەساتباری ژیان و بژێوی خەڵک، قووڵبوونەوە و کەڵەکەبوونی قەیرانەکان لەسەر یەکتری، سەرکوتی خوێناویی خەڵک لە نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەر، بەردانەوەی فڕۆکە نەفەرهەڵگرەکەی ئۆکراین لەلایەن سپای پاسداران و درۆ و چەواشەکارییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ هەڵخەڵەتاندنی بیروڕای گشتی زیاتر لە هەر کاتێک دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی لە نێوخۆ و لەلای خەڵک بێ‌متمانە و، لە دەرەوەی و لای وڵاتان بێ‌ئیعتبار کردوە.

هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکان کۆبوونەوەی کارگرووپی تایبەتیی (FATF) لە حەوتووی داهاتوودا دەگیرێ و دوادەرفەتی ئێران بۆ جێبەجێکردنی کۆنڤانسیۆنی «پالێرمۆ» و بەربەرەکانی لەگەڵ تێرۆریزم کۆتایی دێ و وێناچێ کۆماری ئیسلامی بتوانێ لەم ماوە کەمەدا ئیمزایان بکا و هەنگاوەکانی خۆی لەگەڵ ویستی کۆمەڵگەی جیهانی ڕێک بخا. بۆیە تەنیا شتێک کە کۆماری ئیسلامی بەدەستیەوە ماوە ئەوەیە بەشداری و دەنگدانی خەڵک بکاتە کارتێک بۆ متمانەی خەڵک لە نێوخۆ و، بۆ چوونە شەڕ و بەربەرەکانیی کۆمەڵگەی جیهانی لە دەرەوەی سنوورەکانیدا. لێرەدایە کە خەڵک جارێکی دی چەکی سپی بۆ ئەم ڕێژیمە ئیمزا ناکەنەوە.

ئەوەی خەڵک ئێستا پتر لە هەموو کاتێک دەیزانن ئەمەیە کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا قەت هەڵبژاردن بەو مانا باوەی لە نیزام و کۆمەڵگە دێموکراتیکەکاندا پێناسە دەکرێ، لە ئێراندا نەبووە و لە قامووسی کۆماری ئیسلامیشدا جێی نابێتەوە. لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەڵبژاردنەکان نە ئازاد بوون و نە دێموکراتیک. خەڵک بە عام مافی هەڵبژاردنیان بووە، بەڵام مافی هەڵبژێران تەنیا بە کەمایەتییەکی زۆر بچووک دراوە. لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا حیزبە سیاسییەکانی ڕەخنەگری حکومەت و ئۆپۆزیسیونی مافخواز سەرکوت کراون و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دۆزەخێکی گەورەی لە ئێران بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە دروست کردوە.

خەڵکی ئێران وەک لە ڕابردوودا نیشانیان داوە ئامادەن باجی دەربازبوون لەو دۆزەخە بدەن و بێگومان بایکۆتی هەلبژاردنەکان دەکەنە دەسکەوتێکی دی لە خەباتی مافخوازانەیان بەدژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.